ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێك، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارەی ٤٦ی ئازار ٢٠٢٣ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.46.March2023


# پێشنیاری یادنامە بۆ یادی بۆنەکانی بەهار

**یادنامە**

لە یادەکانی ڕاپەڕیندا هەموو دەستەڵاتەکان و کۆی عەقڵی حکوڕانی کوردی گەیشتونەتە بەردەم کۆمەڵێک پرسیار کە دەکرێ بە دوا کۆتا هێڵی سوری پرسیارگەلێک ناوزەند بکەین کە چی تر دەبێ ئەم دەسەڵاتە پرسیار لە خۆی بکات ئایا دوای٣٢ساڵ لە حکومڕانی دوو نەوەی شۆڕش تواناوە کورد بە ئامانجەکانی بگات بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت ڕاپرسی لەسەر ئاستی گشتی هاوڵاتیان بکرێت تا بگەینە ژمارەیەکی سەدی فاکت و کۆنکرێتی تا بتوانین بڕیار بدەین ، بەڵام کاتێک ڕاپرسی پێویستە کە هیچ خەملاندنێک نەبێت نەزانراو هەبێ ، بەڵام ئێمە بۆ ئەم پرسە هیچ پێویستمان بە ڕاپرسی نیە ، چونکە دەزانێ زۆرینەی خەڵکی وەڵامەکەیان چۆنە ، کەواتە ئەم مۆدێلی نەوەی یەکەمی شاخ و دوەمی بنەماڵەییەکان تەواو جیاوازن لە خەڵکی خۆیان ، دەکاتە دەستەڵاتێکی سەپێنراو ، تا ئەو ئاستەی کارئەکتەری بازنەی دووەم و سێیەم و چوارەمی ئەم شۆڕەشەش نارازین لە حکومداری سەرکردەکانی شاخ و نەوەی دووهەمیان ، کەواتە دەبێت ئەم دەستەڵاتە پرسیار لە خۆی بکات چیتر شەرعیەتی مێژوو ، خەباتی باوکیان ، تا ئاستێکیش کاڵ بونەوەی شەهید و نەوەی شەهیدەکانیش ناتوانن بۆ گێڕانەوەی متمانەی گشتی بەم شەرعیەتانەوە بژین و دەستەڵاتیان درێژ بکەنەوە ، ئەگەر دوو زۆن ودرێژکراوەی دوو ئەجێندای دەرەکیش بن .

لە یادی ڕاپەڕیندا ئەگەر دەستکەوتەکان باش بن هێشتا دەکرا زۆر باشتر بوایە و جیاوازی چینایەتی گەورە دروست نەبوایە ، وەک یادنامە لێرەوە بانگەوازێک ئاراستەی کۆی بەرپرسە سیاسی و ئیداری و یاساییەکان ڕادەگەیەنین وەک پاکێجێکی چەند خاڵی بچوک تابتوانین پێکەوە ریفۆر بکەین، نەک چاوەڕێی کودتا و پشێوی بکرێت ، پێشنیار دەکەین کە :

١-چی تر شەهیدو خوێن و خەبات مەکەنە شەرعیەت بۆ مانەوەتان تا شەهید وخوێن و خەبات ناشیرین نەبێ ، لەم یادانەدا بە پڕۆژە یادبکەنەوە.

٢-هەڵبژاردەکان لەسەر هەمو ئاستەکان بکرێت نەک تەنها پەرلەمان ، کۆی سەندیکا و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان شەرعیەتیان نەماوە.

٣؟-کار بکرێت بۆ عەدالەتی کۆمەڵایەتی و گەورەکردنی چینی ناوەڕاست ، چونکە چینی ناوەڕاست بەرەو خاپوربون دەچێ چینێکی فیرعەونی خراپ دروست بوە.

٤-کار بکرێ بۆ خزمەتگوزارییەکانی ڕۆژانە لە کارەباوە تا پاککردنەوەی شار و کرێ نشینی ...هتد.

٥-قۆرخکاری حیزبی و کۆمپانیای گەورە نەهێڵرێت ومنافەسەی کۆمپانیاکان بۆ باشترین جێبەجێ بکرێ.

٦-کار بۆ کەمکردنەوەی بێ کاری و دروست بونی هەلی کار بکرێ و بیمەی بێکاری دابین بکرێت.

لە کۆتایدا گەر ئەم دەستەڵاتە پلانی وردی نەبێ ئەوا لەسەر ڕێگای مەرگی ئەم مۆدێلە خۆی دەبینێتەوە.




## ڕەووف محەمەد ئالانی

## پەپوولەو گوڵ

پەپولەیەکی ڕەنگین
ئارامو نەرمو سەنگین
لەسەر لقی ئەو گوڵە
بۆ ئازادی ئەو دڵە
بووبە میوانی باخێک
بۆدەربڕینی داخێک
گوڵ باوەشی کردەوە
خەمی لەبیربردەوە
لەوڕۆژەوە پەپولە
عاشقی باخ و گوڵە.




یادەوەریی (32) ساڵەی ڕاپەڕین ... ل٢

ژن و پەروەردە ... ل١٥

سەد ساڵ لە دوای سیڤەر ... ل٤

ئارۆ نیشتمانەکەی خۆشدەوێ فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی ... ل١٧

لام وایە گەورەترین سەرکەوتنمان لە قەڕنی بیستەمدا بۆ میللەتەکەمان بەدەست هێناوە ... ل٦

لەیادی ڕاپەڕینە پڕ شکۆکەی بەهاری 1991دا ... ل١٩

ڕۆژنامەی کوردستان ... ل٢٤

بەسەرکردنەوەی شەهیدان ... ل١١


دوا هەناسەی حەمەڕەش ... ل٢٧

پێنج مانگ بەر لە ڕاپەڕین، لە شاخەوە بۆ شار! ... ل١٢

بەسەرکردنەوەی هوبەرمەندان ... ل٢٨

پەروەردە، زەنگێک لە یادی ڕاپەڕیندا ... ل١٤

نوری سەعید و پەرلەمان ... ل٣٢







# یادەوەریی (32)ساڵەی ڕاپەڕین

ئەمڕۆ، (32) ساڵ بەسەر ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان دژی ڕژێمی بەعس تێدەپەڕێت، کە لە (5)ی ئازاری ساڵی (1991) لە ڕانیەوە بە بەشداری سەرجەم چین و توێژە جیاوازەکان بە پشتیوانی پێشمەرگە دەستیپێکردو بە ڕزگارکردنی کەرکوك و سەرجەم ناوچەکانی تر کۆتایی هات.

دەروازەی ڕاپەڕین

دەڤەری ڕاپەڕین، لە ڕوی کارگێڕییەوە ئیدارەیەکی سەربەخۆی هەیە بەناوی (ئیدارەی ڕاپەڕین)، کە دو قەزا و نۆ ناحیە لەخۆدەگرێت: قەزاکانی (ڕانیە، قەڵادزێ) و ناحیەکانی (چوارقورنە، حاجیاوا، بێتواتە، سەرکەپکان، سەنگەسەر، ژاراوە، هێرۆ، هەڵشۆ و ئیسێوە).

ڕانیە دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای شاری سلێمانی و نزیکەی (130) کیلۆمەتر لە سلێمانییەوە دورە، هەروەها بە شاخەکانی کێوەڕەش و حاجیلە و ئاسۆس دەورە دراوە. لە مێژوی باشوری کوردستاندا، ڕانیە بە دەروازەی ڕاپەڕین بەناوبانگە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕاپەڕینەکەی ساڵی (1991)، کە لەم شارەوە سەریهەڵدا.

ڕاپەڕین و دەستکەوتی نێودەوڵەتی

پاش چەندین ساڵ زوڵم و زۆرداری ڕژێمی بەعس دژی خەڵکی کوردستان، هاوڵاتیانی کوردستان بە ئیرادەیەکی نوێوە هاتنە سەرشەقام و بە هەوڵ و خەباتیان کە بۆ ژیانێکی ئازادو سەربەستانە بو، لەماوەی کەمتر لە مانگێکدا سەرجەم شارەکانی هەرێم بە کەرکوکەوە ئازادکران، بەڵام دواتر ڕژێمی سەدام بەشێکی زۆری شارە گەورەکانی کەرکوك و سلێمانی و هەولێر و دهۆکی داگیرکردەوە، بۆدەربازبونیش لە دڕندەیی ڕژێمی سەدام گەلی کورد لەکۆڕەوێکی ملیۆنیدا بەرەو ناوچە سنورییەکانی ئێران و تورکیا کۆچیان کرد، کە دواتر بڕیاری (688)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لێکەوتەوە، کە بەهۆیەوە ناوچەی (ئارام) لە سەروی هێڵی پانی (36) بۆ پاراستنی گەلی کوردستان دیاریکرا.

هەر لە دەرئەنجامەکانی ڕاپەڕین، بۆ یەکەمجار کورد پشتیوانیەکی نێودەوڵەتی بەدەستهێنا، کە بوە هۆی دروستبونی کیانێکی ئیداری و ناوچەیی لە باشوری کوردستان. ساڵەها بو کورد بەدەستی حیزبی بەعس خوێنی دەڕژا، ئەو ئازادیەی دوای ڕاپەڕین بۆ کورد دروست بو، دەسکەوتێکی ناوازە بو. هەروەها یەکەم هەڵبژاردن لە ناوچە کوردیە ئازادکراوەکان ئەنجامدرا، ئەگەر بەباشی ئیدارە بدرایە دەبوە هەوێنی دروستبونی ناوچەیەکی دیموکراسی لە ناوچەکە. دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان پێکهاتنی یەکەم پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێ بەرهەم هات. ئەمانە و چەندین دەسکەوتی گرنگی تر بۆ خەڵکی کوردستان.

شەهید عەلی نەبی

شەهید عەلی نەبی، کە یەکەم کەس بو بەشداری ڕاپەڕینەکەی کرد، بە دەنگی خۆی باس لە چۆنیَتی دەستپێکردنی ڕاپەڕین دەکات.

بە پێی دەنگەکەی عەلی نەبی، هەرچەندە نەوشیروان مستەفا، کە ئەوکات سەرپەرشتی دەستپێکردنی ڕاپەڕینی دەکرد (7)ی مانگی ئاداری داناوە بۆ دەستپێکردنی ڕاپەڕین، بەڵام خۆیان وادەکەیان پێشخستوە و لە ڕۆژی (5)ی ئاداردا دەستیانپێکردوەو دەڵێت: بۆیە وادەکەمان پێشخست، چونکە ڕژێم هەستی بەوە کردبو کە جموجۆڵ لە ئارادایەو ئەگەری ڕاپەڕینی خەڵک هەیە، بۆیە هێزێکی زۆریان لە ناوچەکە کۆکردبوەوەو هێزی زیاتریان دەهێنا، ئێمەش بۆ ئەوەی ڕژێم فریای هێنانی هێزی تر نەکەوێت، وادەی ڕاپەڕینەکەمان پێشخست.

ئەندازیاری ڕاپەڕین

ڕاپەڕین؛ دەنگ هەڵبڕینی جەماوەری گەلی باشوری کوردستان بو، دوای دەیان ساڵ خەباتی سیاسی و چەکداری، کە لەلایەن نەوشیراون مستەفاوە تەواوی وردەکاری و بەرنامەکانی ئامادەکرابو. بۆیە ڕاپەڕین سەرەتایەکی گرنگ بو بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و خۆبەڕێوەبردن.

لەو چوارچێوەیەدا، نەوشیروان مستەفا، هەر لەیەکەم ساتەوەختی ڕاپەڕین و دوای کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی بەعس، سەرقاڵی داڕشتنی بناغەکانی دەوڵەتی هاوڵاتی و دامەزراوەیی بون، هەنگاوی یەکەم هەوڵیاندا کەسە حیزبیەکان بە تەنها وڵات بەڕێوە نەبەن، بەڵکو کەسانی شارەزاو تەکنۆکرات بەشداری پێبکرێت بۆ بەگەڕخستنی دامودەزگاکان و دواتریش ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دامەزراندنی حکومەتێکی بەرپرس کە لەئاستی داخوازی و چاوەڕوانی خەڵکدا بێت.

نەوشیروان مستەفا لە چاوپێکەوتنێکیدا سەبارەت بە ڕاپەڕین ئاماژەی بەوەکردبو "ئێمە ساڵی 1991 ڕاپەڕینمان کرد، گەنجێک کە لەدایکبوی (1991)ە ئێستا مافی دەنگدانی هەیەو پێویستی بەوە نیە ئێمە ڕاپەڕینی پێ بفرۆشینەوە، ئەو گەنجە ئێستا پێویستی بە ژیانێکی خۆش، سەفەر، ژیانێکی شەرافەتمەندانەیەو ناکرێ ئێمە تەنها باسی مێژوی بۆ بکەین، دەبێت هەوڵی باشکردنی ژیانی بدەین".


هەر سەبارەت بە ڕاپەڕین، نەوشیروان مستەفا دەڵێت: "خەڵک هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی ڕاپەڕین بوە. بەڵام بەرهەمی ڕاپەڕین بۆ خاوەنە ڕاستەقینەکەی نەبو کە خەڵکە".

ڕاپەڕین و خواست و ئومێدی هاوڵاتیان

دوای (32) ساڵ لە ڕاپەڕین، هاوڵاتیانی ڕەخنە دەگرن لەوەی کە وەک پێویست ئاوڕ لە خەڵک و ناوچەکانیان نەدراوەتەوەو حوکمڕانان خەمی خەڵکیان لەبیرکردوە. ئێستاش لەیادی ڕاپەڕین، هاوڵاتیان چاوەڕوانن حکومەتی هەرێمی کاری زیاتر بۆ خزمەتگوزاریی و باشکردنی دۆخی ژیانی هاوڵاتیان و ئاوەدانکردنەوەی ڕانیەو تەواوی شارەکانی تر بکات.

**لە سایتی KNN وەرگیراوە**







# سەد ساڵ لە دوای سیڤەر

## دڵزار عارف

یەکێک لەو کتێبانەی کە بەم دوایانە چاپکراوە، لەلایەن کۆمەڵێک ئەکادیمی دیاری کورد، کە هەموویان لەدەرەوە خوێندویانەو بڕوانامەی بەرزیان بەدەست هێناوە، هەر یەکەو چاپتەرێکیان نوسیوە. لەسەر بێبەشبونی کورد لە دەوڵەت. ئەم کتێبە زۆر بە وردی و زۆر زانستیانە باس لە چیرۆکەکانی پشتی جێبەجێنەکردنی پەیمانی سیڤەر دەکەن.
هەر یەک لەو نوسەرانە دەمانبەوە سەر لایەکی تاریکی ئەم مەسەلەیە، کە هۆکار چی بوو لەنێو ئەم هەموو میللەتانەی لەژێر دەستی عوسمانی بوون، کورد تاکە میللەت بوو بێبەشکرا لە دەوڵەت.
زۆر بە وردی هۆکارەکانی پشت تەگەرەخستن و لەکارخستنی پەیمانەکە باس دەکەن. د شێرکۆ زۆر بەوردی و بەسەلەقیەکی زۆر ئەکادیمیانە دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەم سەردەمەو زۆربەی هۆکارەکانمان بە وردی و بە میتۆدێکی مێژوویانە بۆ باس دەکات. لە بەدبەختیەکانی کورد دەستپێدەکات کاتێک، لە ساڵی ١٩١٧ شۆڕشی بەلشەفی لە ڕوسیا بە سەرۆکایەتی لینین سەردەکەوێت بەسەر قەیسەر دەروخێنن و لە شوێنی سیستەمی سۆسیالیستی دادەمەزرێنن، ئەمەش وا دەکات هەرزوو لینین بەرەسمی وەکو یەکەم وڵات تورکیای دوای پاشماوەی عوسمانی بە سەرۆکایەتی کەمال ئەتاتورک بناسێنێ، ئیتر ئەم ناسینە گورو تینێکی گەورە بە ئەتاتورک و ئەفسەرە یاخیبووەکانی دژی سوڵتانی عوسمانیدا.
ئیتر لە کاتەوە ئاشتیەکی دورودرێژ لەنێوان هەردولا دروست دەبێت و ئەمەش بوارێکی باش بۆ تورکەکان دەرەخسێنێت، کە لەشکرەکەیان لە بەرامبەر ڕوسەکان بکشێنەوە بە تەنیا شەڕی هێزە هاوپەیمانەکان بکەن. لە لایەکی ترەوە بگرەو بەردەو کێشمە کێشی بەریتانیا و فەرەنسا لە دوای پەیمانامەی سایکس بیکۆ، هەر توندتر دەبوو هەر لایەو دەیەویست خاکی زیاتری ژێر دەستی عوسمانیەکان بۆ خۆی بەرێت، لە ئەنجام فەرەنسا بێ هیوا دەبێت لە بەریتانیەکان و لە ساڵی ١٩٢١ ڕۆژئاوای کورستان لە باکور جیا دەکاتەوەو دواتر وەکو دووەم دەوڵەت حکومەتی تەتاتورک دەناسێنێ و لەسەر حسابی سوڵتانی عوسمانی کە تا ئەو کاتیش لە ئیستەمبوڵ حوکمی عوسمانی دەبرد بەڕێوە.
د شێرکۆ باس لە هۆکارێکی تری زاتی دەکات کە پەیوەندی بە کورد خۆیەوە هەیە، ئەویش نەبوونی هەستی نەتەوەیەکی گشتگیرو یاریکردن بە هەستی دین لە لایەن تورکەوە کە وا پیشانیان دەدەن کورد برای هاودینی تورکەو ئەو دەوڵەتەی لەم جوگرافیای کە ئێستا پێ دەڵێن تورکیا، هی هەردوو لا دەبێت و هیچ کێشەیان نابێت. هەر ئەم یاریکردنەی ئەتاتورک بوو کوردێکی زۆر شانبەشانی سوپای ئەتاتورک شەڕی هاوپەیمانانیان کردو بەتایبەت لە باکوری کوردستان.
هۆکارێکی تریش باس دەکات ئەویش تەماهی بەریتانی گەورەیە بۆ بەدەستهێنانی ولایەتی موسڵ و لەبەرامبەر چاوپۆشیکردنی تورکەکان لەنەدانی هیچ مافێک بە کوردەکان. هەروەها نەبوونی سەرکردەیەکی کاریزماو ئاگادار و شارەزا لەسەر بارودۆخی ئەوکاتی دونیا، کە یەکێکە لە خاڵە هەر لاوازەکانی کورد، کە نەیتوانیوە لەو سەردەمە هیچ بەدەستبهێنێت. جگە لەوە بەریتانیا ئەو کات زۆر بەهێزبوو دەستێکی باڵای هەبوو لەناو ( عوسبەت ئومەم) چۆن ویستبای دەیتوانی لەرێگەی ئەم ڕێکخراوە بەدەستی بهێنێ، بۆیە کورد وەکو پێویست ئەو کاتە دەنگی نەگەیشتە ئەو ڕێکخراوەو نەی توانی خەونی
هەموو ئەو هۆکارانە بونە هۆی لەکاخستنی سیڤەرو لە جێگای پەیمانامەیەکی تازە لە نێوان هاوپەیمانان و تورکیا مۆرکرا لە ژێر ناوی پەیمانی لۆزان. ئیتر ئەم ڕێکەوتنە کۆتایی بە خەونی کوردستان گەورە هێنا.

سایتی زەمەن




# پێنج سەرنج لە یادی پڕشکۆی پێنجی ئازاردا

## ئارام رەفعەت


یەکەم:
لە دوو هەزار ساڵی رابردوودا راپەڕین پڕ شکۆترین ڕۆژ و باڵاترین ئەکتی بەکۆمەڵ و چارەنووسسازترین وەرچەرخانی ئەرێنیی کوردە، لانی کەم کوردی باشوور.
دووەم:
دوای راپەڕین و بەهۆی کەمی ئەزموونی دەوڵەتداری و حوکمرانی، ئەقڵی کوردی هێندە کامڵ نەبوو وە کۆ وشیاری تاکی کوردی هێندە ێگەییشتوو نەبوو تا ئەم ئازادییە بە خوێن بەدەست هاتووە وەرچەرخێنێت بۆ ئەزموونێکی نیشتیمانی و گێڕانەوەی سەروەری و شکۆی سەدان ساڵەی لەدەست چووی تاکی کورد.
سێیەم:
مێژووی گەلان و ئەزموونی داگیرکاری ئەوەمان پێدەڵێت زۆرینەی جارەکان داگیرکەر کە وڵاتێک بەجێ دێڵێت هەوڵ دەدات ئەو رژێمە نیشتیمانییەی جێگای داگیرکەر دەگرێتەوە، شتێک بێت کۆپی داگیرکەر بێت یان لەخۆی بچێت یاندڵخوازی خۆی بێت. لە سییەکاندا، ئینگلیز رژێمێکی هاوشێوەی خۆی لە عێراقدا بەجێ هێشت و عێراقیش هەمان ئەزموونی لە کوردستان دووبارە کردەوە.
چوارەم
تاک و تەرای لێدەربچێت، سەرجەم ئەوانەی لەیەکەم ڕۆژی راپەڕیندا ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو بە شێوازی جۆرا و جۆر شەهید کران و لەناو بران.
پێنجەم:
بۆ تاک بەتاکی ئەوانەی بە ئامانجی ئازادی و بە هەر شێوە و ئاستێک بەشداری راپەڕینییان کرد، ئێوە شکۆمەندترین و سەربەرزترینی نەوەکانن. تاکە نەوەیەکن کە شانازییەکی جاویدانییان هەبێت.


لە سایتی هاوڵاتی وەرگیراوە



# عەبدوڵا کەریم مەحمود: شکۆی وەفا و دەست پاکی

بۆ یادی (عومەر غەریب )، لەشێرپەنجە و مردن بەهێز تر بوو.
ژیانی مرۆڤ بێ سۆز و خۆشەویستی و وەفا، بێ پاکێتی و راستگۆیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، هیچ بەهاو نرخ و سەنگ و مانایەکی نییە.
ویستگەکانی تەمەنی مرۆڤ، ئەوەندە کورتە بەشی خۆشەویستی ناکات، لە کوێ جێگای ئەو هەموو رق و کینەو سیناریۆی تۆڵەو تۆڵە کردنەوانەی تیا دەبێتەوە.
دڵرەقی و میهرەبانی
مرۆڤە دڵ ڕەق و ناخ نەخۆشەکان، گرێی دەروونی ئاڵۆزیان هەیە، ئەوانەی چرنوکی تۆڵەو تۆڵە کردنەوەیان، کردوە بە پلان و بەرنامەو نەخشەی چەکی ژیانیان، بە بەردەوامی لە شەڕو کێشە و ئاژاوەدان، لە گەڵ کەسە نزیکەکانی دەورووبەری خۆیان.
ئەو مرۆڤە بێ ویژدانانەن، بە زمانێکی ژەهراویی، بە بەردەوامی، خەریکی زەم و زەمکاری و درۆو بوختان هەڵبەستنن، لە بۆسەی پاشقول گرتن و چاڵ هەڵکەندن و لە تۆڵەو تۆڵە کردنەوەدان، بۆ کەسە نزیکەکانی خۆیان.
دوور لەو هەمووە مرۆڤە دەروون نەخۆش ودڵ ڕەق ویژدان مردوانە. یەکێک لەو کەسێتییە تایبەتمەندو دەروون پاک و میهرەبانانە، لە ناخ و یادەوەری و رۆحی هەمووماندا زیندووە، نمونەی ئاسمانێک بوو لە سۆزو خۆشەویستی و وەفا و بەخشندەیی و یادەوەریی شیرین، (عومەر غەریب )ی براو هاوڕێمان بوو.
ئەو لە گەڵ (بەختیاری مەلا عیزەت و مەلا رەحمان و جەلال ی شەهید مەلا ئەحمەدی مەسۆی و عەبدوڵڵا کەریم )، بۆ زۆربەی بۆنەکانی ناوشار و دەرەوەی شار پێکەوە دەچووین، لە رێگا بە رووە خۆشەکەی و بە قسە و نوکتەجوانەکانی هەموویانی دەخستە پێکەنین.
ئازار شکێن
عومەر غەریب، 12 ساڵ شەڕی شێر پەنجەی کرد، رۆژێکیان ئازارەکەی زۆر توند بوو، لە گەڵ (زەردەشت )دا، زۆربەی دەرمانخانەکانی شارمان تەی کرد، دەرمانی ئازار شکێنمان دەست نەکەوت. لە کۆڵانێکی شەقامی گۆران، ناونیشانی کۆگایەکی دەرمانم بینی، بە خێرایی خۆم کرد بە ژێرزەمینەکەدا، هۆڵێکی گەورە بوو، هەمووی داو و دەرمان بوو، بە پەرۆشییەوە، رووم کردە دکتۆری کۆگاکە و وتم: دکتۆر گیان، دەزانین ئێرە شوێنی دەرمان فرۆشتن نیە، بەڵام نەخۆشێک، ئەوە چەند رۆژێکە بە دەم ئازارێکی بێ سنوورەوە دەتلێتەوە، گەر بفەرمووی متمانەم پێ ببەخشی، ئەو ئازار شکێنەی بۆ دابین بکەیت. دکتۆرەکە تاوێک بەبێ دەنگی، هەر سەیری روخساری پەشێویی دەکردم، زانی زۆر پەرۆشی دەرمانەکەم.
وتی: ئەم دەرمانە قەدەغەیە، هیچ دەرمانخانەیەک ئەو دەرمانەتان پێ نادات، بەڵام تۆ ئەو دەرمانەت بۆ کێ یە؟
وتم: بۆعومەر غەریب.
وتی: من تۆش و عومەر غەریب دەناسم، متمانەم بە هەردوو کتان هەیە.
بەو وەڵامەو ئەو هەڵوێستەی دکتۆر گەشامەوە، بە خێرایی بە چەند دێڕێکی کورت، چیرۆکی هەڵوێستی خۆراگری باڵای عومەر غەریب م بۆ گێڕایەوە. یەکسەر دەستی برد بۆ کارتۆنە دەرمانەکە و کۆرسێ ئازار شکێنی پێدام.
ئیرادەی باڵای عومەر غەریب
رۆژێکی تر لە گەڵ عومەر غەریب و بەختیاری مەلا عیزەت و مەلا رەحمان و جەلال ی شەهید مەلا ئەحمەدی مەسۆیی لە سلێمانی یەوە رووومان کردە، نەخۆشخانەی (نانە کەلی ) لە هەولێر بۆ لای دکتۆر ئەنوەر شێخە.
ئەو پرۆفیسۆرە نمونەیی یەی بە رەوشتی پزیشکی و مرۆڤایەنەی، لە نەخۆشخانەی هیوای سلێمانی، بە ئەزموون باڵای خۆی و هاوڕێ پزیشکەکانی و خوێندکارەکانی لە چارەسەری عومەر غەریب و هەزاران نەخۆشدا بوو، هیوای ژیانی نوێی پێ بەخشی ، بەو پەڕی میهرەبانییەوە، چارەسەر و ڕێنمای دەکردن.
سەیری هەموو ئەنجامی پشکنینەکانی عومەر غەریب ی کردو چەند پرسیارێکی رووبەرووی عومەر غەریب کردەوە: کە گوێی لەوەڵامەکانی بوو، بە تێروانینێکی قوڵەوە، سەری لە ئیرادەی بەهێز و وەڵامەکانی عومەر غەریب سوڕماو وتی: بەپێی ئەو ئەزمون و ئەو ئامارەی چەند ساڵێکە کاری تیا دەکەین، ئەو نەخۆشانەی زۆر بیر لە شێر پەنجەکە دەکەنەوەو لە رووی دەروونییەوە دەروخێن، وەرەمی شێرپەنجەکە بە خێرایی بەسەریاندا زاڵ دەبێ و زوو دەمرن. بە پێچەوانەوە ئەو نەخۆشانەی وەک تۆ دەروونیان ئاساییە و ئیرادەیان بەهێزە، بیر لە نەخۆشییەکەیان ناکەنەوە، بەسەر وەرەمی شێر پەنجەکەدا زاڵ دەبن، تەمەنیان درێژ دەبێ.
دوای چەند مانگێکی تر، لە گەڵ عومەر غەریبدا سەردانی نەخۆشخانەی هیوامان کرد لە سلێمانی،





دکتۆرێکی لێ بوو، چەند ساڵێک لەوەوبەر عومەر غەریب ی لە ئەوروپا دیبوو، پشکنین و چارەسەریان بۆ دیاری کرد بوو، ئەو دکتۆرەو دکتۆرەکانی ئەوێ، وایان دانابوو، تەنیا دوو ساڵ بەرگەی وەرەمەرکە دەگرێ و ژیانی کۆتایی دێ.
ئەو دکتۆرە کە عومەر غەریب ی لە نەخۆشخانەی هیوا بینی، سەری سووڕما، بە تێرامانەوە سەیری دەکرد، چاوەکانی پڕ بوو لە پرسیاریی بێ وەڵام، بڕوای نەدەکرد ئەوە عومەر غەریب بێ، ئەو دکتۆرەش هەمان قسەی پرۆفیسۆر دکتۆر ئەنوەر شێخەی کردووەم- ئێمە وامان دانابوو، تۆ لە دوو ساڵ زیاتر ناژیت، بەڵام ئەوە 10ساڵ زیاترە، تۆ لە شێر پەنجەو مردن بەهێز تری

عەبدوڵا کەریم

# لام وایە گەورەترین سەرکەوتنمان لە قەڕنی بیستەمدا بۆ میللەتەکەمان بەدەست هێناوە




ئەم چاوپێکەوتنەی رەوانشاد "نەوشیروان مستەفا" بیست و سێ ساڵ پێش ئێستا (رۆژی ٦ی ٣ی ٢٠٠٠) لەلایەن باست حەمەغەریب ئەنجام دراوەو لە کەناڵی کوردسات بە (٣٢) دەقیقە پەخش کراوە.

"لیژنەی پاراستنی ئەرشیفی نەوشیروان مستەفا" بە باشی زانی لە یادی راپەڕیندا بە تێکست و وەک خۆی بڵاوی بکاتەوە. گرنگی ئەم چاوپێکەوتنەو بڵاوکردنەوەی لەبەر دوو هۆکارە:

یەکەم، لەبەرئەوەی لەو کاتەدا کوردسات لە پەخشی ئەزموونیدا بووە، کەمترین خەڵک چاوپێکەوتنەکەی بینیوە.

دووەم، لەبەرئەوەی تا ئێستا کاک نەوشیروان چاوپێکەوتن و دیداری لەسەر پلان و دەستپێکردنی راپەڕین نییە. لەکاتێکدا خۆی ئەندازیاری راستەقینەی ئەو رووداوەیە، کە لە مێژوی گەلەکەماندا بێ وێنەیە.

"زەمەن"یش وەک بابەتێکی میدیایی وەکخۆی بڵاویدەکاتەوە.

دەقی چاوپێکەوتنەکە:

باست حەمەغەریب: ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ بەڕێز کاک نەوشیروان مستەفا ئەنجام ئەدەین بە مەبەستی ئەوەی بزانین، ئەو کاتە رۆڵی یەکێتی لە راپەڕیندا چۆن بوە. چۆن توانرا جەماوەری کوردستان بهێنرێتە جۆش و خرۆش بۆ راپەڕین، بە شاری کەرکوکیشەوە.

سوپاس کاک نەوشیروان بۆ ئەم دەرفەتەی بۆت رەخساندین. ئەو کاتەی عێراق کوێتی داگیر کرد، ئێوە وەک سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، چۆن پێشبینی وەزعەکانتان ئەکرد؟

نەوشیروان مستەفا: سوپاستان ئەکەم، کە عێراق رۆیشت کوێتی داگیر کرد، لە راستیدا ئەوە وەکو نوقتەی وەرچەرخان وابو لە هەمو سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چونکە لەوەپێش کە عێراق چوبو بەگژ دەوڵەتی جمهوری ئیسلامی ئێراندا، دنیا پشتیوانیان لە دەوڵەتی عێراق ئەکرد. چونکە عێراق شەڕی لەگەڵ دەوڵەتێکدا ئەکرد، کە بەشی زۆری دنیا بە خەتەریان ئەزانی لەسەر خۆیان. بەڵام کە چو کوێتی داگیر کرد، عێراق ئەو پشتیوانییەی لە دەستدا و بە عەکسەوە هەمو دەوڵەتانی دنیا بون بە دژی عێراق. لەبەر ئەوە چو بو دەوڵەتێکی بچکۆلەی داگیر کرد بو، بەبێ ئەوەی ئەو هیچ حەقێکی بەسەر ئەوەوە هەبوبێ. ئەو کاتە ئێمە چەند مانگێک بو حەملاتی ئەنفالمان بەسەردا جێبەجێ بو بو، عەمەلیاتی ئەنفال بەسەر کوردا جێبەجێ کرا بو، بەشی زۆری دێهاتەکانی کوردستانی عێراق کاول کرا بو. خەڵک بە زۆر راپێچ کرا بون بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان. دێهاتی کوردستان و لادێی کوردستان چۆڵ کرا بو. بەشی هەرە زۆری ئاوەدانییەکان، بریتی بون لە مەرکەزی شارە گەورەکانی وەکو: سلێمانی و هەولێر و دهۆک و کەرکوک. مەسەلەن شارێکی وەکو سلێمانی، لەودیو جادەی ٦٠ مەترییەوە ئاوەدانی تیادا نەما بو. خەڵکیان هەمو کۆکردبوەوە لە چەند ئۆردوگایەکدا. ئۆردوگاکان بە درێژایی جادە سەرەکییەکانی کوردستانی عێراق بینا کرا بون. ژمارەی ئۆردوگاکان لە ٧٠ ئۆردوگا بەرەو ژور بون. خەڵک هەمو لەوانەدا کۆکرا بونەوە. ئەو کاتەی بارەگاکانی ئێمە، بارەگاکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە قاسمەڕەش و زەڵێ بون، کە کەوتونەتە ناوچەیەکی سنوری، دیوێکی ئێران و دیوێکی عێراقەوە، ئەو ناوچەیە ئاوەدانی تێدا نەبون. ئاوەدانییەکەی بریتی بو لەو مقەڕانەی یەکێتی دروستی کرد بون. بەشی هەرە زۆری هێزەکانی ئێمە توشی زەربەی گەورە بو بون، بە هۆی عەمەلیاتی ئەنفالەوە. لەبەر ئەوە هەمو هێزەکانمان کێشابونەوە بۆ ناوچە سنورییەکان. ئەو زەمانە هێزەکانی خۆمانمان دابەش کرد بو بەسەر سێ جۆر لە پێشمەرگە. جۆرێکیان ئەوانە بون کە لەسەر سنورەکان لە بەتالیۆنەکاندا رێکمان خستبون، کە ١٤ بەتالیۆن بون. بە شێوەیەکی وا رێکمان خستبون، کە خۆیان لە حدودی ١٧٠-١٨٠ کەس ئەبون. ئەمانە بە زۆری کادری مەشق پێکراو بون، ئەیانتوانی لە کاتی پێویستدا هەمو بەتالوێنێک لە حدودی ٢٠٠٠-٢٥٠٠ کەس لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و قیادەیان بکات. لەپاڵ ئەم بەتالیۆنانەدا، هێزێکی ترمان هەبو کە ئەویش دیسان سەر بە فەرماندەیی پێشمەرگە بو، ئەوش پارتیزانەکان بون، کە لەناو داخڵی کوردستانی عێراقدا بون و بە مەجموع ژمارەیان ٥٢٠ پێشمەرگە بون. ئەمانەمان لە هەرە باشەکانی پێشمەرگە هەڵبژارد بو. بێجگە لەمانە،

ئێمە لە هەمو شارەکان و ئۆردوگاکاندا هێزێکی ترمان دروست کرد بو بە ناوی شانەی چەکدارەوە. لە راستیدا ئەوانە خۆیان سەرکردایەتی تایبەتیان هەبو. لە ناو شارەکاندا سەر بە رێکخستنەکانی ناوخۆ بون.

من لێرەدا ئەمەوێ بە زۆری باسی ئەوە بکەم، کە تا ئێستا رۆڵی رێکخستنەکانی ناوشار زۆر کەم باس کراوە، کە بە راستی قارەمانی راستەقینە بون، لە رۆژانی تەنگانە و ناخۆشیدا ئەرکێکی زۆر گەورەیان خستبوە سەر شانیان، بۆ بەرز راگرتنی ئاڵای مقاوەمەتی کورد. رێکخستنەکانی ناوشار بون، دەورێکی زۆریان هەبو، تەنانەت لە یارمەتی دانی پارتیزانەکاندا. لە یارمەتیدانی ئێمە بە دەنگوباس. بێجگە لەوە لە رێکخستنی شانە چەکدارەکاندا. ئەوان زەربەی زۆریان خوارد، هەندێکیان لێ گیرا، هەندێکیان لێ ئیعدام کرا. ئەو کاتەی عێراق پەلاماری کوێتی دا، وەکو باسم کرد ئێمە بارەگاکانمان لە قاسمەڕەش و زەڵێ بو. زنجیرەیەک کۆبونەوەمان بە ئەندامانی سەرکردایەتی، بە فەرماندەکانی پێشمەرگە، بە کادرە پێشکەوتوەکانی یەکێتی، کرد بۆ ئەوەی چی بکەین و چی نەکەین، یان هەڵوێستمان چی بێت. لەو زنجیرە کۆبونەوانە ژمارەیەک ئەگەرمان دانا. ئەگەر بەو مانایەی عێراق رۆشتوە و کوێتی داگیر کردوە، ئەگەر لە کوێت کشایەوە، ئێمە هەڵوێستمان چۆن بێ. ئەگەرێکی تر ئەوە بو، ئەگەر عێراق مایەوە و لە کوێت نەکشایەوە و لێی نەدرا. یەعنی ئەگەر عێراق توانی کوێت بکات بە بەشێک لە قەڵەمڕەوی خۆی، ئێمە هەڵوێستمان چۆن بێ.

ئەو شوێنانەی هێزەکانی ئێمە و مەسئولەکانی ئێمەی لێی کۆبوبونەوە. بۆ نمونە: ئەو هێزەی ئەبو بێتە ناو شاری سلێمانی، ئەوانەی لە بلەکێ بون، هاتبونە پشتی چوارتا و ئەولاتر. ئەو هێزە لەوێ بون. ئەو هێزانەش کە ئەبو بچنە سەر شارەزور و زەڕایەن، لە دزڵی دامان نابون. ئەو هێزانەی ئەبو بپەڕنەوە بۆ بەری کەلار و دەربەندیخان، لە تەپەڕەش دانرابون،

کە ئەویش شوێنێکە بەرامبەر ناوچەی دەربەندیخانە. هەندێکی تریش لەو هێزانە مەسئولەکانی یەکێتی تێدا بو، بە تەحدید واجبیان بۆ دیاری کرا بو، کە ئیشەکانیان چییە و چی نییە. پاش ئەوەی پلانەکە هەموی جێبەجێ کرا، ژمارەیەکی تریش خەڵکی ترمان ناردە خوارەوە، بۆ نمونە: لە زمنی ئەوانەی ناردمانە خوارەوە؛ مامۆستا جەمالی حاجی محەمەد هاتە ناوچەی شارباژێر، تەحسین کاوانی بە خۆی و مەفرەزەیەکەوە هات بۆ ناوچەی خۆشناوەتی، شەهید سلێمان عەرەب، ئەویش دیسان دابەزی چو بۆ ناوچەی هەولێر و ئەوانە. ژمارەیەک مەفرەزەی ترمان نارد بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لەگەڵ خەڵکدا راستەوخۆ پەیوەندیان هەبێ، قسەیان لەگەڵ بکەن، بەشداری بکەن لە ئامادەکردنی راپەڕین. بێجگە لەمانە، پارتیزانەکان بون، کە مابونەوە لە ناو کوردستانی عێراقدا. تەعلیماتیان بۆ چو، بۆ ئەوەی هەر یەکەی لای خۆیەوە پەیوەندی بکا بەو کەسانەوە کە ئەتوانێ پەیوەندیان پێوە بکا.

وەکو باسم کرد، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا جەوی سیاسی بە پێچەوانەی قازانجی دەوڵەتی عێراق جوڵا بو. دنیا بو بو بە دژی دەوڵەتی عێراق. دەوڵەتی عێراقیش گەوجێتییەکی وای کرد، کە لە کوێت نەکشایەوە، چونکە ئەگەر بکشایەتەوە دور نەبو توشی ئەو لێدانە گەورەیە نەبێ، بەڵام سواری سەری خۆی بو، مایەوە. ئەوە بو شەڕەکە دەستی پێ کرد، پەلاماری عێراق درا، عێراق نەیتوانی مقاوەمەت بکا. ئەو فەترەیەی کە قەسفی جەوی بەردەوام بو لەسەر عێراق، پەیوەندی بەینی هێزەکانی جەیشی عێراقی و بەینی هێزەکانی عێراق لە ناو خۆیاندا پچڕا، بۆیە هێزەکانی هاوپەیمانان توانیبویان سەیتەرە بکەن بەسەر دەزگای پەیوەندییەکانی حکومەتی عێراقیدا. بێجگە لەوە سەیتەرەیان کرد بو بەسەر ئاسمانی عێراقیشدا. ئەو فەترەیە فرسەتێکی زۆر گەورە بو بۆ ئێمە، کە ئەوەندەی بتوانین کادر و ئەندام و لایەنگرەکانی خۆمان ساز بدەین، هەندێکیان بنێرینەوە بۆ ناو داخلی کوردستانی عێراق. پێش ئەوەی ڕاپەڕین دەست پێبکا، ئێمە ١٦ دەزگای بێ تەلمان لە سەرتاسەری کوردستانی عێراقدا هەبو، کە بەردەوام دەنگوباسی هەمو ناوچەکانی کوردستانیان پێ ڕائەگەیاندین. پێش ئەوەی راپەڕینیش دەست پێ بکا، کاک عەزیز سدیقمان ناردەوە بۆ ناوچەی رانیە، بۆ ئەوەی تەنسیق لەگەڵ هەمو ڕێکخراوی شارەکاندا بکا. مەرکەزێکی لەناوچەی رانیە دروست کرد، هەمو ڕێکخراوەکان ئەو دەنگوباسانەی ڕۆژانە وەریان ئەگرت، ئەیان برد تەسلیمی نوقتەیەکیان ئەکرد، ئەوانیش تەسلیمی عەزیز بەگیان ئەکرد، ئەویش بە دەزگای بێ تەل ئەیناردەوە بۆ ئێمە. بۆیە ئێمە زۆر لە نزیکەوە ئاگامان لە روداوەکان بو. بێجگە لەوەی ڕۆژانە دەیان نامەمان لە ڕێکخراوی ناو شارەکان و دۆستەکانمانەوە بۆ ئەهات. یەعنی خۆ ئامادەکردنێکی زۆر باش خۆمان ئامادە کرد.

وەکو باسم کرد ئەوە یەکێک بو لە ئیحتیمالەکان. ئیحتیمالێکیشیان بۆ ئەوە بو، کە عێراق ئەگەر بکشێتەوە، بۆ ئەمەشیان خۆمان بە نەوعێکی تر ئامادە کرد بو. ئەوە بو عێراق نەکشایەوە و توشی لێدان بو. کە توشی لێدا بو، ئێمەش هێزەکانمان بەو جۆرەی دابەشمان کرد بو، لەسەر ئەو ١٠ میحوەرە هەر کەسە و واجباتی خۆی وەرگرت. نیدامان دەرکرد، بانگەوازی زۆرمان لە رادیۆکەی خۆمانەوە دەرکرد. رادیۆکەمان دەورێکی زۆر هەبو، لە بەرزکردنەوەی ورەی خەڵکدا، لە ڕوخانی ورەی پیاوەکانی ڕژێم و دۆستەکانی ڕژێم، لە سازدانی خەڵکدا، لە ڕێکخستنی خەڵکدا. لە رادیۆکەی خۆمانەوە چەندین بانگەوازمان دەرکرد بۆ ئەوەی سەر بنێن بە یەکەوە و لە کۆڵانەکاندا شانەی چەکدار دروست بکەن. بە راستی شانەی چەکداریان دروست کرد و پەیوەندیان پێوە ئەکردین. بەشی زۆری شانە چەکدارەکان کۆدی نهێنیان هەبو، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا لە رادیۆکەمانەوە بتوانین بانگیان بکەین. پێش راپەڕین ڕێکخستنەکانی ناو شار توانیان دو خەتی زۆر گەورەی ڕێکخستنی شانە چەکدارەکان دروست بکەن؛ یەکێکیان مەرکەزەکەی لە هەولێر بو، لەوێوە درێژ ئەبووەوە، بەشێکی بۆ ناو کەرکوک و بەشێکی بۆ ناو ئۆردوگاکانی تر بە ناوی شانەی چەکداری "بروسک"ەوە، یەکێکی تریشیان مەرکەزەکەی لە سلێمانی بو بەناوی شانەی چەکداری "شالاو"ەوە. ئەمە بێجگە لەوەی لەناو شاردا و لە هەمو ئۆردوگاکاندا خەڵکیان ڕێکخست بو، شانەی چەکداریان دروست کرد بو، لەناو کەرکوکیشدا دروستیان کرد بو. بۆ هەمو ئەو شانە چەکدارانە ڕەمزێکی نهێنیان هەبو، بۆ ئەوەی لە حاڵەتی پێویستدا بتوانن لەگەڵ ئێمە پەیوەندیان هەبێ. هەندێکیان بۆ ئەوەی باوەڕ بکەن بۆ ئەوەی ئەو کەسەی پەیوەندی پێوە کرد بون لەلایەن ئێمەوە راسپێردراون، جاری وا هەبو کاغەزیان بۆ ئەناردین و ئەیانوت لە ئێستگەکەتانەوە نیشانەیەکمان بدەنێ، کە ئەو کەسەی ئێوە ناردوتانە باوەڕ پێ کراوە یان نا. زۆر جار هەبو نیشانەکەمان ئەوت، بۆ ئەوەی ئەو لایە باوەڕی پێ بکا.

ئەو کاتەی ڕاپەڕین دەستی پێ کرد ڕێکخستنەکانی ناو شاری ئێمە لە حدودی ٧٠٠٠ کەسیان لە ریزی شانە چەکدارەکان ڕێکخست بو. دیارە شانە چەکدارەکان هەمویان لەو کەسانە نەبون، کە تێکۆشەری کۆن بون، هەندێکیان ئەوانە بون، کە لەناو فەوجەکاندا ئامر سریە بون، ئامر مەفرەزە بون. هەندێک لە هێزەکان لەناو ئەوانەدا ڕێکیان خستبون. یەعنی لەناو هێزە چەکدارەکانی حکومەتی عێراقیدا، ئێمە توانیمان بەشێکی باشییان بە دۆست و لایەنگرەکانی خۆمان ڕێک بخەن. ئینجا بەشی هەرە زۆری ئەو پێشمەرگانەی لە کاتی ئەنفال و دوای ئەنفالدا تەسلیم ببونەوە، هەمو پەیوەندیان پێوە کرا بو و ڕێکخرابونەوە. شان بە شانی ئەمانە تێکۆشەرەکانی ناوشاریش ڕێک خرا بون. لەبەر ئەوە ئێمە قاعیدەیەکی بەهێزمان هەبو لەناو شارەکاندا؛ ڕێکخستنی ناو شارمان هەبو، شانەی چەکدارمان هەبو، پارتیزانەکانمان هەبو، بێجگە لەوە هێزە نیزامیەکەی خۆمان، کە لەسەر سنورەکان پێک هاتبون لە ١٤ بەتالیۆن. سەرەڕای ئەوە قاعیدەیەکی فراوانی پشتیوانی هەبو لە ناو میلەتەکەی خۆمان، بە تایبەتی کە میلەتێکی بریندار بو، ئەنفالی بەسەردا هات بو، راگوێزرا بو، ژمارەیەکی زۆر خەڵک کوژرا بون. یەعنی خەڵک هەمو چاوەڕوانی ئەوە بون ڕۆژێکیان لێ هەڵ بێ، ترووسکەیەک ببینن، بۆ ئەوەی لەو ترووسکەیەوە ئامانجەکانیان بەدی بێ.

بێگومان ڕاپەڕین لە مێژوی کوردا کارێکی بێ وێنە بوە. من پێم وانییە نە لە پێش ڕاپەڕیندا و نە لە دوای ڕاپەڕینیش جارێکی تر لەم نزیکانەدا، روداوێکی وا دوبارە ببێتەوە. لەبەر ئەوە هەمو کوردێک باسی ئەوە ئەکا لە ڕاپەڕیندا بەشداری کردوە، راست ئەکا. من پێم وایە ئەبێ هەمو کوردێ حەقی خۆیەتی شانازی بەوەوە بکا، کە لە ڕاپەڕیندا بەشدار بوە و بڵێ من ڕاپەڕینم کردوە.

باست حەمەغەریب: کاک نەوشیروان لەو پلانەدا ی. ن. ک بە تەنیا بو؟

نەوشیروان مستەفا: بەڵێ، لە پێشا ئێمە بە تەنیا نەخشەی ڕاپەڕینمان دانا، دابەش کردنی کوردستان بەسەر میحوەرەکاندا، دابەش کردنی هێزەکانمان بەسەر ئەو ١٠ میحوەرەدا، دابەش کردنی مەسئولەکانی یەکێتی بەسەر ئەو ١٠ میحوەرەدا، بەڵێ لەلایەن ی.ن.ک و سەرکردایەتی ی.ن.ک بوە. ئێمە هێزەکانمان، کە لەوێ دابەشمان کرد بو، بێجگە لەوەی پێشمەرگەکانی خۆمانمان دانا بو، هەمو ئەو کەسانەی چو بونە دیوی ئێران لەگەڵمان بون، لە ریش سپی و پیاوماقوڵ و ئەنجومەنی گوندەکان، ئەوانەشمان ساز دابو بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو هێزانەدا بگەڕێنەوە. فیعلەن خۆیان ئامادە کرد بو بۆ گەڕانەوە. پێش ئەوەی ئێمە ئەمە جێبەجێ بکەین، چەند کەسێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئەو پرۆژەیەی ئێمەیان برد بۆ لای مەکتەبی سیاسی پارتی، پێشکەشیان کرد بە کاک مەسعود بەرزانی. کاک مەسعودیش پاش ماوەیەک بە نامە ئاگاداری کردین کە موافیقە لەسەری. ئەوانیش لەسەر ئەو ١٠ میحوەرەی ئێمە ئامادەمان کرد بو، مەسئولەکانی خۆیان و هێزەکانیان دابەش کرد، بۆ ئەوەی پێکەوە بە هاوکاریی کارەکە ئەنجام بدەین.

لە ڕاستیدا ئەو کاتە جەبهەی کوردستانی هەرچەندە چەند حزبێکی تری تیا بو بێجگە لە یەکێتی و پارتی، بەڵام بە چاکمان نەزانی ئەو هەمو تەفسیلات و پلانەی خۆمان بۆ حیزبەکانی تر باس بکەین. ئەوەی بە دەرەجەی ئەساسی ئەیزانی، پارتی بو و بێگومان مەسئولەکانی ئێمەش. ئەمە لە ترسی ئەوە بو، کە نەوەک یەکێک لەوانە کەسێکی وای تیا بێ،

کە خەبەرەکە تەسریب بکا بۆ دەزگاکانی حکومەتی عێراقی و ئیشەکانمان لێ تێک بدا. بەڵام لە دوایدا، کە ئیتر سەرەتای راپەرینەکە هات و سەرەتاکەی دەرکەوت، هەموو لایەنەکانی تریش ئاگادار کرانەوە و هەر کەسەی بە گوێرەی حەجمی خۆی بەشداریی لە راپەرینەکەدا کرد.

باست حەمەغەریب: کاک نەوشیروان سەرکردایەتی یەکێتی لەو پلانەی خۆیدا، ئیعتیمادی ئەساسی لەسەر کێ بو؟ لەسەر هێزی پێشمەرگە بو، یان تەنزیماتی ناو شارەکان؟

نەوشیروان مستەفا: ئیعتیمادی ئەساسیمان لەسەر تەنزیماتی ناو شارەکان بو، لەسەر شانە چەکدارەکان بو، لەسەر پارتیزانەکان بو، لەسەر پێشمەرگەکان بو. یەعنی لە حەقیقەتدا ئەمانە هەمووی وەکو حەڵقە بە یەکەوە بەسترا بون، هیچیان دابڕاو نەبون لە یەکتری. بۆ نمونە ئەو پارتیزانانەی کە پێشتر لەناو داخلی کوردستانی عێراقدا بون، دواتر زیاد کران و خەڵکی تریان بۆ نێردرا، لە نزیکەوە پەیوەندیان هەبو لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی ناو شارەکان و ناو ئۆردوگاکان. ئەوان بە موختەفی ئەو کارانەیان ئەکرد و لەگەڵ زۆر لە چەکدارەکانی حکومەت قسەیان کرد بو، بۆ ئەوەی هاوکارییان لەگەڵ بکەن. هەندێک لەوانە تا کاتی راپەرین لەناو شاردا مانەوە. لەبەر ئەوە، کە ئەڵێی ئیعتیمادی ئەساسی لەسەر کێ بو، ناتوانی بڵێی بە یەک هێز ئیشەکەم کردوە، بەڵام ئەوەی دەوری گرنگی بینی، لە راستیدا رێکخستنی شارەکان بو، کە شانە چەکدارەکانیان رێکخست بو، تەوجیهی شانە چەکدارەکانیان ئەکرد. بێجگە لەمە کاتێ گەیشتە دەست پێکردنی راپەرین، ئیتر خۆمان لە رێگای رادیۆوە بە مەرکەزیی ئاگادارمان ئەکردنەوە، کە کوێ دەست پێ بکا و کوێ دەست پێ نەکا. بۆ نمونە: لەبەر ئەوەی ئێمە خۆمان لە ناوچەی زەڵێ و قاسمەڕەش بوین پێویستیمان بەوە هەبو، کە دەروازەیەکمان هەبێ بۆ کوردستانی عێراق، هەر لە زووەوە ئێمە قورسایی خۆمانمان خستبوە سەر ناوچەی رانیە و بتوێن و چوارقورنە و حاجی ئاوا و سەروچاوە. لەناو ئەوانە هێزی زۆر باشمان رێک خست بو، پێشمەرگەی باشیشمان نارد بو، کادری باشمان نارد بو، بۆ ئەوەی لەو ناوچەیەدا خەریکی سازدانی کۆمەڵانی خەڵک بن. ئەوە بو راپەڕین لە ٥ی ٣ لە رانیەوە دەستی پێ کرد، ناوچەکەیان رزگار کرد.

رزگار کردنی ناوچەکەش بوە سەبەبی ئەوەی رێگاش بۆ ئێمە بکاتەوە، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لە قاسمەڕەش و لە زەڵێ وە بەشی هەرە زۆری هێزەکانی خۆمان، ئەوانەی مەسئول بون لە ئیشەکانیان لە هەموو پارێزگای هەولێردا، لە ناوچەی بتوێن و رانیە، بۆ ئەوەی لەو ناوچەیەوە بێینە خوارەوە. خۆشمان ئێمە لەوێوە هاتینە خوارەوە، بۆیە ناویش نراوە دەروازەی راپەڕین، چونکە لەوێوە دەستی پێ کرد، یەکەم شوێن، کە رزگار کرا ئەوێ بو، ئەوان رێگاکەیان کردەوە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لەو سەرەوە دابەزینە خوارەوە. پاش ئەوەی هەموو هێزەکانی هەولێر گەیشتنە شاری رانیە، خەڵک پێشوازییەکی گەرمیان لێ کردن، کاک کۆسرەت و کاک حەسەن کوێستانی و کاک شێردڵ و ئەوانیان لەگەڵدا بو، ئۆتۆمبیلەکانیان بە دەست بەرز کردنەوە. ئینجا پێش ئەوەی هیچ ئیسراحەتێک بکەن هەموو هێزەکانی ناوچەکەیان ساز دا، هەموو ئەو هێزە چەکدارانەی پێشتر لەگەڵ حکومەتدا بون، تێکەڵاوی راپەڕین بو بون، بۆ ئەوەی جێگاکانی تری پێ ئازاد بکەین، ئەمە بە گوێرەی ئەو نەخشەیەی کە پێشتر دانرابو. ئەوە بو هێزەکانیان دابەش کرد، بەشێکیان چونە سەر شەقڵاوە، بەشێکیان چونە سەر کۆیە، شەقڵاوەشیان ئازاد کرد و کۆیەشیان ئازاد کرد. هەموو ئەو رێگایەی پێی ئەوترێ جادەی هاملتۆن لە شەقڵاوەوە تا حاجی ئۆمەران سقوتی کرد، ئەو هێزانەی لەو ناوچانەدا بون هەموویان تەسلیمی خەڵک بون. هێزەکانی تریشیان کۆ کردەوە لە شەقڵاوەوە بۆ سەڵاحەدین و لەوێوە بەرەو هەولێر، لە کۆی سنجاقەوە بەرەو هەولێر. ئەوە بو لەناو شاری هەولێریشدا شانە چەکدارەکان و کۆمەڵانی خەڵک راپەڕینیان دەست پێ کرد و پەلاماری دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی رژێمیان دا. هاوزەمان لەگەڵ پەلاماردانی ئەوانەدا، پێشمەرگەش گەیشتە ناو شاری هەولێر. لە رۆژی ١١ی ئازاردا، کە رۆژێکی مێژویی بڵاوکردنەوەی بەیانی 11ی ئازارە ناو شاری هەولێریش ئازاد کرا. بێگومان پێش ئازادکردنی شاری هەولێر وەکو وتم: ٥ی ئازار لە رانیە دەستی پێ کرد و ئازاد کرا، لەناو سلێمانیدا ٧ی ئازار راپەڕین دەستی پێ کرد. لەناو شاری سلێمانی لە دو شوێنی سەرەکییەوە دەستی پێ کرد، یەکێکیان لە سەروی سلێمانییەوە، کە خەڵک کۆبونەوە، ئەوانەی سەر بە رێکخستن و شانەی چەکدارەکان لە شیمالی سلێمانییەوە دەستیان پێ کرد، بەشێکی تریشیان لە جنوبی سلێمانییەوە دەستیان پێ کرد، لە دوایدا ئەمانە هەموویان لە ئەمنە سورەکە یەکیان گرتەوە، ئەمنە سورەکەشیان ئازاد کرد و بەو شێوەیە سلێمانی ئازاد بو.

لە راستیدا بە ئازادبونی سلێمانی مەعنەویاتی خەڵکی کوردستانی زۆر زۆر پێ بەرز بووەوە، چونکە سلێمانی شارێکی ئاسایی نەبو، سلێمانی شارێکی گەورەیە، مەرکەزی پارێزگایە، بێجگە لەوە یەکێک بو لەو شارانەی عێراق زۆر ئیهتیمامی پێ دابو بە پارێزگاری کردنی دامودەزگا سەرکوتکەری زۆر بەهێزی تیابو، لەبەر ئەوە زۆر پارێزگاریان لێ ئەکرد، بۆیە ئازادکردنی شاری سلێمانی بو بە سەبەبی ئەو تەلیسمەی دەسەڵاتی بەعس لە کوردستانی عێراقدا شکا. خەڵکیش ورەیان بەرز بووەوە، بۆ ئەوەی زیاتر حەماس پەیدا بکەن بۆ پەلاماردانی دامودەزگاکانی حکومەت.

باست حەمەغەریب: کاک نەوشیروان رۆژێکی دیاری کراوتان دانا بو بۆ ئەوەی لە سەرتاسەری کوردستاندا بە یەک جار راپەڕین ببێ؟

نەوشیروان مستەفا: نەخێر دانەنرا بو، لە سەرتاسەری کوردستاندا بێ، چونکە پێمان وابو، کە ئەوە کارێکی لە کردە نەهاتوە، بە تایبەتی چونکە بۆ ئازاد کردنی هەندێ شوێن، تۆ پێویستت بەوە هەبو هێزی لەسەر کۆبکەیەوە، یەعنی نەتئەتوانی بە هێزێکی بچوک ناوچەیەک بگری. بۆ نمونە، ئەگەر رانیە رزگار نەکرایە، نەئەتوانرا شەقڵاوە و کۆیە رزگار بکرێ. چونکە پاش ئەوەی رانیە رزگار بو، هەموو هێزەکانی رانیە بە هەزاران بردرانە ئەو جێگایانەی تر، بۆ رزگار کردنی شەقڵاوە و کۆیە و دواتر بۆ رزگار کردنی هەولێر. یەعنی نەئەتوانرا لە یەک کاتدا لە سەرتاسەری کوردستاندا دەست پێ بکرێ، لەبەر ئەوە لە ئەساسەوە دانرا بو، کە لە رانیەوە دەست پێ بکەین، رانیە ببێ بە بنکەی سەرکردایەتی راپەڕین.

باست حەمەغەریب: هیچ حسابێ کرا بو لانی کەم، بێ لایەنکردنی جەیشی عێراق؟

نەوشیروان مستەفا: بەڵێ لە کاتی داگیرکردنی کوێتدا ٨ فیرقە عەسکەر لە کوردستانی عێراقدا هەبو، ئێمە هەر هەشتیان نامەمان بۆ نوسی بون، کە شەڕمان لەگەڵدا راگیر کردون. سەرکردایەتی سیاسی جەبهەی کوردستانیش لەلای خۆیەوە شەڕی راگیر کرد لەگەڵیان. بێجگە لەوە لە دابەزینی هێزەکانمان، تەعلیمات درا بو بە هەموو مەسئولەکانی (ی.ن.ک)، کە لە هیچ جێگایەک توخنی جەیش و پۆلیسی عێراقی نەکەون، بە عەکسەوە لە هەموو ناوچەکان خۆیان لە شەڕی ئەوانە لابەن. هەوڵ بدەن بە زوترین کات بچنە ناو مەرکەزی ئاوەدانییەکان، یەعنی ناو مەرکەزی شارەکان، لەناو مەرکەزی شارەکانیشدا پەلاماری ٤ جێگا بدەن، ئەوانەش بریتی بون لە، مقەڕی حیزبی بەعس، مقەڕی ئیستیخباراتی عەسکەری، مقەڕی موخابەراتی عەسکەری و دائیرەی ئەمن. یەعنی ئەم چوارە ئامانجی پەلامارەکان بون لە ناو شارەکان. وە وەکو باسمکرد ئەمە عەسەبی حەساسی رژێمی عێراق بو، دوای ئەوەی ئەم چوارە سقوتی ئەکرد شارەکە سقوتی ئەکرد. لەبەر ئەوە ئەو هێزانەی ئێمە کە جوڵەیان کرد، هەموو ئەوانەی لە بلەکێوە هاتن بۆ سلێمانی خۆیان لادا لە هێزەکانی حکومەتی عێراقی. ئەوەی لە ناوزەنگەوە بەرێکەوت بەرەو رانیە خۆی لادا لە جەیشی عێراقی، ئەوەی لە تەپەڕەشەوە چو بۆ کەلار و دەربەندیخان خۆیان لادا لە جەیشی عێراقی، هەم لە پۆلیسی عێراقی و هەم لە جەیشی شەعبی. لەو هێزانەی رەبایەی سەرجادە و معسەکەرات خۆیان لادا،

بۆ ئەوەی بە زوترین کات بگەنە ناو شارەکان. بۆیە توانیمان تا حەدێکی زۆر جەیشی عێراقی محاید بێ، بێجگە لەوەی نیدایەکی زۆر زۆریشمان لە رادیۆکەی خۆمانەوە بۆ دەرکردن، پاش ئەوەی بە چاپیش بڵاومان کردەوە. بۆ ئەوەی جەیشی عێراقی بێ لایەن بکەین، لەم بارەیەوە ژمارەیەکی زۆر بەیانمان پێش دەست پێ کردنی راپەڕین چاپ کرد و بۆمان فڕێدانە ناو معەسکەرەکانیانەوە. یەعنی هەوڵی ئەوە زۆر درا، کە جەیشی عێراقی بێ لایەن بێ، بە راستیش بێ لایەن بو. رەنگە بێ لایەنییەکە هەموی ئەوە نەبێ، کە ئێمە تەئسیرمان تێ کردبن، هەندێک لە بێ لایەنییەکەی ئەگەڕایەوە بۆ ئەوەی جەیشی عێراقی لەو رۆژانەدا سەری نەمابو، چونکە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ قیادەی عامی قواتی مسەلەحەی خۆیا بە جیهازی لاسیکی نەمابو و پچڕا بو، لەبەر ئەوە نەیئەزانی چی بکا و چی نەکا. بێجگە لەوەی ورەیان دابەزی بو، پێیان وابو کە ئیتر سەددام رۆشتوە و تەواو بوە، ئەو رژێمە تەواو بوە، بۆیە نایهێنێ دیفاعی لێ بکەن و خۆیانی لەسەر بە کوشتن بدەن.

باست حەمەغەریب: کاک نەوشیروان ئەی سەبارەت بەو راپەڕینەی لە باشوری عێراق روی دا، هیچ تەنسیقێک لە نێوان راپەڕینی باشوری عێراق و کوردستاندا کرا بو؟

نەوشیروان مستەفا: دوای ئەوەی عێراق کوێتی داگیر کرد، ئێمە لیژنەیەکی سێ قۆڵیمان هەبو، لە نوێنەرێکی یەکێتی، نوێنەرێکی پارتی و نوێنەرێکی مەجلیسی ئەعلای شۆرشی ئیسلامی. زنجیرەیەک کۆبونەوەیان کرد. دو لیژنە بون، لیژنەیەکیان لیژنەیەکی سیاسی بو بۆ تەنسیقی سیاسی، لیژنەیەکیان لیژنەی عەسکەری بو بۆ ئەوەی تەنسیقی عەسکەری بکەین. ئەو لیژنانە مەجموعەیەک ئیحتیمالاتیان باسکرد، لە زمنی ئەو ئیحتیمالاتانە باسی ئەوەیان کرد کە ئێمە هەمو هێزەکانمان کۆ بکەینەوەو بیبەینە ناوچەیەکی بەرامبەر بە بەغدا دایبنێین بۆ ئەوەی کاتێک رژێمی عێراقی ئەتەپێ و ئەڕوخێ هێزەکانی ئێمە لەوێوە پەلاماری شاری بەغدا بەن. ئەوە یەکێک بو لە ئیحتیمالەکان، بەڵام لە دوایی دا ئەوەیان پەسەند نەکرد، ئەوەیان پەسەند کرد، کە ئێمە لە ناوچەکانی خۆمانەوە دەست پێ بکەین، ئەوانیش لە باشوری عێراقەوە دەست پێ بکەن. لە راستیدا راپەڕینی باشوری عێراق سەرەتاکەی شتێکی عەفەوی بو، هێزێک لەو هێزانەی بە شکاوی لە کوێتەوە کشایەوە بۆ بەسرە، لولەی تۆپەکەی کردە یەکێک لە وێنەکانی سەدام و دایە بەر تۆپ ئیتر خەڵک راپەڕی و پەلاماری دامودەزگاکانیان دا. ئەو کاتە مەجلسیش کادر و چەکدارەکانی خۆی ناردەوە بۆ شارەکانی جنوب. لە راستیدا مەجلیس لەوەدا خەتایەکی گەورەیان کرد، هەرچەندە پێش ئەوەی هیچ کارێک دەست پێ بکەن، بەڵێنی ئەوەیان بە ئێمە دابو، کە شیعاراتی دینی نەهێننە ناو راپەڕینەکەوە، بەڵام ئەو بەڵێنەی خۆیان بەجێ نەهێنا. پێشم وایە زەرەرێکی زۆر گەورە لەوان و لە ئێمەش کەوت، لە ئەنجامی ئەو شیعاراتە دینی و رەسمانەوە، کە خەڵک هەموی ئەزانێ چۆن بوە، لە ناو شارەکانی جنوبدا چالاکیان نواند. لە سەرەتادا ئێمە وەکو سێ رێکخراو تەنسیق لە نێوانماندا هەبو، بەڵام کە راپەڕینەکە لە جنوبی عێراق دەستی پێ کرد تا حەدێکی زۆر پێیان وابو ئیتر مەسەلەکە حەسم بوە، ئەوەندە گوێیان نەئەدا بە ئێمە، بۆ ئەوەی تەنسیق لەگەڵ ئێمە بکەن. خۆیان خەریکی خۆیان بون، تا بەرەو تێک شکان چون. ئەو تەنسیقە ئەگەر ببوایە موحتەمەل بو زیاتر سودی هەبێ، یان ئەگەر ئەوان ئەو دروشمە دینیانەیان نەهێنایەتە ناو مەسەلەکەوە، رەنگ بو وا چاوپۆشییان نەکردایە لە لێدانی ڕاپەڕین دا لە رۆژانی راپەڕین.

باست حەمەغەریب: کاک نەوشیروان جگە لەو ناوچەیەی کە لە راپەڕیندا ئازاد کرا، ناوچەیەکی گەورەی موسڵ، کە هەموی ناوچەی کوردنشین بون، هیچی تیا روی نەدا، سەبەب چی بو؟ هەر لە پێشەوە پلانێکی وا دانەنرا بو ئەو ناوچانەش ئازاد بکرێن؟ یان هێشتا مابو، کە حکومەت پەلاماری کەرکوکی دایەوە؟

نەوشیروان مستەفا: بۆچی؟ ناوچەی پارێزگای دهۆک هەموی ئازاد کرا، لە ئازاد کردنی پارێزگای دهۆکدا مستەشارەکان دەورێکی زۆریان بینی. یەکەم هێزیش کە گەیشتە بادینان بە ئیمدادی خەڵکەوە، هێزێکی ی.ن.ک بو بە سەرکردایەتی ماموستا نازم عومەر. ئەو ناوە زەمینەی راپەڕین زۆر زۆر لەبار بو بۆی، بەڵام لەبەر ئەوەی ناوچەکە زۆر لە ئێمەوە دور بو و کەوتبوە سەر سنوری تورکیا، بۆیە بە ئاسانی نەمانئەتوانی هێزی بۆ بنێرین. ئێمە هێزێکی بچوکمان لەوێ بو، یەکێک لەوانەی سەرکردایەتیان ئەکرد حەسەن سەلیم بو، کە دواتر شەهید بو. پارتیش لەوێ دیسانەوە هێزێکی هەبو لەسەر سنور، بەڵام ئەو هێزە بایی ئەوە نەبو بتوانێ قیادەی راپەڕین بکا لە ناوچەی بادیناندا، بەڵام لە بادینانیش ئێمە شانەی چەکداری زۆرمان هەبو،

ئەگەر کەسێک لە بیری بێ لە کاتی راپەڕیندا چۆن هەندێ لەوانەی لە بادینانەوە بروسکەی پیرۆزباییان لێ ئەدا لە رادیۆکەی ئێمەوە بڵاو ئەکرایەوە، هەم ئێمەش لە رادیۆکەوە کۆدی نهێنیمان بۆ ئەناردن، داوامان لێدەکردن دەستبکەن بە ئیش و بە راپەڕین.


ناوچەی موسڵیش یەکێک بو لە ناوچە گرنگەکان، لەوێش زەمینەی راپەڕین لەبار بو، خەڵکێکی زۆر جوابیان نارد بۆ ئەوەی هێز بنێرین و ئەوانیش هاوکاریمان لەگەڵ بکەن و تەنانەت ناو شاری موسڵیش ئازاد بکرێت. ئەو کاتەی شاری کەرکوک ئازاد نەکرا بو، لە ئاڵتون کۆپری بارەگایەکی سەرەکی ئێمەی لێ بو، لەوێ کۆبونەوەیەکمان کرد بۆ ئەوەی رێوشوێنی ئازاد کردنی شاری کەرکوک دابنێین، کاک مەسعود بازرانیش لە کۆبونەوەکەدا بەشدار بو. وا ئیتیفاقمان کرد ئەو بگەڕێتەوە و بڕوا هەندێ لە هێزەکانی هەولێر و بادینان رێک بخا، بۆ ئەوەی بچنە سەر موسڵ و موسڵ ڕزگار بکەن، کەرکوکیشی بۆ ئێمە بەجێهێشت، بۆ ئەوەی ئێمە خەریکی ئیشی کەرکوک بین. ئیتر ئێمە خەریکی ئیشی کەرکوک بوین. لە راستیدا ئەو کە رۆیشت و چو بۆ ئەولا، لەو لا پەشیمان بوەوە. کاک مەسعود ئەیوت بۆیە پەشیمان بۆینەتەوە، کە ئینتیباعێکی وا نەدەین بە خەڵکی موسڵ، وەکو چۆن ساڵی ١٩٥٩ کوردی تیا ئیتیهام کراوە بەوەی رۆیشتوە خەڵکی کوشتوە، بۆ ئەوەی ئەوە دوبارە نەبێتەوە. ئێمە کارەکەی خۆمان بەجێ هێنا، کە عیبارەت بو لە ئازادکردنی شاری کەرکوک. هێزەکانی خۆمانمان هەموی کۆ کردەوە، هێزەکانی ئەوانیشمان برد، کە لەو ناوچەنەدا بون. هێزێک لە ناوچەی ئاڵتون کۆپری ئامادە کرا بەرەو کەلوڕ و لەوێوە بەرەو کەلی سێکانیان. هێزێکی تریش لە سلێمانییەوە چو بون بەرەو چەمچەماڵ و لە قەرەهەنجیر یەکیان گرت بوەوە. هێزێکی تریش لە گەرمیانەوە ئەبو لە دوزەوە پەلامار بدەن. ئەو هێزانەی کە ئامادەمان کرد بون لە ئاڵتون کۆپرییەوە، کارەکانی خۆیان دەست پێ کرد بۆ تێکشکاندنی خەتی دیفاعی حکومەت لەسەر کەلی سێکانیان. ئەوانەی قەرەهەنجیریش خەتە دیفاعییەکانی عێراقیان شکاند و داخڵی ناو شاری کەرکوک بون. بەڵام ئەو هێزەی ئەبو لە دوزەوە حەرەکەت بکا، موجاهیدینی خەڵک پەلاماریاندان، مەشغوڵیان کردن بە خۆیانەوە، شەڕێکی قورسیان لەگەڵ کردن، لەبەر ئەوە ئەو قۆڵە نەیتوانی بەشداری لە ئازادکردنی کەرکوکدا بکا. بۆیە هەتا کەرکوکیش گیرایەوە، معەسکەر خالید و ئەو ناوچەیە، کە ئەبوایە ئەو هێزەی گەرمیان بهاتنایە و تەسفیەیان بکردنایە، مایەوە. ئەوە دیسان بوەوە بە بنکەیەک بۆ ئەوەی هێزەکانی عێراق لەوێ کۆببنەوە، لەوێوە پەلاماری شاری کەرکوکیان دایەوە و گرتیانەوە.

باست حەمەغەریب: ئەو پلانەی بۆ ڕاپەڕینتان دانابو لە نەتیجەدا هەمو ئامانجەکانی خۆی پێکا؟

نەوشیروان مستەفا: بەڵێ پێم وایە هەمو ئامانجەکانی خۆی پێکا، کە ئەویش بریتی بو لە دەرکردنی دەسەڵاتی بەعس لە کوردستانی عێراق و ڕزگارکردنی کوردستانی عێراق. لە راپەڕیندا لە ڕاستیدا ئێمە نەمانتوانی پارێزگاری لێ بکەین، ئەگینا چەند شوێنێکی کەمی لێ دەرچێت، سنجار و ئەوانە نەبێ، باقیەکەی تری تەقریبەن هەموی رزگار کرا. تەنانەت ناو شاری کەرکوک و خانەقین و ئەوانە هەموی کەوتنە دەست کورد.


بەڵام ئێمە حسابەکانمان تا حەدێک دیعایەی هاوپەیمانەکان سەریان لێ شێواندن.
هاوپەیمانەکان لە رادیۆکانی خۆیانەوە بڵاویان کردەوە کە ٤٥ فیرقەی جەیشی عێراقیان تێک شکاندوە، عێراق هێزی ئاسمانی نەماوە، هێزی دەبابەی نەماوە، تۆپی نەماوە، ئەوەی نەماوە. ئێمە وامانئەزانی راست ئەکەن. وە باسی ئەوەشیان کرد، کە جەیشی عێراقیان ئیبادە کردوە لەو جێگایەی ناویان نابو "طریق الموت" لە بەینی کوێتو لە گەڕانەوەدا، کە چەند هەزار کەسێکیان کوشتوەو بە تەلەفزیۆن پیشانیان دابو.
دنیا وای ئەزانی جەیشی عێراقی ئیبادە بوە. لە راستیدا ئێمە وامانئەزانی ئەو قسانەی لە زمانی قسەکەرەکانی هێزی هاوپەیمانەکانەوە بڵاویان ئەکردەوە، پێمان وابو هێزی عێراقی تەواو بوە، مادەم ٤٥ فیرقەی جەیشی عێراقی شکابێ، مەعنای وایە هێزێکی وایان نەماوە. بەڵام لە رۆژانی راپەڕیندا بۆمان دەرکەوت، کە جەیشی عێراقی جەزرەبەیەکی ئەوتۆی بەر نەکەوتبو، بە تایبەتی حەرەسی جمهوری هەموی ساغ و سەلیم بو، مابونەوە. ئەوە بو لە دواتردا لە سەرکوت کردنی عێراقدا بەشداریان کرد.
باست حەمەغەریب: کاک نەوشیروان دەرئەنجامی راپەڕین، ئەو روداوانەی لە دوای راپەڕین رویاندا، ئایا کورد لە هەرێمی کوردستاندا توانیویەتی بە تەواوی ئیستیفادەی لێ بکا؟
نەوشیروان مستەفا: ئەوەی بە تەواوی توانیبێتی ئیستیفادەی لێ بکا، ئەوە رەنگە بەجێی بێڵم بۆ خەڵکی تر تەقیمی بکا، چونکە خۆم یەکێک بوم لەو کەسانەی بەشداریم کردوە لە روداوەکاندا، بۆیە ناتوانم ئەوە تەقیم بکەم. بەڵام ئێستا سلێمانی و هەولێر و دهۆک ئازادە. راستە سلێمانی بۆ پارتی ئازاد نییە، هەولێر و دهۆکیش بۆ یەکێتی ئازاد نییە، بەڵام لە عەینی وەختا بە دەست کوردەوەیە. لەو فەترەی ٩ ساڵی رابردودا سەرەڕای ئەوەی کورد حەساری دەولی لەسەر بوە، حەساری بەغدای لەسەر بوە، حەساری دراوسێکانی لەسەر بوە، بێ تەجروبەیی خۆی، لە هەموی خراپ تر شەڕی ناوخۆ. سەرەڕای هەمو ئەوانە، لە هەر کەسێ بپرسی ئێستا وەزعی باشترە لەوەی کە لە ژێر سایەی دەسەڵاتی بەعسیدا بوە. لە هەر کوردێکی دڵسۆزیش بپرسی ئایا ئەم وەزعەی ئێستا باشترە، یاخود ئەوەی حکومەتی عێراق بێتەوە، ئیتر بەعسی بێ، یان غەیری بەعسی بێ، خەڵک دەسەڵاتی حوکمی کوردی بەلاوە باشترە. وە ئەو فەترەیەش ئەگەر نەشیتوانی بێ هەمو شتەکان جێبەجێ بکا، کە دێهاتی کوردستان هەموی وێران بوە، بەڵام سەر لەنوێ هەمو دێهاتەکان ئاوەدان بۆتەوە، خەڵک گەڕاوەتەوە بۆ جێگاکانی خۆی. ئەوە چەندین جامیعەمان هەیە. دامودەزگاکانی خۆمان لە وڵاتەکی خۆماندا، هەمو دامودەزگاکان لە کەسوکاری خۆمانن، خەڵکی وڵاتەکەی خۆمانە بەڕێوەی ئەبا. کورد توانیویەتی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ دەوڵەتانی دنیا، لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ دروست بکا، لەناو موجتەمەعی دەولی جێگای خۆی بکاتەوە. یەعنی دەستکەوتی باشی هەبوە.
باست حەمەغەریب: کاک نەوشیروان، پاش ٩ ساڵ لە راپەڕین، ئەگەر ئەو ٩ ساڵە پێکەوە هەڵسەنگێنین، چۆن سەیری ئەکەیت؟
نەوشیروان مستەفا: بە گشتی پێم وایە سەرکەوتو بوە. کورد ئیشێکی باشی کردوە، بە تایبەتی ئەگەر بتوانین کێشەی ناوخۆ چارەسەر بکەین، لام وایە گەورەترین سەرکەوتنمان لە قەڕنی بیستەمدا بۆ میللەتەکەمان بەدەست هێناوە.

**باست حەمەغەریب: سوپاس بۆ ئەم دیدارە.**
**نەوشیروان مستەفا: منیش سوپاستان ئەکەم.**
**سایتی زەمەن**



## نووکتەیەک لەگەڵ هەردوو حەمەی نەمرا، وێنەکە لە ڕاستەوە نەمر کاکەحەمەی حاجی سەعید ٢/نەمر کاکە حەمە سورەبانی

من و نەمر حەمە سورەبانی ،ساڵی ١٩٨٥ لە واژە بوین ملمان نا بۆ کەرتی یەکی تیپی ٣٧ مقەریان لەسنگێ بوو ، بەڕێگاوە کوڕێکی گەنجمان تووش بوو ، سڵاومان لێکرد پرسیمان چ کارەیە هەندێ پرسیارو قسەمان لەگەڵ کرد ووتی خەڵکی زەراینم هاتووم بۆ پێشمەرگایەتی ،
وتمان لە ناوچەی خۆ ت چۆنە نەبوویتە پ.م ،
ووتی ڕێم کەوتە ئێرەوە،
لەگەڵ خۆمان بردمان کوڕێکی بێدەنگ و شەرمن بوو ، گەیشتینە کەرتی یەک ،لەگەڵ برادەران بوو بەگاڵتەو گەپ ، ئەو کورەمان پێ ناساندن کە هاتووە بۆ پێشمەرگایەتی
حەمەی حاجی سەعید ،جێگری ئامرکەرت بوو لەوێ نەبوو، هەندێ قسەیان لەگەڵ کورە کرد کورە قوشقی بوو ،
ووتی بەشەرفم مزلەیم نەدەنێ یەک دەقە پێشمەرگایەتی ناکەم ، ئەم سەراو سەری ژووری مزگەوتەکەی ئەکرد ، ئەیوت ئینجا دەنگی خەڵکی پێدەدەم ،زەلام کێی نەجوڵێی کوژراى ،بوو بەپێکەنین ،هەموو حەپەساین، خەڵک چەند ساڵ پ.م بوو قۆناغ داری پێ بوو ئەو مزلی ئەویست،مزلی چەکێکی مەرغوب بوو کاتی ئەویست تا وەریبگریت ، پێم ووت کاکە دوو لۆی سینەک بۆ هەڵناگری باشترە ؟
ووتی لە مزلی باشترە ؟
ووتم ،کورە زۆر باشترە ،جاری وایە بۆ خۆی تەقە ئەکات ،
ووتی بەشەرەفم دوولۆی سینەکم ئەوێت دوولۆی سینەکم نەدەنێ نایکەم ، پێشمەرگایەتی ناکەم .
برادەران بووڕابوونەوە لەپێکەنینا ، وەڵا حەمە خۆی کرد بەژوورا ،ووتی ئەوە چی یە ؟
بێ دەنگی دروست بوو ، بەڵام تۆز تۆزە هەر پێئەکەنین باسەکەیان بۆ گێڕایەوە ،بەکابرای ووت دانیشە ئەمشەو لێرە ئەنوویت بەیانی ئەچی بۆ کوێ بچۆ ،سەیرێکی من و حەمەی کرد ،ووتی ئەم بەزمە چی یە هێناوتانە بۆ ئێرە ؟
وەڵا دوولۆی سینەک ڕۆیشت نازانم چی بەسەر هات/ڕزگارەسوور



# بەسەرکردنەوەی شەهیدان

ڕووسوورەکانی مێژوو ،کلاوڕۆژنەی نیشتیمان کاکی کاکان کاکە حەمەی حاجی سەعید چیایەک لەهەڵوێست و پڵنگێ لەهەڵمەت شێرێ لەنەعرەتە،پیاوە مەزنەکە ،رۆڵە تاقانەکەی چوارتا

لەساڵی١٩٦٣ لەچوارتا /سەرسیر/لەدایک بووە ، لەسەر گۆڕەکەی ١٩٦٤ نوسراوە

کاکە حەمە ناوی رێکخستنی جوتیار /حەمە جوتیار/ لەساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە لەچوارتا ،ساڵی ١٩٨١ لەگەڵ چەند هاورێی ،لەکارێکی نهێنی دا ،ئاشکرا بوون ،یەکێکیان لێ گیرا ئەمانیش روویان کردە شاخ ،لەمەکتەبی عەسکەری بووە پێشمەرگە سەرەتا بە حەمە رەشاش ناودەبرا ،دوایی حەمەی حاجی سەعید .

لەتیپی ٣١ سلێمانی ٥٧ سەگرمە دوایی کەرتی رێکخستنی چوارتا تیپی٣٧ پێشمەرگە بووە.

تاوەکو لەکەرتی یەکی تیپی ٣٧ بووە..ف،م ،ج،ک ..فەرماندەی کەرت ، دواتر لەهەمان تیپ جێگری فەرماندەی تیپ .

تا ١٩٨٨/٠٣/١٦ لەکاتی رێکردن بۆ هەڵەبجە لە هاوار گووللە فاسی تاقی کردەوە پارچەیەک بەر سکی کەوت تووشی نەزیفی داخلی کرد چووە کاروانی نەمرانەوە لاشەی پیرۆزیان هێنایەوە بۆ شانەخسێ لەگەڵ چەند هاورییەکی بەخاک سپێردراون ،مەزارێکی کۆمەڵیان بۆ کردون هەموو ئەو ناوچەیەیان پڕ کردووە لەجوانی و بۆنی نەمری و یادەوەری رۆژەجوانەکانی ژیان ،

کاکە حەمە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەچوارتا تەواو کردووە ،کاتی راکردنی بۆ شاخ قوتابی ئامادەیی سەلاحەدین بوو لە کانێسکان لەسلێمانی پێی دەنایە دووەم ساڵی خوێندن ،

حەوت بۆ نۆ جار بریندار بووە ،کاکە حەمەی نموونەی ئازایەتی دەست و داوێن پاکی خو رەوشتی جوان وەفا ..نمونەی هەموو جوانیەک بوو ، درود بۆ گیانی پاکی گۆڕی پڕ نوور بێت ،خۆشەویسترین هاورێی ژیانم سەری رێز لەئاستت تۆ و نەمران دادەگرم بەئارامی بنوو هەمیشە لامی لەدڵ و رۆحمای ،تۆ هیچ کات فەرامۆش ناکرێیت یادگاریەکانت داخێکی عەشقە لەسەر دڵم کاکە حەمە تاقانەکەم/رزگارەسوور



هاورێم حەمە
کە شەوەزەنگ
کانی بناری کوێر ئەکرد
تۆ هەگبەت پڕ لەتریفەوە
نارنجۆکت پڕ لەگرمەوە
هەنگاوت پڕ لەسەرکەوتن
شەو خەواڵو
بەقرمەیەک دادئەجڵەکان
تاریکی وێڵ
جرای بیرت دائەگیرسان

هاورێم حەمە
قامیشەڵانێ گڕی گرد
چەند بتهۆڤن....قالەمەرەی
لەشەپۆلی گڕا سووتان
چەند شمشاڵی پەنچە نەدیوو
بوونە سووتماک
دارستانێکیان داپاچی
چەند سموڕە......
چەند کوکوختی......
چەند مێرووله..........
چەند مارمێلکە..........
........بەبێ لانە...............
چۆلەکەکان
بەدەم یەکا ئەرشانەوە
ماچ گڕی گرد
پەپولەکان
پەرەی گوڵیان ئەلستەوە
باڵیان کردن
هەنگ لەعەشقی
لێو مژینی
خونچەگوڵا
دەمی لێکنا
باڵ و ......گەڵا
بوون بە کفن و
دایان بەسەر
لاشەی یەکا
گوڵ فرمێسکی
لەچاو تکا
بوو بە تکا
هاواری کرد
من عەتری نازی کەروێشکەوە
زوڵفی لوولی دارستان و
سەوزە گیا بووم
ئێستا خەردەڵ
لەسەر پەرەو چرۆم ئەتکێ
هەنگەزەردە
شیلەی مەمکی وەنەوشەیەکی
لەدەم نانێ و
جارێکی تر حەیران لاوک
بۆ شۆرەبی و چۆگە نالێ
هاڕێم حەمە
ئەو رۆژانەی
دارەبەنیان چاو بەست کردو
سنەوبەریان گڕ تێبەردا
دارگوێزەکانیان داتاشی
بۆ خەنە کردنی بوکیان
کانیاویان پڕ لەتێزاب کرد
شار باخی قووە خاسە بوو
دایکان رەشپۆش
سنگیان بارانی چەپۆک و
چاویان کانیاوی فرمێسک و
زوڵفیان گسکی
رێگەی ئەمن و ژاندرمە بوو
کچان...لاوان ...بووکی تازە
بەکشەوەمان
خانوو...پارە...جزدان....گیرفان....
جیا
....دەربەند....پێدەشت....رووبار.....
ماروو مێروو............
هەموو رۆحێکی ئەم خاکە
هەموو بستێکی کوردوستان
چەندین داستان و.....چیرۆک و
هێرۆشیمان......

هاورێم حەمە
کەخوێنت بوو بەسیروان و
تافگەی عەشقی
لەسەر دوندی نەمریتا بەست
دارستانێ قژی رنی و
گوڵاڵە سوورەی چاو بەکل
شەونمی فرمێسکی باران
گمۆ بەفراوی سەرلووتکەی
بوو بەسوورەوە
بەسەر کوڵمیا
هێواش خزی
بوو بەچۆگەو....
بوو بە رووبار.......
بوو بە دەریا...........
لەکۆنسێرتی ئۆقیانوسا
بوو بە سەفەر ....لاوک و حەیران
هەڵۆ ئەڵێت
ئەمە سروودی عەشقی بەفرەو
لەسەر دەمی بووکی دەریان

هاورێم حەمە
کەتۆ رۆیشتیت
چاوی هەڵەبجەم کوێر نەبوو
هێشتا پیشۆڵەی مرواری
دار تێلەکان
بەگەردنی شارەوە بوون
خاتوو خاوەر
سنگی بۆ عوومەر نەکوتابوو
مانگ گۆچان و
روناکی رێگەی پێشمەرگەو
رەوتی شاخ بوو
هاورێم حەمە
کەتۆ رۆیشتیت
سەدو هەشتاو دوو هەزار گوڵ
لە ئینچانەی زیلا نەبوون
حەبیبە خان ....خاتوو عەنبەر
لە عوکاسا چاوەروانی
کەڵەکانی بالیسان و
مامرەکانی بادینانم
بە عەینەک و گۆچانەوە
چۆن رەو ئەکەن
تۆ نەتبینی
دەشتی گەرمیان
نەک بێ بەشەر
بێ مێرووله
بوو بەقەقنەس
تۆ نەتبینی
خاسەو ...قەڵاو ...پردی دەلال
لەسێکوچکەی بەعسیاندا
لەسەیوانەکەم ئەگەران

هاورێم حەمە
جارێک سەرابی ناودەمی
شۆڕەکچێک
دوادەماری سرنەکردی
پەنچەکانت
بۆسەر کێوی بورکانی شیر
سەرنەکەوتن
لووتکەی پڕ لە هەنگوین
بگرن
جارێک هەناسەت پرنەکرد
لەبۆنی رەیحانەی باخەڵ
جارێک لەژێرنمەی ماچا
خۆزگەت نەبووە دەستی دوعا
بەرەو رووی خوا

هاورێم حەمە
بیرم ناچێ
کەپێت ووتم
/من ئەمزانی ،هەر ئەم خاکە
لەشکری عەشقی زۆرداره
وا ئێستاکە
دڵم بۆتە
بنکەی عەشقی
گوڵەخانم
خۆزگە جارێک
.......تاقەجارێک
لەئاسمانی ئازادیدا
باسکم ئەکرد بەسەرینی و
بێشکەم لەگەڵ رائەژەنی

رزگارەسوور



# پێنج مانگ بەر لە ڕاپەڕین، لە شاخەوە بۆ شار!


## خالید ڕەزا ئەمین

## هۆڵەندا/ ١٠-٣-٢٠٢٣

سەرەتا ئەبێ ئەوە بڵێم، کە راپەڕین لە مێژوی کۆن و نوێی کورد دا رووداوێکی بێ وێنە بو. رەفتارە فاشیەکانی رژێمی پەتوسێدارەی بەعس و تاوانەکانی، سەرچاوەی رق و تورەیی خەڵک بو لەو دەسەڵاتە تۆتالیتاریەی بەعس. لەبەر ئەوە هەمو کوردێکی بە شەرەف بە گەورە و بچوکەوە، کە بەشداری راپەڕینیان کردوە، مافی خۆیانە شانازی بە راپەڕینەوە بکەن و بڵێن، راپەڕینمان کردوە.
بێگومان راپەڕین ئاکامی سەرەکییەکانی خۆی لە راماڵینی حیزبی بەعس و دامەزراندنی پارلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەدی هێنا. ئەڵبەت منیش وەک یەکێ لەو هاوڵاتیانە بە مافی خۆمی ئەزانم جاربەجار سەرەقەڵەمێ لەسەر راپەڕین، بۆ یادکردنەوە و بیرخستنەوە، بە شانازییەوە بنوسم.
دو مانگ دوای داگیرکردنی کوەیت لە لایەن رژێمی فاشی بەغداوە، بەندە لەسەر داوای رێکخراوی سلێمانی کۆمەڵەی رەنجدەران و بە بڕیاری کاک نەوشیروان (لەو کاتەدا پێویست بو ناوی نهێنی بەکار بهێنین، بۆیە لەگەڵ کاک نەوشیروان وا رێکەوتین هەردو ناوی ئومێد و گۆران بەکاربهێنم) وە بە ئاگاداری ناوەندی کۆمەڵە بە نهێنی (ئیختیفا) هاتمەوە ناوشاری سلێمانی و لە گەڕەکی دورلەمنی ئەوکات و ئاشتی ئێستا، لە ماڵی کاک حەمەنوری مام ئەحمەد (هاوڕێ موراد)، کە ئەندامی ریکخراوی سلێمانی بو، هەتا رۆژی راپەڕین مامەوە. ئەم چیرۆکەیان ئاو زۆر ئەکێشێ. بۆیە جێی ئەهێڵم بۆ نوسینێکی درێژتر.
لە سلێمانی لەگەڵ هاوڕێکانم لە رێکخراوی سلێمانی بەتایبەت کاک ئاکۆ وەهبی و کاک حەمەنوری لە ماوەی ئەو شەش مانگەی بەر لە راپەڕین، شەو و رۆژمان خستبوە سەریەک و هەرچیمان پێ کرا بۆ سەرپەرشتیکردنی ریکخستن و بەستنەوەی بەشەپچڕاوەکانی رێکخستن کە بەهۆی گیرانی هاوڕێکانمانەوە دابڕابون، نوسینی پەخشانامە (تەعمیم) بۆ ریزەکانی رێکخستن و ئاراستەکردنیان، بۆ وەڵامدانەوەی نامە و راپۆرتی ریکخراوی (باوەر)، کە هاوڕێیانی زیندان لە ئەبوغرێب دروستیان کرد بو، بۆ دروستکردنی شانەی چەکدار و سەرپەرشتیکردنی سپای رزگاری کوردستان (سرک)، پەیوەندی بەردەوام بە رەتڵی پارتیزانەکانەوە لەگەرمیان و دۆڵی جافەتی، بۆ پەیوەندیکردن بە چەکدارەکانی سەر بە رژێمەوە، بەوپەڕی نکران زاتیەوە کردمان.
سەدان شانەی چەکدارمان لە رێی ریکخستنەکانەوە دروست کرد و ناومان لێنان "شانە چەکدارەکانی شاڵاو". بەهۆی ئەو پەیوەندییە گەرموگوڕەی، کە لەگەڵ رێکخستنەکانی هەولێر هەمان بو لە دوای دەستگیرکردنی کاک مستەفای سەید قادر، کاک مستەفای براپم دەروێش (هاوڕێ شاسوار)، سەرپەرشتی ئەکردن. ئەوانیش دەستیان کرد بو بە دروستکردنی شانەی چەکدار. لە یەکێ لە نامەکانمان دا بۆمان نوسین، ئێمە شانەچەکدارەکانی پارێزگای سلێمانیمان ناو ناوە "شاڵاو". ئێوەش ناوی شانەچەکدارەکانی خۆتان بنێن "بروسک" و پێشنیارەکەیان پەسەند کردین. ئیتر ناوەکانی شاڵاو و بروسک بون بە دوان لە رەمزەکانی راپەڕین.
بێگومان لە سەرتاسەری کوردستاندا ریکخستنەکانی ناوشار، هەم چاو و هەم ئاوێنەی هەڵسەنگاندنی رووداوەکان بون بۆ سەرکردایەتی، بە تایبەت بۆ ناوەندی کۆمەڵە.
لێرەدا بە پێویستی ئەزانم ئەم چەند بروسکەیە کە پەیوەندی راستەوخۆیان بە راپەڕینی سلێمانی یەوە هەیە بڵاو بکەمەوە و پەراوێزیان بۆ بنوسم. لەمەدا تەنها و تەنها مەبەستم لە گێڕانەوەی مێژوە وەک خۆی و بەبێ تەزویرکردن و شێواندن و چەواشەکردن.
حەز و خۆزگە و ئاواتی من ئەوەیە، مۆزەخانەیەکی نیشتمانیمان هەبوایە بۆ کۆکردنەوە و پاراستن و هەڵگرتنی هەمو بەڵگەنامەکانی شۆڕشەکانی کورد بە باش و خراپیەوە. هاوشان سەنتەرێکی ئەکادیمیمان هەبوایە بۆ نوسینەوەی مێژوی میلەتەکەمان لەسەر ئەو بەڵگە نامانە، دور لە کاریگەری حیزب و سەرکردەکانی، تا لە شێواندن و تەزویرکردن بپارێزرایە. هیوادارم ئەم خۆزگەیە لەگەڵ خۆم نەبەمە ژێر گڵ.




بروسکەکان و رونکردنەوەیان:



ئێمە لە رۆژی ٤-٣-١٩٩١ بەناوی (ئومید) ئەم بروسکەیەمان لە سلێمانی نوسی و بە تەتەری خۆماندا ناردمان بۆ هەردو رەتڵی پارتیزانەکان (گەرمیان)، شەهید حەمەرەش فەرماندەی بو. سورداش، شەهید غەریب هەڵەدنی فەرماندەی بو) تا بەپەلە لەرێێ جیهازەکانیانەوە بیدەن بە کاک نەوشیروان. ئەوان بۆ رۆژی دواتر (٥-٣) بروسکەکەمان ئەدەن بە کاک نەوشیروان.
دەقی بروسکەکە:
"لە/ ئومێدەوە
بۆ کاک نەوشیروان
٥-٣
سلاو
وەزعەکان لای ئێمە چی تر تآخیربون هەڵناگرێ. داواکارین زۆر بەپەلە برادەران بێن بۆ هاوکاریمان. فریا نەکەون لەبار ئەچێ. زۆر وەختێتی. ئێمە ئامادەین".
ناردنی ئەم بروسکەیە و داواکردنی هێزی پێشمەرگە بۆ گەیشتنە ناوشاری سلێمانی لە ئەنجامی هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی کات، بەرپرسیارێتی مێژویی بو لەسەر شانی ئێمە.
وەک لە سەرەتاوە ئاماژەم پێداوە، ریکخستنەکانی ناوشار لە هەمو قۆناغەکانی شۆڕش دا چاوی سەرکردایەتی شۆڕش و جێی متمانەی جوڵانەوەکە بون. بۆیە لەگەڵ گەیشتنی بروسکەکەمان، کاک نەوشیروان بە دەست و خەتی خۆی هەر لەژێر بروسکەکەی ئێمەدا، دەست بەجێ بروسکەیەک ئەنوسێ بۆ کاک ملازم عومەر و کاک حامیدی حاجی غالی (بە پێێ نەخشەی راپەڕین کاک ملازم عومەر سەرپەرشتیاری میحوەری سلێمانی و کەرکوک بو). داوایان لێ ئەکا بەپەلە هێز بنێرن بۆ (ناو) سلێمانی، چونکە ئەوانەی سلێمانی ساز و ئامادەن، با دەرفەتەکە لەکیس نەچێ.


"بۆ کاک عومەر
بۆ کاک حامد
١- تکایە زۆر بەپەلە هێزێک بنێرن بۆ ناو سلێمانی چونکە ئەوانی شار ئامادەن و ئەگینا فرسەتەکە لە کیس ئەچێ.
٢ - ئەگەر بکرێ مەفرەزەکانی سلێمانی و مامۆستا جەمال و سەید ئەحمەد و ئەوان بنێرن".

ڕۆژی ٦-٣ کاک ملازم عومەر وەڵامی کاک نەوشیروان ئەداتەوە و فەرمانەکەی فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگە (کاک نەوشیروان) جێبەجێ ئەکا.



"لە/ کاک عومەر عەبدوڵڵا ٦-٣
بۆ/ کاک نەوشیروان
بەڵێ باشە فەرمان ئەدەین مامۆستا جەمال و سەید ئەحمەد و سەرکەوت هەر ئەمشەو بەرەو نزیکی شار بجوڵێن".

ئەو ڕۆژانە بەفروبارانێکی زۆر باریوە. بەهۆی زۆربونی ئاوی چەمی زاخێ* ئاستەنگی گەورە بۆ پەڕینەوە دروست ئەبێ. هەتا پرد دروست ئەکەن وسیم ئەبەستن و ئەپەڕنەوە، هێزەکان بۆ ماوەیەک دوا ئەکەون. بۆیە کاک ملازم عومەر بۆ دڵنیاکردنەوەی کاک نەوشیروان لە چارەسەرکردنی کێشەی پەڕینەوەی هێزەکە، جارێکی تر بروسکە بۆ کاک نەوشیروان ئەنێرێ و لە بە ڕێکەوتن دڵنیای ئەکاتەوە.



"لە/ کاک عومەر
بۆ/ بەڕێز کاک نەوشیروان ٦-٣-
٩١
سڵاوێکی گەرم
مشکلەی پەڕینەوە چارەسەر کرا و دەستکرا بە پەڕینەوە ئەمشەو تا بەیانی هەمو دەپەڕینەوە و دەکەوینە ڕێ".

کاک نەوشیروان لەژێر بروسکەکەدا بە خەتی خۆی وەڵامی کاک عومەری داوەتەوە و نوسویێتی: "خوا سەرکەوتوتان بکات".

بەهۆی سەختی ریگاوبانەکان و بەفر و باران، هێزەکان دوا ئەکەون، بەڵام هەر بەدەم ڕێگاوە بەتالیۆنی ٧ بۆ پشتیوانی لە جەماوەری ڕاپەڕیوی سلێمانی بانگەوازێکی لە ڕێی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستانەوە بڵاوکردەوە: "لە بەتالیۆنی حەوتەوە بۆ جەماوەری ڕاپەڕیوی سلێمانی، بەردەوام بن لە ڕاپەڕین ئیمەش ئەگەینە لاتان".

بە قسەی هاوڕێم کاک خالید حسین کە عەدەدجیهازی بەتالیۆنی حەوت بو، تەئکید لەوە ئەکاتەوە، ئەو کاتەی بروسکەکەی داوە بە ڕادیۆکە، ئەمان گەیشتونەتە گوندێ نۆدێ.

ئیمەش پێشتر بانگەوازی ڕاپەڕینمان بۆ ڕادیۆکە ناردبو: "لە زمناکۆوە بۆ ئازاد ١٧٦٠، برادەران ئاگادار بکەنەوە ٧ی مانگ زەماوەند بکەن".

پێویستە ئاماژە بەوە بکەم، کە نەخشەی ڕاپەڕین بە جۆرێک دانرا بو، هەمو هێزەکانی وەکو دەنکی تەزبیح بە ئیمامەکەیەوە گرێ دابو بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سەرەکیەکەی، کە سەرخستنی ڕاپەڕین و ڕاماڵینی حیزبی بەعسی فاشی بو لە کوردستانی عێراق. بە واتایەکی تر، هەمو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ڕەتڵەکانی پارتیزان و هێزی تایبەتەوە، بە هێزی پشتیوان و کەسایەتییە ناسراوەکانەوە، بە ڕێکخستنی شارەکان و شانەچەکدارەکانی شاڵاو و بروسک و بارانەوە، بە پێشمەرگەکانی سوپاسی ڕزگاری کوردستانەوە، بەو شانە چەکدارانەی، کە پارتیزانەکان و هێزی پێشمەرگە دروستیان کرد بو، بەوانەی لە ڕێی بانگەوازەکانی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە سەریان نابو بەیەکەوە و شانەی چەکداریان دروست کرد بو، بە سازدانی جەماوەری گەلەوە. هەر هەمو ئەمانە حەڵقەی پێکەوە بەستراو بون و هیچیان دابڕاو نەبون لە یەکتری و بۆ یەک ئامانج کاریان ئەکرد. نابێ ڕۆڵی گرنگی هەردوو ڕادیۆکەی دەنگی گەلی کوردستان و بەپرس و کادر و بێژەرو پێشمەرگەکانی لە بیر بکەین کەتەنها هۆی ڕاگەیاندن بو لەو سەردەمەدا. هەمو ئەمانە پێکەوە زامنی سەرخستنی پلانی ڕاپەڕینیانکرد. لەسەرو هەمو ئەمانەشەوە ڕۆڵی گرنگی بەرەی کوردستانی بو، کە یەکریزی گەلی کوردستانی سەرخستنی پلانی ڕاپەڕینی مسۆگەرتر کرد.

نەمری بۆ شەهیدانی کورد و کوردستان.

* چەمی زاخێ : ئەم ئاوە لە ناوچەی شلێرەوە دێت، لە ئاستی گوندی زاخێ بە چەمی زاخێ ناسراوە، ئاوی ئەم چەمە سەر بەرەوخوار دەڕوات بە ئاراستەی کەناروێ وچەمی قوتابیان...

سەرچاوەی وێنەی بروسکەکان:

تۆڕی پەیوەندییەکانی پێشمەرگە لە شاخ، ئامادەکردنی، بەختیار مستەفا ئەمین و خالید حسێن، ل ٦١٦.

**بە سوپاسەوە لە سایتی ئاوێنە وەرگیراوە**



# پەروەردە، زەنگیک لە یادی ڕاپەڕیندا

## ڕەووف محەمەد ئالانی

ئەمڕۆژانە یادی ڕۆژە پڕشکۆکان وسەروەرییەکانی گەلەکەمانە لەباشوری نیشتیمان، بیرەوەری خۆش بۆهەستی پڕجۆشوخرۆشی گەلەکەمان، کە بەگژداگیرکاری و ستەمی زۆرداریدا وەستایەوە ئەویش بە ڕاپەڕین و وەدەرنانی دوژمن لەم پارچەیەی کوردستان کۆتایی هات.

لەیادی ڕاپەڕیندا هەمووومان ئاگامان لەهەستە پڕحەماسی وتوڕەییەکانی خەڵکە کە چۆن خەون وخواستەکانیان لەباربراووکەتونەتە دەریای بێ بنی بێ ئاگایی و خۆخوازیەتی چەند کەس وبنەماڵەیەک، کۆی پرۆسەی ژیان لەدوای ڕاپەڕین ئەوەندە بەئاقاری خراپدا براوە خەریکە مرۆڤ دەگاتە ئاستی شەرمکردن لەباسکردنی.

کۆی سێکتەروبوارەجیاوازەکان توشی شکست وپاشەکشە هاتوون لەئابوری وکۆمەڵایەتی وزانستی وژینگەیی وپەروەردەیی.

لەمجارەدا باس لەمەترسیەکانی پەروەردە دەکەم دوای سی ودوو ساڵ لەتێپەڕبوون بەسەرڕاپەڕیندا، ئەکرێ وەڵامی ئەوپرسیارە وەربگرین کە خەڵک لەسەرپەروەردە هەیانە ودەڵێن: بۆچی ئاستی ئەوکەسانەی لەپێش ڕاپەڕین قوتابی وخوێندکاربوون ئاستی زانستی و پەروەردەییان باشترە لە نەوەی دوای ڕاپەڕین؟

هەموومرۆڤێک لەخۆیەوە دەبێ لەوپرسیارە بنوارێ ووڵامەکە لای ئەوان بەرجەستەترە چونکە ڕوونە ئەوان چۆنن وئەوانەی ئێستا بڕوانامەیان هەیە ئاستیان چۆنە؟

وەڵامەکەی دیارە کە ئەوکات ئاست باشتر بووە، ئەمە ئەوەناگەیەنێ من بەرگری لە ڕژێمی بەعسی داگیرکاربکەم بڕوات وئەولاترچێ، مەبەست لەوخەمەیە کە من وسەدانی وەک من هەمانە لەمەڕخەمی نیشتیمان بۆنەوەکانی داهاتوو زمان ومێژو کەلتوری نەتەوەکەمان جاران خوێندن، ئەرک بوو تا لەڕێگەیەوە زانین وفێربوون ببنە شورای پاراستنی نیشتیمان، دەکرالەو ڕێگەیەوە خۆشگوزەرانی وئاوەدانی وجوانیەکانی خاک وخەڵک ببینین.

ئەحمەد موختاربەگی جاف زۆر بەجوانی وبەباشی بەهەموو مناڵانی کوردی ئەوت:

بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان

هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سوپەرتانە

ئەوشیعرە لەسەردەمێکدا وتراوە کە شاعیر لەبڕوابونی تەواوەتی خۆی بە خوێندن سەرچاوەی گرتوە، بۆهەموو ڕۆڵەکانی گەلی کورد ئاراستەکراووهانی نەوەکانی گەلی کورد ئەدات بۆڕزگاری وشادبون بە سەربەخۆیی تاکە ڕێگە هەرخوێندنە چونکە دەبێتە قەڵغان وسوپەر لەڕووی دوژمنان و ناحەزانی نەتەوەکەمان.

ئەگەرچاوێک بگێڕینەوە بۆ سەرەتاکانی ڕۆژانی ڕاپەڕین، جۆشوخرۆشی کوردایەتی و ڕوانین بۆ ئاسۆیەکی گەشتر لەوەی کە ئەم گەلە لەژێرجەوروستەمی بەعسی دوژمندا بیتەدەروهەناسەیەکی ئازادی هەڵمژێ خەڵک وەها سەرگەرمی خۆشنودی ببوو چاوی لە هەموو خراپیەکانی شۆڕش داخست وخۆی لەگەڵ دۆخەکە ڕاهێنا تا سێ دەیەی تێپەڕاند.

ڕاپەڕین و شۆڕش هەمیشە بۆگۆڕانکاری وباشترکردنی ژیانە بەڵام شۆڕش وڕاپەڕین پێویستی بە فکروپلان وبەرنامەڕێژی زانستی هاوچەرخ هەیە، لەوبارەوە(ئیما گۆڵدمان) دەڵێت: (هیچ گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینە بەبێ شۆڕش ڕوو نادات، شۆڕش تەنها بیرۆکەیەکە کە کراوە بە کردار).

بۆیە دەکرێ لەم وتەیەوە گومان بخرێتە سەر ڕاپەڕین کە ئایا بیرۆکەکەی بۆ ئەم ئەنجامە بووکەئێستا هەیە؟

هەمووخەڵک ودنیاش ئەزانن ئەم ئەزموونەی دوای ڕاپەڕین چ ئاراستەیەکی خراپی وەرگرتوە بەڵام ئەم دەسەڵاتە مێش میوانی نیە وگوێ بەهیچ نادات.

سەبارەت بەپەروەردە سەرەتاکانی بەخراپی دەستی پێکردولە ڕێگە ڕاستەکە لایدا بەوەی نەتوانرا دامەزراوەکانی پەروەردە بپارێزرێت، ئەوانیش وەک شوێنەکانیتربەرشاڵاوی پەلاماردان وسوتان وویرانبوون کەوتن، دوای ئەوە، زۆربەی قوتابخانەکان کرانە باراگای حیزبەکان، ئەتوانم ئەوە بڵێم لەوکاتەوە حیزب خۆی خزاندە ناوپەروەردەووتا ئەم چرکە ساتەی نوسینی ئەم وتارە بۆتە گرفتێکی گەورەی پرۆسەی پەروەردە بەڵام لەئێستادا زۆر بە چڕی وخراپترکاری تێدا دەکات.



لەوسەروبەندانەدا حیزبەکان هاتن ناوی قوتابخانەوخوێندنگەکانیان بەناوی شەهیدەکان وسەرکردەکان ناونا، دڵنیام لەوەی شەهیدان شایستەی ئەوەن ناویان بەبەرزی وڕێز ڕابگیرێت و ئەوان باشترینەکانی ڕۆڵە دڵسۆزەکانی ئەم گەلەن، ئەکرێ زۆر بایەخیان پێبدرێ بەوەی مۆزەخانەی تایبەت بەئەوان بکرێتەوەووینەوژیاننامەیان بپارێزرێت وژیانی شایستە بۆ کەسوکاریان دابینبکرێت، نەک ناوی قوتابخانەوخوێندنگەیان بەناوەوە بکرێت پەروەردە پێویستە لەهەستی مناڵانەوە لێی بڕوانرێت نمونەیەک باسدەکەم کە ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە چ کاریگەریەکی دەروونی خراپ لای مناڵ جێدەهێڵێت.

لەیەکێک لەو قوتابخانانەی بەناوی شەهیدێکەوە ناونراوە مناڵەکە لە باوکی دەپرسێت: باوکە شەهید چیە؟ باوکەکە دەڵێ: ئەوکەسەیە خۆی بەکوشت دەدا بۆ گەل ونیشتیمانەکەی مناڵەکە دەڵێ: کەواتە ئەوکەسە مردوە؟ باوکی دەڵێ بەڵێ وایە باوکەکە هەستی بە نامۆیی مناڵەکەی کردوە، هەرجارێک ناوی قوتابخانەکەی بهێنرایا ترس و دڵەڕاوکێ مناڵەکەی داگیردەکرد.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت پەروەردە ناکرێت تێکەڵ بە هیچ کایەیەکیتر بکرێت.

پەروەردە بۆئامانجی گەورەی پەروەردەیی هیچ ئامانجێکی بەدی نەهێناوە زۆرجارباسی دەستی حیزبەکان دەکرێت لەناو پەروەردەدا، لەئێستادا وەک سەراتاکانی ڕاپەڕین پەروەردە زۆرخراپترئاراستە دەکرێت.

لەهەموو پەروەردەکان و قوتابخانەوخوێندنگەکانی کوردستان ژمارە وەربگرین زۆربەی بەڕێوەبەرەکان سەربەحیزبە دەسەڵاتدارەکانن.

ئەوە دەرخەری ئەوەیە پەروەردە لەسەربنەماوبنچینەیەکی پتەو دارێژراودانەنراوە لەماوەی ئەم سی ودوو ساڵەدا، پەروەردە لەدەستی حیزبەکاندا خراوەتە تونێلێکی تاریک وەک توونی بابا و خەریکە ئومێدو هیواکان دەخنکێنرێن.

وتارەکەم بە وتەیەکی(عەلی عیزەت بیکۆڤیچ) کۆتایی پێدەهێنم کەدەڵێت:(شۆڕش لەگەڵ فیکردا بناغەکانی گۆڕانکاری پێکدەهێنێت، بەڵام سامان بەبێ هزر وێرانکارییەکی دڵنیایە).

# ژن و پەروەردە

## ڕەهێڵ دزەیی

بەر لەوەی گرنگی ڕۆڵی ژن لە پەروەردە کردنی منداڵەکانی بخەینەڕوو، سەرەتا با بزانین پەروەردە و ئامانج لە پەروەردە چییە و چۆن دەتوانین پێناسەی بکەین.
چەمکی پەروەردە چەمکێکە ئاسان نییە کۆدەنگی لەسەر هەبێ و پێناسەیەکی یەکگرتووی بۆ بکەین. پێناسەی پەروەردە لە کۆمەڵگایەک بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕدرێت، ئاستی هۆشیاری، جۆری بیرکردنەوە، گەشەکردنی مرۆڤەکان، جیاوازی بیروبۆچون، پێداویستیەکانی ژیان، بەرز و نزمی ئاستی ئابووری، و جۆری سستمی حکومرانی کاریگەریان دەبێ لەسەر پێناسە و فەلسەفەی پەروەردەی هەر کۆمەڵگایەک .
پەروەردە کار دەکات لەسەر پەرەپێدانی تاک لە ڕێگای پرۆسیەکی سستماتیکی مەبەستدار لە پێناو ئامانجێکی دیاریکراو کە لە نێوان نەوەکان ئاڵوگۆڕ دەکرێن.
ئامانج لە پەروەردە، پەرەپێدان و گەشەکردنی تواناکانی تاک لە سەرجەم لایەنەکان، لایەنی زهنی، دەروونی، جەستەیی، کۆمەڵایەتی، سۆزداری، مەعرفی، هەڵس وکەوت و کەسایەتی تاک، لە پێناو گەشەپێدانی و پەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا.
لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، وا باوە دایک بەرپرسی یەکەمە لە پەروەردە کردنی منداڵەکانی. بێجگە لە پەروەردە کردن هەموو ئەرکەکانی بەخێوکردنی منداڵ لە ئەستۆی دایکە، ئەوەش بەرپرسیاریەک و قورسایەکی زۆر دەخاتە سەر دایک. ژنی کورد لەگەڵ ئەم ئەرکە قورسەی لەسەر شانیەتی بۆ پەروەردە کردنی منداڵەکانی ئەرکی بەڕێوەبردنی ماڵ و خێزان و میوان و جێبەجێ کردنی ئەرکە کۆمەڵاییەتیەکان، هەموو وادەکەن نەپرژێتە سەر ئەوەی ئەو هەموو ئەرکە زۆرە بەتەنیا جێبەجێ بکات.
ڕاستە نزیکترین کەس لە منداڵ دایکە وپەیوەندیەکی پتەو بەیەکەوەیان دەبستێتەوە یەکەم کەسە منداڵ لێی فێردەبێت و هەردەم هانای بۆ دەبات. یەکەم وانەی فێربوون پەروەردە منداڵ لە دایک وەریدەگرێت، بەڵام کە هەندێک گەورەبوو بەرەو تەمەنی قوتابخانە چوو، ئەوە چەندین لایەن و کەسانی دی بەشدار دەبن لە پەروەردە کردنی منداڵەکەی.
منداڵ بەرهەموو پەیوەندی خۆشەویستی ژن و پیاوە، کەواتە هەردووکیان بەرپرسن لە بەخێوکردن و پەروەردە کردنی منداڵەکەیان، ناکرێ ئەم ئەرکە وەک باوە لە کۆمەڵگاکەمان تەنها بخریتە ئەستۆی ژن، هەر هەڵس وکەوتێکی نەشیاو لە منداڵەکە ببیندرێت پەنجەی تاوان بۆ دایکەکە ڕەوانە دەکرێت بەوەی نەیزانیە پەروەردەی بکات، تەنانەت کە گەورەش ببێت و شوو بکات یان ژن بێنێت هەر هەڵەیەک بکەن دایک تاوان باردەکرێت بەوەی کەمتەرخەم بووە لە پەروەردەکردنی منداڵەکانی.
کۆمەڵگای کوردی، کۆمەلگایەکە ئاستی ڕۆشنبیری و مەعرفی و خوێندەواری تاکەکان و خێزانەکان لەیەک ئاست نییە، ئەوەش وادەکات هەر خێزانە و بە تێگەیشتنی خۆی بۆ پەروەردە منداڵەکانی پەروەردە بکات، کەواتە ئێمە پەروەردەیەکی یەکگرتوومان نییە، خێزان پابەند بێت پێی، ئەوەش ئەرکی ژن(دایک) قورستر دەکات.
ئەو شێوازە پەروەردەیەی دایک پەیرەوی دەکات لە ناو خێزانەکەی، هەر کە منداڵەکەی دەستی بە خوێندن کرد و تێکەڵاوی منداڵانی تر بوو کە هەر یەکە و بە شیوازێک پەروەردە کراون، بێگومان لەیەک فێردەبن ولەوانەیە ئەو بەها و پرنسیپانەی هاوڕێ منداڵەکەی لەسەر پەروەردە کرابێ یەک نەگرێتەوە لەگەڵ هەمان بەها و پرنسیپی منداڵەکەی، بۆیە دایک دەبێ ئەرک و کاتی زیاتر بەکار بێنێت بۆ ئەوەی منداڵەکەی بپارێزێ لەو کاریگەریانەی لە دەرەوەی ماڵەوە دەکەوێتە سەر منداڵەکەی.
لێرەدا حکومەت بەرپرسیاری یەکەمە و دەبێ بە ئەرکی خۆی هەستێت بەرامبەر بە کۆمەڵگا و داهاتووی نەتەوەکەمان.
ڕاستە منداڵ بەرهەمی پەیوەندی ژن و پیاو، بەڵام نابێتە موڵکی ئەوان، منداڵ نەواتی کۆمەڵگایە، بۆیە حکومەت بەرپرسی یەکەمە لە پەروەردەکردنی نەوەیەک کە دواڕۆژی کۆمەڵگاکەمان دیاری دەکات. حکومەت دەبێ بێت بە هاوکارێکی گەورە بۆ خێزان، لە ڕێگای داڕیشتنی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی یەکگرتوو و گونجاولەگەڵ کلتور و داب و نەریتی کۆمەڵگای کوردی و پەیڕەوکردنی لە قوتابخانەکان و لەوێوە شۆڕبێتەوە بۆ ناو خێزان. دروست کردنی سەنتەری خێزانی ببێت بە هاوکار بۆ دایک و باوکان لە ڕێگای خول و کۆڕ کۆبونەوەی بە کۆمەڵ تاک، هاوکاریان بن بۆ شێوازی پەروەردەی سەردەمیانەی هاوچەرخ کە بگونجی لەگەڵ سەردەمی تەکنەلۆجیا.



لە سستمی پەروەردە و فێرکردنی هەرێمی کوردستان جۆری ئەو پێداگوگەیە دەستنیشان نەکراوە بۆ ئەوەی ببێت بە بنەمای پەروەردەی کۆی کۆمەڵگای کوردی، ڕاستە پەروەردە هەیە(پەروەردەیەکی نەرێنی و هەرەمەکی)لە ناوە قوتابخانەکان بەلام پێداگوگمان نییە. پێداگوگێک ( پێداگوگیک واتا بیر و تیۆری،هەر کاتیک ئەم بیر وتیۆریانە بە پراکتیکەکردن دەکرێت بۆ کردار و ئاکار دەگۆڕدرێت بۆ پەروەردە.(
ئەو ئەرکە گرنگ و گەورەیەی خراوەتە بەتەنها سەر شانی ژن زۆر قورس و گرانە، کاریگەری زۆری هەیە لەسەر لایەنی دەروونی و جەستەیی ژن، ناکرێ ژن بەتەنیا بەرپرسیار بێت لە پەروەردەکردنی نەوەیەک بێ ئەوەی هیچ هاوکاریەک بکرێت لەلایەن حکومەت و دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان.
بۆ ئەوەی کۆمەڵگیەکی پێشکەوتوو و ڕۆشنبیرمان هەبێ، بۆ ئەوەی حکومڕانێکی دیموکرات و ئازادنان هەبێ و کار بکات بۆ دابین کردنی خۆشگوزەرانی بۆ کۆمەڵگاکەی، دەبێ هەوڵی گۆڕینی سستمی پەروەردە و فێرکردن بدەین، ببین بە خاوەن سستمێکی هاوچەرخ و دیموکرات، خاوەن فەلسەفەیەکی پەروەردەیی ڕوون کۆی کۆمەڵگا پابەدی بن.

## عوسمان دەروێش

## بێچوە جرجەکە و یاری ئەتاری

## چیرۆک

بێچووی جرجەکە سەری لە کونەکەی هێنایە دەرەوە و سەیرێکی ئاسمانی کرد ، هەورێکی ڕەشی بینی بەری ئاسمانی گرتبوو ،
لە ژوور تریش بروسکە و هەورە تریشقە بوو ، بێچووی جرجەکە مۆبایلەکەی دەرهێنا و زەنگێکی بۆ سمۆرەی هاوڕێی لێدا.
سمۆرەسەرقاڵی پاڵنانی گوێزێکی زل بوو ، دەیبرد بۆ کونەکەی ، سەیرێکی مۆبایلەکەی کرد ، بەدەم هەناسە سوارییەوە وەڵامی دایەوە..
بێچوە جرجەکە سڵاوی لێکرد ، وتی .. پێش ئەوەی باران داکات وەرە بۆ ماڵی ئێمە ، با پێکەوە یاری ئەتاری بکەین.
سمۆرە داوای لێبوردنی لێکرد ، وتی .. من سەرقاڵی کۆکردنەوەی گوێزم ، ناتوانم بێم.
بێچووە جرجەکە لچێکی هەڵقورتان و پەیوەندیەکەی داخست.

ئینجا زەنگی بۆ جوجەڵەی مراویەکە کرد ... ئەلو ، هاوڕێ چۆنی ، جوجەڵەی مراویەکە سوپاسی کرد و پێی وت .. فەرموو چیت دەوێ.
جرجە بچکۆلە وتی .. ئەوەی ڕاستی بێت تەنهام و حەز بە هاوڕێییەک دەکەم بێت بۆ لام و یاری ئەتاری بکەین.
جوجەڵەی مراویەکە پێی وت..
داوای لێبوردن دەکەم ، من لەگەڵ خوشک و براکانم لەماڵەوەسەرقاڵی خوێندنەوەی گۆڤارین ، بۆیە ناتوانم بێم.
جرجەکە کۆڵی نەدا ، ئینجا زەنگی بۆ کەروێشکە خەپان لێدا ... سڵاو کەروێشکە خەپان چۆنی.
ـ زۆر سوپاس جرجەی هاوڕێ.
جرجە وتی .. بۆ نایەی بۆ ماڵی ئێمە ، یاری ئەتاری بکەین.
کەروێشکە خەپان لەگەڵ دایکی سەرقاڵی مەشق کردن و ڕاکردن بوو ، بۆیە داوای لێبوردنی لێکرد ، وتی .. ناتوانم بێم.
بێچوە جرجەکە هەندێ بیری کردەوە ، ئینجا زەنگی بۆ جوجەڵەی مریشکەکە لێدا ... ئەلوو ، جوجەڵەی چاوڕەش چۆنی.
جوجەڵە ، وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە ... زۆر سوپاس جرجە گیان تۆ چۆنی
.
ـ جرجە .. بەڕاستی زۆر بێ تاقەتم ، حەز بە هاوڕێییەک دەکەم بێت بۆ لام یاری لەگەڵدا بکەم.
جوجەڵەکە وتی .. ببوورە هاوڕێ ، من خەریکی خوێندنی وانەکانی قوتابخانەم ، ناتوانم بێم.
بێچوە جرجەکە بە دڵتەنگیەوەچووە ماڵەوە ، لەسەر دەم لێی پاڵکەوت ، دایکی چوو بۆ لای و لەبارەی دڵتەنگییەکەیەوە پرسیاری لێکرد ... بۆ ئەوەندە خەمباری ڕۆڵەکەم ؟
بێچوەکەی وتی ... دایکە ئەمڕۆ حەزم لێبوو هاوڕێیەکم بێت بۆ لام ، تا لێرە یاری ئەتاری بکەین ، تەلەفۆنم بۆ هەموو هاوڕێکانم کرد ، کەسیان ئامادە نەبوون بێن یاریم لەگەڵدا بکەن ، هەریەکەیان بە بیانوویەکەوە خۆیان دەرباز کرد.
دایکی ئامۆژگاری کرد و پێی وت..
ڕۆڵەکەم ، هاوڕێکانت مۆبایلیان بۆ کاری پێویست هەڵگرتووە ، ئەوان ئەگەر ئەتاری و هەر یارییەکی دیکەشی پێبکەن ، ئەوە زۆر بە کەمی دەیکەن ، نەک وەکو تۆ ، شەو و ڕۆژ مۆبایلەکەت بەدەستەوەیە ، ئەوان کاتی خۆیان بە فیڕۆ نادەن ، ئایا دەزانی زۆریاری کردن بە مۆبایل کاتەکانت بە فیڕۆ دەدات و لە خوێندنی مەکتەبەکەت دوات دەخات ، ئەی دەزانی هەموو جەستەت خاو دەبێتەوە و بێ هێز دەبیت ، مەگەر نازانی چاوەکانیشت ئازاریان پێدەگات و کز دەبن ؟؟
من ئامۆژگاریت دەکەم ، لەبری ئەو خووەی گرتووتە بە مۆبایلەوە وانەکانی مەکتەبەکەت بخوێنی ، ئینجا بزانە چۆن دەبیت بەیەکەمی قوتابخانەکەت ، ئەگەر لە وانەکانیشت زۆر باشی ، زۆرت خوێندووە ، ئەوە گۆڤاری زۆر جوانمان هەیە و پڕن لە زانیاری و چیرۆکی خۆش و هۆنراوە ، دەتوانی خوو بدەیتە خوێندنەوەی گۆڤارەکان و واز لە یاریکردن بە مۆبایل بهێنی.
جرجەی بچووک مۆبایلەکەی دایە دەستی دایکیەوە ، پێی وت .. مەرج بێت لە ئەمڕۆ بەدووە هیچ جۆرە یارییەک بە مۆبایل نەکەم ، ئامۆژگارییەکانی تۆ لە گوێ بگرم ، ئەگەر حەزم لە یاری کردنیش هەبوو دەچم وەرزش دەکەم و لەگەڵ هاوڕێکانم یاری دوو گۆڵی دەکەم.
دایکی زۆر سوپاسی کرد و لە ئامێزی گرت ، ئینجا لەسەر ڕەفەکە دوو گۆڤاری بۆ داگرت و پێی وت .. ڕۆڵەکەم ، تۆ تەماشای ئەم گۆڤارانە بکە بزانە چەندێ زانیاری بەسوودیان تیایە و شیعر و چیرۆکی خۆش و چێژبەخشی تیا نووسراوە.
جرجە بچووک گۆڤارەکانی برد و لە دەم کونەکەیاندا دەستی بە خوێندنەوەیان کرد .



## یەکسانی

مرۆڤەکان یەکسانن
بەجیاوازییەوە جوانن
شێوەی ڕەنگ و زمانمان
نابن بەکێشە بۆمان

ئەوەی پەسەند و جوانە
جێی قەبوڵی هەموانە
ڕەوشت و ئاشتیخوازیی
دەبنە جێگەی شانازیی

بە نەخشەو خاڵی هاوبەش
دەڕوانین بۆ ئاسۆی گەش
بۆ ئاشتی و پێکەوەژیان
کار دەکەین بە دڵ و گیان

ڕۆستەم خامۆش
هەولێر - ٢٩/١١/٢٠٢١



# ئارۆ نیشتمانەکەی خۆشدەوێ

## فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

ئارۆ قوتابییەکی ژیربو لەپۆلی چوارەم بو ، زۆر حەزی بەبینی دارو سەوزایی بوو ، ڕۆژانە لەماڵەوە ئاوی درەختەکانی دەدا و ناو باخەکەی پاکدەکردەوە لەبەردوخاشاک ،هەمیشە دەیگوت:باخچەو سەوزایی ژینگە خاوێندەکاتەوە .

ئارۆ هەندێکجار بەئایپادەکەی کاریدەکرد بۆ بەدواداچونی زانیاری دەربارەی پرۆگرامەکانی خوێندن جارجاریش یاری ئەلکترۆنی لەگەڵ هاورێکانی پێدەکرد ،بەڵام ئەو کاتی دانابوو ،چونکە هەمیشە دەیگوت نابێت ماوەیەکی زۆر سەرقاڵی ئایپادو یاری ئەلکترۆنی بین لاوانەیە زیانمان پێبگەیەنێت، دەبێت جارجاریش لەگەڵ پشەسپی یاری بکەم و نان و ئاوی بدەمێ بۆ ئەوەی برسی نەبێت..

ئارۆ ڕۆژێک لەقوتابخانە گەڕایەوە وبەدایک و باوکی گوت : مامۆستا پێیوتین نیشتمان ئەو پارچە زەوییە کەلەسەری دەژین پێویستە ڕێزیبگرین و خۆشمان بوێ ،بەڵام دەبێت بەکردەوە بیسەلمێنین کەنیشتمانمان خۆشدەوێ .

باوکی بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی : ئەی ئەوە نیە تۆ ڕۆژانە هەوڵدەدەیت باخچەکەی ماڵمان سەوزو جوانبێت وگرنگی دەدەیت بەژینگە لەهەموو شوێنێک کەواتە تۆ نیشتمانت خۆشدەوێت ،چونکە تۆ ژینگەکەت و باخچە و داروسەوزایت خۆشدەوێت.

دایکیشی گوتی :ئەی ئەوەنیە تۆ بە پێی پێویست و بە بەرنامە کار بەئایپادو یارییە ئەلکترۆنیەکان دەکەیت و هاورێکانت خۆشدەوێت وهاوکاریان دەکەیت و ڕۆژانە نان و ئاو بەپشەسپی دەدەیت و ناوبەناو بەیاریکردن دڵخۆشی دەکەیت وهیچکات ئازاری نادەیت کەواتە کەسێکی دڵسۆزو چالاک و بەسودیت بۆ نیشتمان.

ئارۆ بەوتەکانی دایک و باوکی زۆر دڵخۆشبوو ،چونکە تێگەیشت خۆشەویستی نیشتمان بەواتای دڵسۆزی بۆ ژینگەی شارو لادێ وخاوێن ڕاگرتنی سەرجەم زەوی شوێنە گشتی و تایبەتیەکان ودڵسۆزی و خۆشەویستی بۆ هاورێکانی وزیان نەگەیاندن بەئاژەڵان و هەروەها ئەنجامدانی کاری ڕۆژانە بە بەرنامەو دیاریکردنی کات بۆی.



# گەڕان بە دوای دایکیدا

## نوسینی: عەلی حەمەڕەشید بەرزنجەیی

لە گۆشەیەکی دەریاچەیەکی بچکۆڵە - کە ئەملا و ئەولای سەوزایی و داروردەختە - بۆقێکی گەورە - کە دایکەکەیە - لەگەڵ بۆقێکی بچکۆڵە - کە خەوتووە - دیارن، بۆقە دایکەکە بەدەم لایلایەوە دەڵێ:

ڕۆڵەکەم بنوو .......زۆر بە ئارامی
تۆ لەم ژینەدا........گوڵی هیوامی
ئەوامن دەڕۆم ....خواردن دێنم بۆت
لەم جێگە خۆشە ..بخەوە بۆ خۆت

بە چەند گەڵایەك بێچووە بۆقەکە دادەپۆشێت و دەڕوات..
کیسەڵ پەیدا دەبێت و کە بێچووە بۆقەکە دەبینێت خەوتووە، ئەم گۆرانییەی بۆ دەڵێت:

بەچکە بۆقی سەوزی جوان..... دایکی چووە بۆ گەڕان
وا ئێستاکە خەوتووە .... زۆر هیلاك و ماندووە.

کیسەڵ بەدەم گۆرانی وتنەوە دەڕوات و دەچێتە ناو ئاوەکەوە... ئیتر بێچووە بۆقەکە بە ئاگادێت و تەماشای ئەملاولای خۆی دەکات دایکی دیار نییە و بەگریانەوە دەڕوات و دەڵێت:

دایە گیان دایەی شیرین ..... روخۆش دەم بە پێکەنین
دەی زوو وەرە بۆ دیار نیت....ئێستا کە خەریکی چیت
ئە ئە ئە ئە دایکم کوا؟ .... لێرە منی جــــــێهڵا
بەچکە ماسی:
مەگری مەگری بۆقیلە ..... ئەی چاو جوانەی نەشمیلە
بۆقیلە:
تۆ کێی ببە بەهاورێم.... من بۆ دایکم دەگەڕێم
من لە ئاو و وشکایی....دەژیم بە دڵنیایی
ئەی تۆش هەروەکومن وای...ئێستا بۆچی بەتەنیای
بەچکە ماسی:
بۆقیلەی جوان و نازدار.... وردە وردە وەرە خوار
بۆقیلە:
تۆ چی دەکەی لەو شوێنە...خۆتم پێ بناسێنە
بەچکە ماسی:
بەچکە ماسی ناو ئاوم......بێ ئاو نابینێ چاوم
خوادن ، خواردنەوە ، لانەم.....بۆ خۆشی ئەم ژیانەم
گشتی هە ر لە ناو ئاوە.....ئاویش ڕووناکی چاوە
ئەگەر ڕۆژێك لە ناکاو......داببرێم لە جۆگەو ئاو
گەلێك سەختە ژیانم.....ئای کە بێ کەڵکە مانم
جۆگەلەو ڕوبارو ئاو .....خۆشم دەوێن وەکو چاو
بۆقیلە:
ئێستا ئێمە دوو هاورێین ....بۆ دایکی من دەگەڕێین
بزانین بۆ کوێ چووە ؟.... یان چی بەسەر هاتووە؟
بەچکەماسی:
بەس وریابە بۆقیلە........ ئەی نەرمۆڵەی وردیلە
دەی دەی ئێستا هەردووکمان ...بادەست بکەین بە گەڕان


)وا ڕێکەوتن کە هەریەکەو بەلایەکدا بڕۆن)....


بۆقیلە:
ئەی دایە گیان بۆ کوێ چووی.... بۆ لەبەرچاوم ون بووی
تۆ کەی دێیتەوە بۆلام.... زۆر ناخۆشە بە تەنیام

کیسەڵ (بە پێکەنینەوە):
ئەی بۆقیلەی سەوز و جوان ...... بەسە بەسیەتی گریان
تۆ تەنیا نیت لەم ئاوە... هاورێت زۆرن لەم ناوە
بەچکەماسی:
ڕاستە بۆقیلە وا دێین ...ئێمە لەگەڵتا هاورێین
کیسەڵ:
وا من و بەچکە ماسی...خۆشحاڵین تۆمان ناسی
ئێستا سێ هاورێی جوانین...دڵخۆش و شادمانین
بۆقیلە:
ماسی خۆی پێناسانم ...بەس ناوی تۆ نازانم
کیسەڵ:
منیش کیسەڵم ناوە...جێگەم وشکانی و ئاوە
لە هەردوولا وەك ئێوە...ژیان دەبەم بەرێوە
ئەم بەرگە ڕەقەیە من.. ئەپارێزێ لە دوژمن
بۆقیلە:
خۆشحاڵم بە ناسینت ....بەگفتوگۆ و بینینت
کیسەڵ:
بۆقیلە گیان بۆچی وا ... بێتاقەت دیاری توخوا
بۆقیلە:
دایکمم لێ ون بووە .....نازانم بۆ کوێ چووە
دەی ئێستا تۆ و ماسی بێن...لەگەڵمدا بگەرێن
ماسی:
با هەمووما‌ن بگەڕێین .... ئەم گۆرانییەش بڵێین
ئەی بۆقی جوان تۆ لە کوێی...هاورێتین خۆشمان دەوێی
دەی وەڵاممان بەرەوە...بەخێرایی وەرەوە
بۆ هاوکاری تۆ هاتووین... بۆ ئەو کارە ڕاهاتووین
بۆقیلەشمان لەلایە....بێتاقەتە بۆ دایە
قرژاڵ (لەم کاتەدا پەیدا دەبێت و دەچێتە نزیك بۆقیلەوە و پێیدەڵێ:
بۆقیلە گیان وەرە پێش .......دوور بی لە ئازار و ئێش
بۆچی مات و زیز دیاری ......دووری لەخۆشی و یاری
دەی دەی وەرە بۆقیلە ......ئەی چاوجوانەی خنجیلە
ئەمانە کەی دڵسۆزن .......ئێستا وەرە لەگەڵ من
بەتەنها هاوکاری تۆم ......کێشەکەت باس بکە بۆم.
بۆقیلە:
وا دیارە تۆش دڵسۆزی ...بۆ خەمی من هاوسۆزی
وەکو کیسەڵ و ماسی...منی بچوك دەناسی.
قرژاڵ:
ئەی بۆقیلەی سەوز و جوان .من دڵســـــۆزترم لەوان
بۆقیلە:
من ناتناسم ئەی تۆ کێی ...... وا گۆرانیم بۆ ئەڵێی
بەتەنها و بێ هاوکاری ..... چۆنە وا دڵسۆز دیاری
چۆن ئەتوانی تەنها خۆت ... ئەمە بگریتە ئەستۆت.
قرژاڵ:
بۆقیلە تۆ منداڵی ...... وەك خونچە گوڵی ئاڵی
منیش قرژاڵم ناوە .... وەك تۆ ئەژیم لەم ناوە
بۆ هاوکاریت ئامادەم.... پێم بڵێ چیت بۆ بکەم
ماسی و کیسەڵ هاورێت نین ....لەم ناوە خەریکی چین
پێیان بڵێ بابڕۆن .... ئەوان کەی دڵسۆزی تۆن

بۆقیلە:
بۆ ئەم قسانە دەکەی.....هەوڵی ناکۆکی دەدەی.
قرژاڵ:
بەهەڵە تێ مەگە لێم .... من دڵسۆزترین هاورێم
کیسەڵ:
بڕۆ وازی لێبێنە .... لەم ناوەدا مەمێنە
بەهەردوو سەردا دەڕۆی ....خەریکی فێڵ و درۆی
ماسی:
بۆقیلە بە ئاگایە .....ئەو زۆر ژیر و وریایە
بۆقیلە:
من و کیسەڵ و ماسی ....هەر کە یەکترمان ناسی
بووینە سێ هاورێی گیانی....گوێبگرە بابیزانی
من باوەرت پێ ناکەم .... هەرچەند سەرنجت دەدەم
کە تۆ بە دووسەر بڕۆی ....چۆن خەمی ئێمە ئەخۆی
باشە بڕۆی دەست بەتاڵ .... خەونەکانت بخە چاڵ
(ئیتر قرژاڵ وردە وردە ئەو ناوە بەجێدەهێڵێت ،جارێك بەملا و جارێ بەو لا تا لە کۆتاییدا بەلایەکدا دەڕوات و دەکەوێ).
لەم کاتەدا هەرسێکیان دەست دەکەنەوە بە گۆرانی وتن:
ئێمە جوانین دڵخۆشین .... ژیر و وریا و بەهۆشین
بۆ یەکتری هاوکارین .... بۆیە شاد و بەختیارین.
بۆقیلە:
دایەگیان کەی دێیتەوە....تۆ کەی دەگەڕێیتەوە
ماسی و کیسەڵ:
بۆقیلە گیان چاومان لێیە.......بۆ ئێرە دێ و شتی پێیە
ناتوانێ وەڵام باتەوە ..هەرخۆی بەرز دەکاتەوە
بۆق دەگاتە لایان و شتەکە دادەنێ و دەڵێت:
سڵاو لە ئێوەی بچکۆلە و وریا ... گوێم لێبوو ئێستا بۆقیلە گریا
وەرە باوەشم گوڵەکەی دایە . چۆن دەگری هاورێی واباشت لایە
ئەمانە بۆتۆ هەروەکو من وان . کیسەڵ و ماسی هاورێی بەوەفان
بۆقیلە:
دایە گیان تۆ لە کوێ بووی ...... من نازانم بۆ کوێ چووی؟
دایکە بۆق:
ڕۆڵە گیان ئازیزی من ....ئەوە چووبووم بۆ خواردن
سەیری چەندم هێناوە ..... لەبەر دەمتان داماوە
وەرن تێری لێ بخۆن ....ئەوسا بۆ یاری بڕۆن...











# لەیادی راپەڕینە پڕ شکۆکەی بەهاری 1991دا

## مامۆستا جەلال (جەلالی شیخ کەریم)

هەرچەندە تەمەن وای کردوە روداوەکان بە باشی لەیادماندا نەماوەتەوە. پێش راپەرین هەمو لای سەدام مەتلوب بوین . لێبوردنی بۆ دەرکردبوین کە خۆمان تەسلیم بکەینەوە . لەترسی کورسی دادگایی کردنمان نەهاتینەوە. بەلام راپەرین لەوکورسیەوە کەرەنگە زۆربەمانی لە سێدارە بدایە هێنامانیە سەرکورسی حوکم رانی.

ئێ راستە خوێنەوارو شارەزاو شۆرشگێرودلسۆزو پیاوچاکمان زۆرتیابو .بەلام حوکمرانی یاساو رێنمایی و دەستور رێکی خستوە . بەو حالەشەوە سێ سالی یەکەم دلسۆزی و باوەری شۆرشگێری و نەتەوایەتی نەیهێشت لە گەندەلیەوە بتلێین. چەند کەسێک نەبێت بە پەنجەی دەست ئەژمێرران .. ململانێی حیزبی و دەسەلات وشەری ناوخۆ هەموی لێکترازان جگە لەوهەمو قارەمانەی لە شەری ناوخۆدا تیاچون .ئامانجی سەرەکی شۆرش گۆررا و هەرکەس و لایەک مشوری خۆی و گیرفانی ئەخوارد . پرۆسەی ئازاد ی عیراق لە سالی ٢٠٠٣ ئەوەندەی تر رەوتەکەی خراپکرد و حالەتێکی پارەزۆری وا دروست بو زۆر لە تێکۆشەران وایانزانی سەدام لە سێدارە درا ئیتر خەبات و شۆرش و دلسۆزی و کوردایەتی کالبۆتەوە .نەما کەوتنە هەلپە بۆ خۆیان و مالێ و منالیان . بەتایبەت لێپرسراوە هەرەگەورەکانی شۆرش .

ئێکاکە خۆ خەبات بۆ بەدەست هێنانی مافی مرۆڤ و کورد و کوردستانە ئێمە لەدەستی سەدام و بەعسمان دەرهێنا ناکرێ میللەت لەبیرکەین ئێمەش بەجۆرێکی تر زولمیان لێبکەین.


بەشێکی کورتی یادەوریەکانم بۆ ئەو دوسێ مانگەی پێش راپەرین ئەخەمەوە بیرتان بەلک و بزانن ئەو میلەتەی وامان بۆ ئەکرد ئێستا موستەحەقی ئەوە نیە زولمی لێبکرێت. .....



چەند کادرو پێشمەرگەیەکی سنوری سلێمانی و قەرەداخ بوین ، لەسەر داوای خۆمان لەکۆتایی مانگی 1990/10 لەقاسمە ڕەشەوە بەرێکەوتین کەبێینەوە بۆ سنورەکانی قەرەداخ وبازیان و سلێمانی کە لەلایەن ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفاوە ئاڕاستەکراین.

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێ بدەم ئەو چەند رۆژەی پێش دەستپێکی راپەڕین و دوو رۆژی دوای راپەڕینی شاری سلێمانییە.

وەك كاك نەوشیروان دواتر لەدانیشتنێكدا باسی لەراپەڕین كرد وتی: "گەورەترین روداوی شۆرشگێرانە بووە لەمێژوی شۆڕش و روداوە سیاسیەکانی نەتەوەی کورددا، بۆیە پێویست بوو ئامادەکاری وردی بۆ بکرایە وخەڵکانی لەخۆبوردو سەرپەرشتی جێبەجێکردن و ئەنجامدانی بکەن".

لەرۆژی 1991/3/1دا لەگەل كاك (ئاواتی شێخ جەناب) بەیەکەوە لەسنوری سلێمانیەوە (کە بارەگاو ناوەندی چالاکی و پەیوەندیەکانمان بو لەگەل لێپرسراوان و کەسە تایبەتەکانی شار، ئەوان کەسەرپەرشتی ئەو شانە چەکدارانەیان دەکرد کەلەبازیان و ناوشار ئێمە پێشتر رێکمان خستبون)، گەراینەوە لای شەهید (حەمە رەش) کە لەبارەگای سەرەکی پارتیزانەکان بوو لەئەشکەوتێك لەپشتی قەلای تەپەگەروس، لەوێ جیهازە راکالەکەی لێبوو، ئێمەش هەر لەو جیهازەوە دەمانتوانی پەیوەندی بکەین بە مەکتەبی سیاسیی و كاك (مولازم عومەر)ـەوە کە لە (چیوەرۆ) لەبارەگای بەتالیۆنی 7 سەرپەرشتیاری میحوەری سلێمانی بوو، هاوکات لەرێگەی جیهازی (تەلەفۆن کن) لەگەڵ هەموو مەفرەزەو لێپرسراوەکانی پارتیزان پەیوەندی رۆژانەمان هەبوو، من لەرۆژی 1991/3/3 چومە سەر شاخ بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ بارەگاکەی شەهید (شێخ کەریم) بۆ وەرگرتنی هەواڵی برادەرانی شار، کە رۆژانە (رەحمان دەرەویانی، عەبە ڕەش، نەوزادی برای شەهید هەژار، شێخ حسێنی تیمار، کەمالی خاڵە شێخ محەمەدی قازان قایە، ئومێدی شێخ غەریبی سەنگاو و شێخ عوسمانی شێخ ڕەئوف، شەهید شێخ سەعید و شەهید شێخ رئوفی باغی سەروو) هەرشتێك هەبوایە دەیان گەیاندە لای ئەو هەر لەو بارەگایەش بۆ کارو چالاکییەکانی ناو شار یەکمان دەبینی.



شەهید (شێخ کەریم) لەپشتی گوندی داراغاوە شوێنێکی باشی دروست کردبوو کە لەگەڵ ڕەتڵی بازیان لەوێ بوون، قسەم لەگەڵ کرد وتی: "دوو نامەتان بۆ هاتووە یەکێکیان لەکاک بەختیار (شەهید شێخ سەعید) و ئەوەی دیکەیان لەکاک حەمە حسێن (شەهید حەمە حسین)وەیە"، وتم: "دوو ڕۆژی ئەوێت تا دەگاتە دەستمان، بۆیە بیکەرەوە و ناوەڕۆکەکەیم بۆ باس بکە"، وتی "کاک (عەباس) ڕۆژی 1991/3/4 دێتە لاتان لەنزیك بانی مۆرد لەبناری شاخی سەگرمە، دوو پیاوی گەورەی وەك خزمەکەی ئەو ڕۆژەی لەگەڵدا دەبێت (ئەو دووپیاوە موستەشار بوون)، بەڵام حەزدەکەن کاك حەمەرەش (شەهید حەمەڕەش) ببینن و لەگەڵتان بێت"، وتم باشە، شێخ کەریم وتیشی: "کاکە حەمە گلەیی زۆری نوسیوە و ئەڵێ خەڵك زۆر نیگەرانە، بڕیاری ڕاپەڕین زۆر دواکەوتوە، حکومەت باشوری عێراقی کۆنترۆڵکردۆتەوە، خەڵکێکی زۆری کوشتووە ئازارداوە، برادەران زۆر بە پەرۆشن، دەترسن حکومەت بێتەوە سەرمان هەمومان تەفرو توناکات"، پاشان هاتمەوە ئەشکەوتەکە و لەگەل کاک ئاواتی شێخ جەناب ڕێککەوتین کە بروسکەیەك بەناوی هەر سێکمانەوە بنوسین بۆ کاك مولازم عومەر، بروسکەکەمان بەم شێوەیە نوسی:

(لەحەمەرەش، ئاواتی شێخ جەناب، مامۆستا جلال)ـەوە

بۆ مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان + کاك مولازم عومەر

"جەماوەری کوردستان زۆر بەپەرۆشن و چاوەڕێی فەرمانی دەستپێکردنی ڕاپەڕینن، تکایە وەڵام".

شەهید حەمە رەش ڕازی نەبوو بەناوەڕۆکی بروسکەکە، ئەوەبوو وتی: "ناوی من بسڕنەوە، من ئەو برادەرانە بناسم بەم بروسکەیە ئیستفزاز دەبن، بەرنامەی خۆیان چیبێت وا دەکەن"، پاشان لەسار داوای شەهید حەمەڕەش ناوی ئەومان لەبروسکەکەدا سڕییەوە و ناردمان، دوای چەند کاتژمێرێک وەك شەهید حەمەرەش پێشبینی کردبوو، وەڵامی بروسکەکە بەم شێوەیە هاتەوە:

لەمیحوەری سلێمانیەوە (مولازم عومەر)

بۆ مامۆستا جەلال + ئاواتی شێخ جەناب

"ئێمە لەسەر قسەی ئێوە جەماوەری کوردستان و هێزی پێشمەرگە بەگورگانخوارد نادەین، کات و ساتی خۆی دێت پێتان دەڵێین".

ئێمە بەو وەڵامەی ئەوان زۆر نیگەران بوین، کاک ئاوات بەجیهاز لەگەڵ جیهازەکەی چیوەرۆ کەوتە قسە و (ڕزگاری حاجی کایل) هەندێک هەواڵیدا هێمنمان بکاتەوە، چونکە ئێمە بە عەدەد جیهازەکەی چیوەرۆمان وت "خۆمان دەچین بۆ سلێمانی و برادەرەکانمان دڵنیا دەکەینەوەو هیچ گوێ لەئێوە ناگرین".

دواتر کاك رۆستەم (مام ڕۆستەم) کە لەبارەگای بەتالیۆنی (٧) بوو هاتە سەرخەت ، ئەو لەگەل کاك عومەر پێکەوەبوون، هەندێک گاڵتەوە سوعبەتی لەگەڵ کردین و وتی: "پەلەمەکەن چونکە شەیتان پەلەیکرد چاوی خۆی کوێرکرد"، ئێمەش زۆر نیگەران بوین و دڵمان لای ئەو هەمو گفت و بەڵێنانە بو کەدابومان بەخەڵک و وتبومان "ڕاپەڕین حەتمیەو ڕژێمی سەدام دەروخێت".

من و کاک ئاوات پشتمان بە نامەیەکی کاك نەوشیروان بەستبوو کەپێش چەند ڕۆژێك کاك (عوسمانی حاجی محمود) بۆی هێنابوین، لەنامەکەدا بۆ شەهید حەمەرەشی نوسیبوو "دڵنیابن سەدام بچێتەوە سکی دایکیشی ئەمجارە تەواو بووە"، پاشان کاك (سەرکەوتە ڕەش) کە لەقاسمەڕەش ئەویش عەدەد جیهاز بوو، دوای کاتژمێرێک هاتەسەرخەت و وتی: "دڵتان هیچ نەکات کاك نەوشیروان هەموو قسەکانی ئێوەی گوێ لێبوو، پاشان چووەتە ژورەکەی خۆی و نامەیەکی دوروو درێژی بە کاك (جەبار یاوەر)دا ناردوە بۆ چیوەرۆ و سبەی ئاگادار دەکرێنەوە و بارودۆخەکە بەدڵی خۆتان دەبێت"، پاش قسەکانی کاك سەرکەوت، ئێمەش ئاهێکمان پێدا هاتەوە و بەیانیەکەی زوو چوینە بانی مۆرد کە دوو کاتژمێر دووربو لێمانەوە، باران دەباری کە کاك بەختیار (شەهید شێخ سەعید) هات، دوو کەسی تری لەگەڵ بوو، بەڕازیلییەکی شینیان پێبوو، لەنزیك ڕەبیەی جاشەکان لەخوار بانی مۆردەوە ئۆتۆمبێلەکەیان چەقی، حەمە ڕەش (شەهید حەمە ڕەش) وتی: "خۆ چیە هەموو شت تەواو بووە، باخۆمان بچین بەهانایانەوە"، منیش وتم "کێ دەڵێ ئەو ڕەبیەیە ناسیاریانن!، ئەمان بە ناوی ڕاوکردنەوە هاتوون، ئەگەر ئێمە ببینن قوڕ دەکەن بەسەریاندا"، دوو کاتژمێر چاوەڕێمان کرد، باران بواری نەدەدان و ئەوان گەرانەوە، ئێمەش گەڕاینەوە بۆ ئەشکەوتەکەی خۆمان، دەرگای ئەشکەوتەکە لەجێگەیەکی سەختدا هەڵکەوتبوو، بەجۆرێک بوو کەدەبوو بەچوار چنگۆڵە 50 مەتر ڕێبکەین تابگەین بەئەشکەوتەکە، کە گیشتینە بەردەم ئەشکەوتەکە کاك ڕزگار (ئاری ڕەئوف بێگەرد) کە لای حەمە ڕەش عەدەد جیهاز بوو سەری دەرهێناو لەدەمی ئەشکەوتەکەوە وتی: "خێراکەن برادەرانی مەکتەبی سیاسی بەجیهاز لەسەر خەتن و چاوەڕێی ئێوەن"،

کە چوینە ئەشکەوتەکەوە لەمەکتەب سیاسییەوە داوایان لێکردین هەرچی بروسکەو ئاگادارییەک بۆ ناوچەکانی سلێمانی و بازیان و چەمچەماڵ و شوێنەکانی تر کە لەلامانە بیاندەینێ و تاکو ئەوانیش هەر ئەوشەوە لەرادیۆی گەلی کوردستانەوە بڵاویبکەنەوە، منیش دەستبەجێ بروسکەکانی کاک شێخ کەریم و دکتۆر حەسەن و شەش بروسکەی خۆم وچەند بروسکەیەکی کاک ئاواتیشم پێدان، دواتر لەخۆشی هەواڵی ئەنجامدانی ڕاپەڕین، تا بەیانی بەدەم هەڵپەرکێوە نان و ناوساجیمان دروستکرد.

پێشتر بەبریارێك بەرپرسیارێتی سەرپەرشتیکردنی ڕاپەڕینی شارەکانی باشوری کوردستان دیاریکرابوو، حەمەرەش سەرپەرشتیاری کفری، کاک عوسمانی حاجی مەحمود بۆ دوز، رەئیس بۆ عەربەت و باریکە، من و کاک ئاواتیش بۆ شاری سلێمانی، سەید جەوهەر (شەهید سەید جەوهەر) و سەید بابا (شەهید سەید بابا ) بۆ چەچەمچەماڵ و ناحیەی شۆرش، برادەرانی دیکەش بۆ سەرپەرشتیکردنی ناوچەکانی تر بەهەمان شێوە ڕێکخرابوون و دابەشکرابوون.

بەرەبەیانی رۆژی 1991/3/5 من و کاک ئاوات و کاک لوقمان چاورەش لەئەشکەوتەکەوە بەرێکەوتین، کە هاتینە خوارەوە حەمەرەش لەدەرگای ئەشکەوتەکەوە سەری دەرهێناو وتی: "ئاگاداربن شەڕی ناو شارو کۆڵان زۆر مەترسیدارەو وریا بن"، ئیتر ئەوە کۆتا گفتوگۆبوو پێکەوەکردمان تالەڕۆژی 1991/3/11 لەدوز بەهۆی گولەهاوەنێکەوە پێکرا، دواتریش بە برینداری لەنزیك سلێمان بەگەوە کەوتە بۆسەی هێزەکانی موجاهیدینی خەڵقەوە و شەهید بوو، لەوکاتەدا موجاهیدین پاڵپشتی هێزەکانی رژێمی بەعسی دەکرد.

من شارەزابوم، هەر هەمان رۆژ بە بناری سەگرمەدا رویشتین و لەپشت گوندی ژاڵەوە بەدیوی قۆپیەکانی قەراخدا سەرکەوتین ولەدەربەندی داری زەردەوە چوینە خوارەوە، لەنزیك ماڵە قازیەکانەوە چاوەرێمانکرد بۆ ئەوەی شەوداببێت ولەخوار جافەرانەوە لەجادەکە بپەرینەوە، باران دایکرد و ئاو بەهەمو لەشماندا ئەهاتە خوارەوە وشکایی لەلەشمان دا نەمابوو، ئەوەندە تاریک بوو دوو مەتر پێشخۆمان نەئەبینی، ئێمەش هەرسێکمان بەسەرپردەکەدا پەرینەوە کە پێشتر لەژێرییەوە دەپەڕینەوە، بەڵام چونکە شەوبو هەروەها زۆر تاریکیش بوو، ترسمان لەسەرباز و جاش نەبوو کە چەند مەترێك لەپردەکەوە دوور بوون.

دواتر گەشتینە ئەشکەوتێک لەپشتی گوندی دەرەویانەوە و ئاگرمان کردەوە و خۆمان وشك کردەوە، بۆ بەیانیەکەی واتا 1991/3/6 چوینە ئەشکەوتەکەی نزیک کانی ڕۆشنایی، لەوێ کاک سەڵاح (شەهید سەڵاح) چاوەرێی دەکردین و بۆ شەوەکەی چوینە پشتی گوندی داراغاو بارەگای شێخ کەریم کە چل خولەکێک لەشاری سلێمانییەوە دوور بوو، شەهید شێخ کەریم هەواڵی ئەوەی پێداین کە ئەمڕۆ واتە 1991/3/6 کە بەهۆی بروسکەکانی شەوی ڕابردووەوە کە لەڕادیۆی گەلی کوردستانەوە بڵاوکراوەوە، زۆربەی برادەرانی شار هاتوون، بۆیە ئێمەش بەو هەواڵە زۆر دڵخۆشبوین. رۆژی 1991/3/5 رانیە ڕاپەڕینی ئەنجامدا، 1991/3/6 برادەرانی بازیانیش بەهۆی بروسکەکەی ئێمەوە کە بۆ شەهید شێخ سەعیدمان ناردبوو و تیایدا پێمان وتبوو "دەستی ماندو لەسەر سکی تێرە" بەومانایەی (ئێمە دورین ناگەینە لاتان، خۆتان دەست پێبکەن) ئەوانیش ڕاپەڕینیان ئەنجامدا.

شەوی پێشتر واتا 1991/3/5 مام رۆستەم بروسکەیەکی بۆ من و کاک ئاوات کردبوو تیایدا ئاماژەی بۆئەوەکردبوو کە ئێمە پەیامەکانمان بنێرین بۆ ئەوەی ئەوان لەڕادیۆی گەلی کوردستانەوە بڵاوی بکەنەوە، هەر لەو بروسکەیەدا مام ڕۆستەم دەڵێ: "لەشاخێکی نزیک سلێمانی چاوەرێمان بکەن لەشوێنێکی بەرز بۆ ئەوەی بتوانین بە جیهاز وەرتانبگرین، ئێمەش ئێوارەی 1991/3/7 یا بەیانی 1991/3/8 ئەگەینە نزیکی شار، جیهازتان کراوە بێت چونکە چاوساغمان لەگەڵدا نیە، نازانین چۆن بچینە ناو شارو بچینە کوێ"، مام ڕۆستەم بۆچونی وابوو ڕاپەڕین بە ئاسانی دەست پێناکات، دەیویست بێتە نزیکی ئێمەوە و بەیەکەوە بچینە شاری سلێمانییەوە.

بەڵام بەرەبەیانی رۆژی 1991/3/7 کاتێک لەخەو هەستام لەناو شار لەهەندێک شوێن دوکەل دەبینرا، کاک سوارەی هاڵدەرە و هەندێک لەبرادەرانی ناو شار کە رۆژانە سەردانی بارەگاکەی شێخ کەریمیان دەکرد هاتنەلامان و کاک سوارە وتی: "ڕاپەڕین دەستیپێکرد، لەگەل برادەران هەتاکو نزیك فولکەی دەستارەکەی شاری سلێمانی رۆیشتم، هەر ئەم بەیانییە وەستا بەکر کەسەرپەرشتی یەکێك لەشانە چەکدارەکانی ئێمەی دەکرد لەسەرەتای ڕاپەرینەکەی شاری سلێمانی شەهید بوو، چی بکەین؟" ئێمەش وتمان: "تەواو کاک مولازم عومەرو ئەوان لەڕێن و بەرێکەوتوون، هەر پەیوەندیمان پێوەبکەن، ئێمەش دێینە ناو شار".

لەو کاتەدا جیهازی بەتالیۆنی دوو کە کاک جەمیل هەورامی فەرماندەی بوو لەدۆڵەناو لەسەر خەتبوو، جیهازەکەی ئەوان جۆری (پی ئار سی) بوو جیهازێکی بەهێز بوو چونکە ئاریاڵی هەبوو، لەگەڵ جیهازی (تەلەفۆن کن) دەیتوانی پەیوەندی ببەستێت، هاوکات جیهازی ڕاکاڵێشیان هەبوو، جیهاز کراو بانگیانکرد کێ لێرەیە؟ من دەنگیم ناسی وتم منم لەبەرانانەوە بیگەیەنە بە برادەران کە شاری سلێمانی راپەڕی، وتی چۆن؟ وتم گەڕەکەکانی حاجیاواو خەبات وسەرشەقام ولەسەرەوەش گەڕەکەکانی مەجیبەگ و زۆربەی گەرەکەکانی شار دوکەڵ و ئاگرە و ڕاپەڕیون، عەدەد جیهازەکە کاک جەمیل هەورامی خۆی بوو، بڕوای نەدەکرد، وتم بڕوابکەن شاری سلێمانی ڕاپەڕی، پاشان وتی کاک نەوشیروان بەجیهازە راکاڵەکە لەسەر خەتە، منیش وتم دڵنیای بکەرەوە تەواو سلێمانی ڕاپەڕی، وتی هەواڵەکەم بۆ بکەنە بروسکە. ئەوە بوو هەواڵەکەمان بۆکردن بە بروسکەو ناردمان، (کاک سەرکەوتی جیهاز چەند رۆژێک پێش ئێستا لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بوک دەقی بروسکەکەی بڵاوکردبووەوە)، بروسکەکەش بەم شێوەیە بوو:

لە(لەتیف شێخ کەریمەوە):

"لە سلێمانی موزاهەرات دەستی پێکردووە، هەموو سەرجادەو رێگا سەرەکییەکانی ناو شار ئاگری تیادا کراوەتەوە، ئاگر لەزۆر شوێنی دەوڵەت بەردراوە، هاتوچۆی ناو شآر بەتەواوی بەستراوە".

هەرچەندە تایتڵی بروسکەکە هەڵەیەکی تیادابوو، ناوی جیهازەکەی کاک شێخ کەریم بە (لەتیف) ناسراو بوو، برادەرانی لای کاک جەمیل هەورامی شێخ کەریمیان دەناسی، ئیتر هەردوو ناوەکەیان لەبروسکەکەدا نوسیبوو، دواتر من هەر لەقسە کردن دابوم بەجیهاز لەگەڵ کاک جەمیل و برادەران، پێشمەرگەکان هەموو گوێیان لەڕادیۆ دەگرت کە باسی ڕاپەڕینی بازیان و رانیەی دەکرد، لەناکاو بێژەرەکە وتی: "مژدە مژدە شاری هەڵمەت و قوربانی ڕاپەڕی"، لەڕاستیدا من چاوەرێم نەدەکرد کە بە وخێراییە بروسکەکە گەیشتبێت، وامئەزانی هەواڵی ڕاپەڕینی شارێک یان شارۆچکەیەکی ترە، بەڵام رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لەمژدەکەدا وتی شاری هەڵمەت وقوربانی ڕاپەڕی، لەوکاتەدا من بەپێوە وەستابوم، بیستنی مژدەکە بۆ من هێندە خۆش و لەناکاوبوو، موچورکەیەك بەلەشمدا هات و جیهازەکەم لەدەست کەوتە خوارەوە.

ئیتر ئێمە خاتر جەمبوین، لەبەرئەوەی زانیمان هەر بەبڵاو کردنەوەی ئەو هەواڵە رژێم دەتۆقێنێت و کۆتایی پێدێت.

لەکاتی بڵاوکردنەوەی مژدەی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی، کاک شێخ کەریم توره بوو وتی: "من چاوەرێی کەس ناکەم، ئەچمە لای برادەرانی شار، قەناس و جیهازەکەی دانا و ویستی بڕوات، ئێمەش ئەو کات زۆر پابەندی بڕیارەکانی سەروو خۆمان بوین، نەماندەتوانی لێی لابدەین، دواتر کاك ئەحمەدی حاجی سالحی قازانقایە و عیزەتی حاجی حەسەنی باخان لەگەڵ دوو برادەری تردا لەشارەوە هاتن و تیان وەرن شوێن و جێمان چاککردوە و شێخ کەریمیشیان هێناوەتەوە کەویستبووی بە تەنها بڕوات بۆشار، ئێمەش وتمان کاکە تا 7 ی بەیانی لێرە چاوەرێ دەکەین، ئەگەر جیهازیان کردەوە باشە، نەشیان کردەوە بارەگاکەمان دەبەینە ناو شار"، ئەو شەوە بەدڵخۆشییەوە خەوتین، بەرەبەیانی 1991/3/8 کاتژمێر 7 جیهازم کردەوە و بانگم کرد کێ لەخەتە؟ یەکێك بە هەناسە برکێوە وتی من لەخەتم،

خالیدم عەدەد جیهازی بەتالیۆنی 7 لەلای مامۆستا جەمال، (لەکاتی نوسینی ئەم یاداشتانەدا، تا ئەم کۆتاییانەش کاک خالید بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکان بوو لەسلێمانی)، وتم: "باشە گەیشتونەتە کوێ؟ وتی دێیەکەی ماڵی خزمەکانی قادری حاجی عەلی، من نەمئەزانی کاک قادر لەوێلەیەر خزمی هەبووە، وتم کاکە نهێنی نەماوە (مەبەست لەنهێنی نەماوە، تێنەگەیشتنی ڕژێمە بە گفتوگۆکانمان بەجیهاز)، قسە بکە.. وتی: "وێلەیەر، وتم کاک عومەرتان لەگەڵە؟ وتی نا مامۆستا جەمال-مان لەگەڵدایە، وتم باشە تا سەر شەستییەکەی سلێمانی ڕاکەن، بارودۆخەکە لەبەرژەوەندی خۆمانە و گەڕەکەکانی سەرەوەی شار ئازادکراون، تەنها حامیەو ئەمنە سورەکە ماون ئازاد بکرێن، منیش جیهازەکەم دایە دەست کاک ئاواتی شێخ جەناب و ئەویش لەگەڵ مامۆستا جەمال قسەی کردو دواتر ئێمە بەڕاکردن ڕۆیشتین بەرەو شار.


چوینە گەڕەکی شێخ عەباس لەسلێمانی، لەماڵێك کۆڵە پشت و کەل و پەلەکانمان داناو بەچەك و تاقم و تفەنگ ورومانەوە چوینە سەرجادەکەی بەردەم گەڕەکی وڵوبە هەر لەولا شێخ عەباسەوە، لەوێ پیکابێکی شلەخەجێ هات، دەستمان لێراگرت، تەماشامان کرد کاک چالاك بوو، کاک چالاك کادری کەرتی چواری جەباری بوو لەئەنفالەکاندا بەدزییەوە هاتبووەوە ناو شار و خۆی حەشاردابوو، سەرکەوتین و ئیتر ژمارەمان بوو بە نزیکەی 17 کەس و جێی خۆمان لەئۆتۆمبێلەکەدا کردەوەو بەرێ کەوتین بەرەو حامیەی شاری سلێمانی، کە گەیشتینە ئەوێ.. شەڕو پێکدادان کەم ببووەوە، نزیکی کاتژمێر 9:30 ی خولەکی بەیانی بوو، کۆمەڵێک پێشمەرگەمان لێکۆبووەوە، کە لەوکاتەدا ئەوان سەرپەرشتی شانە چەکدارەکان و خەڵکە ڕاپەڕیوەکەیان دەکرد، کە گەیشتینە دەرگای ئەمنە سورەکە بە ڕووی گەڕەکی عەقاریدا، خەڵك شاڵاوێکی پێشبینی نەکراویان برد بۆ حەوشەی ئەمنە سورەکە، کاک شێخ کەریم پیاوێکی زۆر ئازاو چاو نەترس بوو پێش خەڵکەکە کەوت، لەپەنجەرەی ژوورەکانی ئەمنە سوورەکەوە بەر تەقە و دەستڕێژی گوللەدراین، ئێمەش شێلگیرانە بەرەو پێشەوە دەچوین، بەڵام لەوکاتەدا قسەکانی حەمە رەشی برام بیرکەوتەوە کە پێشتر لەبارەی شەڕی ناوشارەوە پێی وتبوین، خۆمان دا بەئەرزداو هەندێکمان لێ بریندار بوون، لەگەڵ کاک سەرحەد و کاک شێخ کەریمدا بریندارەکانمان هێنایە دواوە، یەکێکیان دەستبەجێ شەهید بوو بەداخەوە ناویم لەیاد نییە، بریندارەکانمان خستە پاڵ دیوارێکەوە، لەو دیوەوە پیکابێکی لاندکرۆزەر وەستابوو، گەنجێکی باریکەلە شۆفێربوو دیار بوو لەرێکخستنەکانی ناو شاربوو، زۆر زیتەڵە و بەجموجۆڵ بوو، وتم ئەو بریندارانە ببە بۆ نەخۆشخانە، وتی بەسەر چاو منیش هەر بۆ ئەوە ئەم ئۆتۆمبێلەم هێناوە، سەرەتا وامئەزانی سەر بە ڕێکخستنەکانی خۆمانە، پاشان وتم تۆ کێیت، وتی ناوم سەردار قادرە برای تەحسین قادرم، من پێشتر ناوی تەحسینم بیستبوو کە لەدوای ئەنفالەکانەوە گیرابوو ئەمزانی کێیە، گەنجەکە وتی: "کاك تەحسین سجنە لەم ئەمنە"، وتم ئەی بەر نەبووە ؟ وتی: "زوو بەربوو، بەڵام ئەمچەند ڕۆژە گومانیان لەهەرکەسێک بوبێ گرتویانەتەوە و هێناویانەتەوە بۆ ئێرە".


بریندارەکانیان بردوو ڕۆیشتن، من و کاک سەلاح (شەهید سەلاح) و کاک سەرحەد (شەهید سەرحەد) و کاک لوقمان و ئەوبرادەرانەی لەگەڵمان هاتبونە ناو شار، هەر یەکە چەند کەسێکمان لەو خەڵکە ڕاپەڕیوە کە چەکداربوون نارد تاوەکو بەسکە خشکێ بچنە پەنای پەنجەرەی ژێر زەمینی ئەمنەسوورەکەوە، چونکە بەهۆی ئەو هەڵمەت و هێرشانەی هێزی پێشمەرگەو خەڵک و ڕێکخستنەکانەوە قاتەکانی سەرەوەیان چۆڵکردبوو، چەکدار و پیاوانی ڕژێم و ماڵو منداڵیان چوبونە ژێر زەمینی ئەمنە سوورەکەوە.


پاشان لەگەڵ کاک شێخ کەریم و کاک ئاواتدا، چوینە سەربانی ئەو ماڵە ئەمنانەی کە دیواریان بە پشتی ئەمنە سورەکەوەبوو، ئەوماڵانەش تایبەت بوون بە ئەفسەرو لێپرسراوانی ئەمنی سلێمانی، لەوێوە چەند دەستڕێژێکمان کرد بەرەو ڕووی پەنجەرەی ژێر زەمینەکان، لەو کاتەدا کاک شێخ کەریم بەرمیلێکی بەتاڵی هێنا بۆ ئەوەی بچێتە سەری و زاڵبێت بەسەر دیواری سەربانی خانوەکەدا کە دەیروانیە سەر حەوشەی ئەمنە سورەکە هەتاکو بەباشی پەنجەرەکان ببینێت، شوێنەکەمان زۆر مەترسیداربوو، چونکە لەسەروو ئێمەوە لەگەڕەکی عەلی ناجیەوە هەرچ فیشەکێك بەڕووی ئەمنە سوورەکەوە لەلایەن پێشمەرگەو خەڵکی ڕاپەڕیووەوە بتەقێندرایە مەترسی بۆسەر ئێمە هەبوو چونکە ئەمنە سوورەکە کەوتبووە نێوانمانەوە، بۆیە شێخ کەریمم هێنایە خوارەوە و وتم فیشەکی برادەران لەوانەی ئەمنەکانن خەتەر ترە! هەوڵماندا وابکەین ئەوان تەقە ڕابگرن، چونکە ڕژێم تەنها ژێر زەمینەکەیان بەدەستەوە مابوو، پاشان چوینە کۆڵانەکەی پشتی ئەمنە سوورەکەوە، زۆرخۆشحاڵ بووم چونکە کاک سەلاح و کاک سەرحەدم لەگەڵ کۆمەڵێك پێشمەرگەو خەڵکی ڕاپەڕیوی چاونەترس لەبن دیوارەکاندا و لەنزیك پەنجەرەکانەوە بینی، وتم با ئێمە بچینە سەرەوە چەند دەستڕێژێک بکەین بەرەوڕووی پەنجەرەکان، من سەرکەوتم و شێخ کەریم بە پێوە لەسەر بەرمیلەکە وەستابو بەرەو ڕووی ژێر زەمینی ئەمنە سوورەکە (ئار پی جی) یەکی بەدەستەوە بوو، من فریا نەکەوتم بڵێم ئاگاداربە، نیوەی جەستەی لەستارەی خانوەکەوە بەدیارکەوتبوو، (ئار پی جی) یەکەی تەقاندوو دوای چرکەیەک فیشەکێك بەر سەری کەوت و پێکای، ئەو ساتە بۆمن زۆر بە ئازار بوو وەک ئەوە وابو دونیام بەسەردا بڕوخێت، چونکە پیاوێکی زۆر ئازاو دلسۆزو چاونەترس بوو، بەڕاستی پارتیزانیش بوو، لەگەڵ ئەوەشدا لێپرسراوی ڕەتلی پارتی زانەکانی بازیان بوو.


لەگەڵ کاك ئاواتدا ئەومان بەبریندارى بردە خوارەوە، لەگەڕەکەکەدا لەیەکێک لەماڵەکاندا پزیشکێکی عەرەبی سەربازی لێبوو، بردمانە لای ئەو تا تیماریبکات، پزیشکەکە وتی: "بیبەن بۆ نەخۆشخانە"، من زانیم شێخ کەریم شەهید دەبێت، لەگەڵ سەردار قادری برای تەحسین قادر کە پێشتر ناوم هێناون، خستمانە ئۆتۆمبێلەکەی ئەوەوە، ئەویش بردی بۆ نەخۆشخانەی سلێمانی و ئێمە چوینەوە بۆ لای برادەران، بەشێکی زۆری بینای ئەمنە سوورەکە کۆنترۆڵ کرابوو، هەندێک لەبەرپرسانی ڕژێمی بەعس ماڵ و منداڵی خۆیان لەترسی ڕاپەڕین خزاندبووە ئەمنە سوورەکەوە، دواتر وردە وردە ژن و منداڵەکانیان ئەناردە دەرەوە، منیش چومە ئەو شوێنەی کەیەکەم جار تەقەیان لێکردین، دو ژنی عەرەب هەریەکەیان دومنداڵیان پێبوو، بە ماکسیەوە هاتنە دەرەوە و ئەپاڕانەوە، منیش ئەو برادەرانەی لەوێ بون ئاگادارم کردن کە بیانبەن لەجێگایەك کۆیان بکەنەوە و ئازار نەدەرێن، لەو قسانەدا بوین دوو سێ پێشمەرگە بەرەوڕووم هاتن، دیار بوو بەهۆی ئەوەی جل وبەرگی زۆر جیاوازی پێشمەرگانەم لەبەردابوو، وتیان "ئێمەیان بۆ لای ئێوە ناردوە". پرسیم ئێوە کێن؟ یەکێکیان وتی: "ناوم زرارە و لەبەتالیۆنی 7 سەرتیپم، نزیکەی پەنجا پێشمەرگەم هێناوە و هاتوم بۆلاتان"، منیش وتم: "زۆر باشە، هەندێک نائیب زابت وئەمن و خەڵکی تر کە ئێمە نەماندەزانی کێن و چین وردە وردە لەژێر فشاری نارنجۆکەوە دەهاتنە دەرەوە و خۆیان ڕادەستدەکرد"، دواتر وتم کاک زرار مامۆستا جەمال لەکوێیە وتی لەمەکتەبێکە لای مزگەوتی عەلی کەمال، ئیتر ئەو مەکتەبە بوو بەبارەگاو زیندانەکانیان گواستەوە بۆ ئەوێ.

شێخ نوری تیماریش لەنێو حەوشەی ئەمنە سوورەکە ئەسورایەوە، منیش وتم ئەوە چیەکەیت شێخ نوری؟ وتی زاهر سجنە.









ئێمە ئاگاداری شێخ زاهیرمان کردبووەوە کە ڕاپەڕین ڕوودەدات، دیاربو جرت و فرتی زۆری کردبوو، بۆیە بەر لەچەند ڕۆژێک دەستگیرکرابوو، هەندێک پێشمەرگەی کۆن و دابراومان بینی لەحەوشەی ئەمنە سوورەکە، دیاربوو کاك ئاواتی شێخ جەناب ئەیناسین، یەکێك لەوانە کە بەداخەوە ناوەکەیم لەبیر نەماوە پێشمەرگەیەکی کۆن بوو، وتی کاک مارفی زاواتان گیراوە، مارفی مەحامی زاوای کاك ئاوات بوو، هەر ئەو ڕۆژە مارفی محامی و شیخ زاهیر و تەحسین قادر و هەموو ئەوانەی کەگیەرابوون لەلایەن رژێمەوە ئازادکران، ئەو ساتە بوو بەخۆشی و شادییەک کەس نەی ئەپەرژایە سەرکەس.

هەر لەوکاتەدا دوو گەنج لەگەڵ کەسێکدا مشتومڕیانبوو، لەناکاو یەکێکیان هاواریکرد؛ خەڵکینە راکەن ئەمە نائیب موحافیزە (جێگری پارێزگاری ئەوکاتەی سلێمانی)، بەدارو بەردو بلۆك هێرشیان کردە سەر، بەندە بارودۆخکەی پێ ناخۆش بوو، چوونکە حەزمدەکرد ڕاپێچی دادگاو یاسای گەل بکریت و لەوێ لێپرسینەو لێکۆلینەوەی لەگەڵدابکرێت.

دوای ئەوە ئێمە چوینە نەخۆشخانە، زۆر قەرەباڵغ بوو، کاتێک چوومە ژوورەوە شێخ کەریم شەهید ببوو، بردمانە مزگەوتێك لەنزیك ماڵی خۆیان لەگەڕەکی شێخ محێدین، دایکی و خوشکەکانی دەگریان دەیانگوت: "پێشتر لەئەمنە سورەکەوە جوابی ناردبوو کەسێ مانگە مریشکی نەخواردووە، ئێمەش مریشکمان بۆ لێنابوو"، من زۆر گریام وزیاد خەفەتم لێخوارد، ئەو پیاوە ئازاو دلسۆزە، ئازادی ڕاپەڕینی نەبینی.

ئێمە چەند مانگێك لەئەشکەوت و شاخدابووین و پێویستمان بەکەمێک پشوو هەبوو، لەگەڵ ئەو برادەرانەی کە لەسنورەوە هاتبوون قسەمان کردبوو، ئەوان خەریکی رێکخستنی شاربوون، هەڵبەتە شانە و رێکخستنەکانی شار ڕۆڵی زۆریان هەبوو، بەتایبەت کاک خالید رەزا و کاک کاوەی مامە عەبەو کاک شەماڵ و کاک ئاکۆ و کاک هاورێ موراد (حەمە نوری) و برادەرەکانیان، لەگەڵ کاک ئاواتدا ویستمان برۆین لە جێگەیەك پشوبدەین، کەسێك لەوێ بوو وتی من کوری کاك رەحیم ئەکبەرم و خەڵکی سەنگاو بوو، ئەوە ماڵمانە لەم نزیکانە، منیش ناسیمەوە و حەزمکرد بچم بۆ لای، چونکە کاک ستاری برای لەگەڵ شەهید حەمە رەشی برامدابوو، پێشمەرگەیەکی ئازا و قارەمان بوو، پێش چوار ساڵ و لەهاوینی ساڵی 1986 دا بەبریینداری بەدیلگیرابوو، پاشان بەلێخۆشبونەکەی ساڵی 1989 دوای پرۆسەی ئەنفالەکان، ئازاد کرا. حەزمدەکرد بچم ئەویش ببینم، چومە ماڵی کاک ستار، ئەوکات بارەگاکەی کاک خالید ڕەزاو ئەوان لەشوێنی مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی بوو کە پێی دەوترا (حطین) و پێشتر بارەگای حیزبی بەعس بوو، چەند مانگێک پێشتر کاک خالید ڕەزا لەلایەن ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە لە قاسمە ڕەشەوە نێردرابووەوە بۆ سلێمانی تاکو سەرپەرشتی رێکخستن و رێکخراوی شار و کۆمەڵەی ڕەنجدەران بکات بەهۆی ئەوەی کاک جەباری حاجی رەشید و مامۆستا ئەحمەد و هاوڕێکانیان لە لایەن رژێمی بەعسەوە دەستگیر کرابوون، بەتالیۆنی حەوتیش لەمەکتەبەکەی لای مزگەوتی عەلی کەمال بوو لە سلێمانی، شانە و گروپەکانیش لەهەموو گەرەکەکان بارەگایان هەبوو، کاك ئاواتی شیخ جەناب، چەند پاسێکی نارد بە شوێن هێزەکەی کاك مولازم عومەرو کاك شەوکەت و مام روستەم و هەندێك لەبرادەرانی پارتیشیان لەگەلدابوو، وەک عوسمانی قالەمنەوەرو قادر قادرو مامۆستا فایەقە رەش، ئەمانە رۆژی ٩ ی مانگی 3ێی ساڵی1991 گەیشتنەوە بارەگای سەرەکی بەرەی کوردستانی لەسەقافەی سلێمانی واتە (هۆڵی رۆشنبیری سلێمانی ئێستا).

لە کۆتایی ئەم بەشەی یاداشتەکانمدا، سەری ڕێز و وەفاو ئەمەک بۆ سەرجەم شەهیدان و کەمئەندامانی سەنگەر و زیندانیانی سیاسی رێگای ئازادی خوازی گەلەکەم و خانەوادە و جگەرگۆشەکانیان دادەنەوێنم، بە خوێنی گەشی شەهیدان و قارەمانی و لەخۆبوردووی تێکڕای هێزی پێشمەرگە و جەماوەری بەئەمەکی گەلی کوردستان، توانیمان لە بەهاری 1991 دا ئازادی بەدی بهێنین و بیبەخشینە نەوەکانی دوای خۆمان و لەم بەشەی کوردستاندا.

هاوکات ئومێدەوارم بەرپرسانی حزبی و حکومی هەرێمی کوردستان، خوێنی گەشی شەهیدان و فیداکاری و گیانبەخشینیان و هاوکات خەبات و ماندووبونی هەموو ئەو تێکۆشەرانەو خانەوادەکانیان زۆر زیاتر بەرزبنرخێنێت.

# ڕۆژنامەی کوردستان

ئامادەکردن
ڕەفیق ساڵح
سدیق ساڵح
بەشی دووەم



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢١ | شەمموو | ١١ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ | ٢ی مارسی ١٩٤٦ | |
| ٢٢ | دووشەمموو | ١٣ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ | ٤ی مارسی ١٩٤٦ | |
| ٢٣ | چوارشەممو | ١٥ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ | ٦ی مارسی ١٩٤٦ | ربیع الاول ١٣٦٥ |
| ٢٤ | چوار شەممو | ٢٢ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ | ١٣ی مارسی ١٩٤٦ | ٨ ربیع الپانی ١٣٦٥ |
| ٢٥ | یەکشەممە | ٢٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ | ١٧ی مارسی ١٩٤٦ | ١٢ ربیع الپانی ١٣٦٥ |
| ٢٦ | دووشەممو | ٢٧ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ | ١٨ی مارسی ١٩٤٦ | ١٣ ربیع الپانی ١٣٦٥ |
| ٢٧ | دووشەممو | ٥ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ | ٢٥ی مارسی ١٩٤٦ | ٢١ ربیع الپانی ١٣٦٥ |
| ٢٨ | چوارشەممو | ٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ | ٢٧ی مارسی ١٩٤٦ | ٢٣ ربیع الپانی ١٣٦٥ |
| ٢٩ | شەممو | ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ | ٣٠ی مارسی ١٩٤٦ | ٢٦ ربیع الپانی ١٣٦٥ |
| ٣٠ | دووشەممو | ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ | ١ی ئاوریلی ١٩٤٦ | ٢٨ ربیع الپانی ١٣٦٥ |
| ٣١ | چوارشەممو | ١٤ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ | ٣ی ئاوریلی ١٩٤٦ | ١ جمادی الاولی ١٣٦٥ |
| ٣٢ | شەممو | ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ | ٦ی ئاوریلی ١٩٤٦ | ٤ جمادی الاولی ١٣٦٥ |
| ٣٣ | دووشەممو | ١٩ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ | ٨ی ئاوریلی ١٩٤٦ | ٦ جمادی الاولی ١٣٦٥ |
| ٣٤ | چوارشەممو | ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ | ١٠ی ئاوریلی ١٩٤٦ | ٨ جمادی الاولی ١٣٦٥ |
| ٣٥ | دووشەممو | ٢٦ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ | ١٥ی ئاوریلی ١٩٤٦ | ١٣جمادی الاولی ١٣٦٥ |
| ٣٦ | دووشەممو | ٢٨ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ | ١٧ی ئاوریلی ١٩٤٦ | ١٥ جمادی الاولی ١٣٦٥ |
| ٣٧ | شەممو | ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ | ٢٠ی ئاوریلی ١٩٤٦ | ١٨ جمادی الاولی ١٣٦٥ |
| ٣٨ | دووشەممو | ٢ی بانەمەڕی ١٣٢٥ | ٢٢ی ئاوریلی ١٩٤٦ | ٢٠ جمادی الاولی ١٣٦٥ |
| ٣٩ | چوارشەممو | ٤ی بانەمەڕی ١٣٢٥ | ٢٤ی ئاوریلی ١٩٤٦ | ٢٢ جمادی الاولی ١٣٦٥ |
| ٤٠ | شەممو | ٧ی بانەمەڕی ١٣٢٥ | ٢٧ی ئاوریلی ١٩٤٦ | ٢٥ جمادی الاولی ١٣٦٥ |
| ٤١ | دووشەممو | ٩ی بانەمەڕی ١٣٢٥ | ٢٩ی ئاوریلی ١٩٤٦ | ٢٧ جمادی الاولی ١٣٦٥ |
| ٤٢ | چوارشەممو | ١١ی بانەمەڕی ١٣٢٥ | ١ی مەی ١٩٤٦ | ٢٩ جمادی الاولی ١٣٦٥ |
| ٤٣ | شەممو | ١٤ی بانەمەڕی ١٣٢٥ | ٤ی مەی ١٩٤٦ | ٢ جمادیالپانی ١٣٦٥ |
| ٤٤ | دووشەممو | ١٦ی بانەمەڕی ١٣٢٥ | ٦ی مەی ١٩٤٦ | ٤ جمادیالپانی ١٣٦٥ |
| ٤٥ | چوارشەممو | ١٨ی بانەمەڕی ١٣٢٥ | ٨ی مەی ١٩٤٦ | ٦ جمادیالپانی ١٣٦٥ |
| ٤٦ | شەممو | ٢١ی بانەمەڕی ١٣٢٥ | ١١ی مەی ١٩٤٦ | ٩ جمادیالپانی ١٣٦٥ |
| ٤٧ | چوارشەممو | ٢٥ی بانەمەڕی ١٣٢٥ | ١٥ی مەی ١٩٤٦ | ١٣ جمادیالپانی ١٣٦٥ |
| ٤٨ | شەممو | ٢٨ی بانەمەڕی ١٣٢٥ | ١٨ی مەی ١٩٤٦ | ١٦ جمادیالپانی ١٣٦٥ |
| ٤٩ | شەممو | ٤ی جۆزەردانی ١٣٢٥ | ٢٣ی مەی ١٩٤٦ | ٢١ جمادیالپانی ١٣٦٥ |

دوای وردکردنەوەی هەرسآ مێژووەکە، لەکاتێکدا لە ژمارە (٢٣) بەدواوە هی کۆچیی خراوەتە سەر، دەرکەوت مێژووی هەتاوی بەگشتی بە بنچینە دانراوە ئەو دووەی تر پآبەپآی ئەو دانراون؛ئەم هەڵانەی لای خوارەوەیش لە دوو مێژووەکەی تردا کراون:

-ژمارە (٣٦) کە دوو ڕۆژ دوای شەممە دەرچووە. ئەبآ چوارشەمووی بەسەرەوە بآ نەک دووشەممو.

-ژمارە ٤٩ کە دوای حەفتەیەکو لە شەمووی ٤ی جۆزەردانا دەرچووە، زاینیەکەی (٢٥ی مە)و کۆچیەکەی (٢٣ جمادی الپانی)یە؛ لەگەڵ ژمارەی دوای خۆیشیدا ڕێک دێتەوە کە پاش دوو ڕۆژ دەرچووە.

-ژمارەکانی (٥٢- ٦٢) کە بەرودوا لە (٢، ٤، ٦، ٩، ١١، ١٣، ١٦، ١٨، ٢٠، ٢٣، ٢٦)ی ژوین (حوزەیران)دا دەرچوون، بەپآی ساڵە هەتاویەکە بەرامبەر بە (١، ٣، ٥، ٨، ١٠، ١٢، ١٥، ١٧، ١٩، ٢٢، ٢٦) ئەوەستنەوە.

-ژمارەی (٦٥) ناگونجآ لە سێشەمموودا دەرچووبآ، چونکە جیاوازییەکی بەرچاو ئەخاتە وادەی دەرچوونی ژمارەکانی دوای خۆی، کە زەحمەتە ڕاست بکرێتەوە، بۆیە ئەبآ ڕۆژەکەی جومعەو بەرامبەری (٥ی ژوئیە)یش بآ.

-ژمارە (٦٧) کە هەر مێژووی هەتاویی بەسەرەوەیە، ئەکاتە ڕێکەوتی ١٤ی ژوئیە (تەمووز).

-ژمارە (٧٩) کە دوای پێنج ڕۆژ لە پێنجشەمموودا دەرچووە، ئەبآ سێشەمووی بەسەرەوە بآ نەک شەممو.

-ژمارەکانی (٧٩): ڕێکەوتی ٢٠ی ئووت، نەک ٢٢؛ (٨٥) ١٢ی سپتامبر، نەک ٥؛ (٨٧) ١٦ی سپتامبر، نەک (١٧)؛ (٨٨) ١٨ی سپتامبر، نەک ١٩؛ (٩٢) ٢ی ئوکتوبر نەک ٣، دەرچوون.

-ژمارەکانی (٧٩، ٨٥، ٨٧، ٨٨، ٩٢)، لەبری (٢٢ی ئووت، ٥و ١٧و ١٩ی سپتامبر، ٣ی ئۆکتۆبر)دا بەرودوا لە (٢٠ی ئووت، ١٢و ١٦و ١٨ی سپتامبر، ٢ی ئۆکتۆبر) دەرچوون.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤٩ | شەمموو | ٤ی جۆزەردانی ١٣٢٥ | ٢٣ی مەی ١٩٤٦ | ٢١ جمادیالپانی ١٣٦٥ |
| ٥٠ | دووشەمموو | ٦ی جۆزەردانی ١٣٢٥ | ٢٧ی مەی ١٩٤٦ | ٢٥ جمادیالپانی ١٣٦٥ |
| ٥١ | چوارشەمموو | ٨ی جۆزەردانی ١٣٢٥ | ٢٩ی مەی ١٩٤٦ | ٢٧ جمادیالپانی ١٣٦٥ |
| ٥٢ | شەمموو | ١١ی جۆزەردانی ١٣٢٥ | ٢ی ژوینی ١٩٤٦ | ١ رجب ١٣٦٥ |
| ٥٣ | دووشەمموو | ١٣ی جۆزەردانی ١٣٢٥ | ٤ی ژوینی ١٩٤٦ | ٣ رجب ١٣٦٥ |
| ٥٤ | چوارشەمموو | ١٥ی جۆزەردانی ١٣٢٥ | ٦ی ژوینی ١٩٤٦ | ٥ رجب ١٣٦٥ |
| ٥٥ | شەمموو | ١٨ی جۆزەردانی ١٣٢٥ | ٩ی ژوینی ١٩٤٦ | ٨ رجب ١٣٦٥ |
| ٥٦ | دووشەمموو | ٢٠ی جۆزەردانی ١٣٢٥ | ١١ی ژوینی ١٩٤٦ | ١٠ رجب ١٣٦٥ |
| ٥٧ | چوارشەمموو | ٢٢ی جۆزەردانی ١٣٢٥ | ١٣ی ژوینی ١٩٤٦ | ١٢ رجب ١٣٦٥ |
| ٥٨ | شەمموو | ٢٥ی جۆزەردانی ١٣٢٥ | ١٦ی ژوینی ١٩٤٦ | ١٥ رجب ١٣٦٥ |
| ٥٩ | دووشەمموو | ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٢٥ | ١٨ی ژوینی ١٩٤٦ | ١٧ رجب ١٣٦٥ |
| ٦٠ | چوارشەمموو | ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٢٥ | ٢٠ی ژوینی ١٩٤٦ | ١٩ رجب ١٣٦٥ |
| ٦١ | شەمموو | ١ی پووشپەڕی ١٣٢٥ | ٢٣ی ژوینی ١٩٤٦ | ٢٢ رجب ١٣٦٥ |
| ٦٢ | چوارشەمموو | ٥ی پووشپەڕی ١٣٢٥ | ٢٧ی ژوینی ١٩٤٦ | ٢٦ رجب ١٣٦٥ |
| ٦٤ | سێشەمموو | ١١ی پووشپەڕی ١٣٢٥ | ٢ی ژوئیەی ١٩٤٦ | ٢ شعبان ١٣٦٥ |
| ٦٥ | سێشەمموو | ١٤ی پووشپەڕی ١٣٢٥ | ٢ی ژوئیەی ١٩٤٦ | ٣ شعبان ١٣٦٥ |
| ٦٦ | سێشەمموو | ١٨ی پووشپەڕی ١٣٢٥ | ٩ی ژوئیەی ١٩٤٦ | ٩ شعبان ١٣٦٥ |
| ٦٧ | یەکشەمموو | ٢٣ی پووشپەڕی ١٣٢٥ | | |
| ٦٨ | پێنجشەمموو | ٢٧ی پووشپەڕی ١٣٢٥ | ١٨ی ژوئیەی ١٩٤٦ | ١٨ شعبان ١٣٦٥ |
| ٦٩ | یەکشەمموو | ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٢٥ | ٢١ی ژوئیەی ١٩٤٦ | ٢١ شعبان ١٣٦٥ |
| ٧٠ | سێشەمموو | ١ی گەلاوێژی ١٣٢٥ | ٢٣ی ژوئیەی ١٩٤٦ | ٢٣ شعبان ١٣٦٥ |
| ٧١ | یەکشەمموو | ٦ی گەلاوێژی ١٣٢٥ | ٢٨ی ژوئیەی ١٩٤٦ | ٢٨ شعبان ١٣٦٥ |
| ٧٢ | سێشەمموو | ٨ی گەلاوێژی ١٣٢٥ | ٣٠ی ژوئیەی ١٩٤٦ | ٣٠ شعبان ١٣٦٥ |
| ٧٣ | یەکشەمموو | ١٣ی گەلاوێژی ١٣٢٥ | ٤ی ئووتی ١٩٤٦ | ٦ رمچان ١٣٦٥ |
| ٧٤ | سێشەمموو | ١٥ی گەلاوێژی ١٣٢٥ | ٦ی ئووتی ١٩٤٦ | ٨ رمچان ١٣٦٥ |
| ٧٥ | یەکشەمموو | ٢٠ی گەلاوێژی ١٣٢٥ | ١١ی ئووتی ١٩٤٦ | ١٣ رمچان ١٣٦٥ |
| ٧٦ | سێشەمموو | ٢٢ی گەلاوێژی ١٣٢٥ | ١٣ی ئووتی ١٩٤٦ | ١٥ رمچان ١٣٦٥ |
| ٧٧ | پێنجشەمموو | ٢٤ی گەلاوێژی ١٣٢٥ | ١٥ی ئووتی ١٩٤٦ | ١٧ رمچان ١٣٦٥ |
| ٧٨ | یەکشەموو | ٢٧ی گەلاوێژی ١٣٢٥ | | |
| ٧٩ | شەمموو | ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٢٥ | ٢٢ی ئووتی ١٩٤٦ | ٢٤ رمچان ١٣٦٥ |
| ٨٥ | پێنجشەمموو | ٢١ی خەرمانانی ١٣٢٥ | ٥ی سپتامبری ١٩٤٦ | ٩ شوال ١٣٦٥ |
| ٨٧ | سێشەمموو | ٢٦ی خەرمانانی ١٣٢٥ | ١٧ی سپتامبری ١٩٤٦ | ١٩ شوال ١٣٦٥ |
| ٨٨ | پێنجشەمموو | ٢٨ی خەرمانانی ١٣٢٥ | ١٩ی سپتامبری | ٢١ شوال ١٣٦٥ |

-ژمارە ٧٨ کە دانەیەکی کۆپیکراوی خاوێن نییە، هەر مێژووی هەتاوی دەرچوونی پێوەیە. مێژووی کۆچیو زاینی سەر ڕاستەهێڵی لاپەڕە ٤ی دیار نییە، کە ئەکاتە ١٨ی ئووت "حوزەیران"ی ١٩٤٦و ٢٠ی ڕەمەزانی ١٣٦٥ی کۆچی.

-مێژووەکانی کۆچی بە بەراورد لەگەڵ هی زایندا ئەم هەڵانەیان تێدایە:

(ژ٢٣) (١ ربیع الپانی ١٣٦٥)، (ژ٢٤) ( ٧ ربیع الپانی ١٣٦٥)، (ژ٦٥) (٥ شعبان)، (ژ٦٧) (١٤ شعبان)، (ژ٧٢) (١ رمچان)، (ژ٧٩) (٢٢ رمچان)، (ژ٨٥) (١٥ شوال)، (ژ٨٧) (٢٠ شوال)، (ژ٨٨) (٢٢ شوال)، (ژ٩٢) (٧ ژی القعدە)- دەرچووە.

ئەو (٨٢) ژمارەیەی بەردەست، (١ ژمارەی دوای ١ ڕۆژ)، (٤٢) ژمارەی دوای ٢ ڕۆژ، ١٩ ژمارەی دوای ٣ ڕۆژ، ٦ ژمارەی دوای ٤ ڕۆژ، ٦ ژمارەی دوای ٥ ڕۆژ، ٣ ژمارەی دوای ٧ ڕۆژ دەرچوون؛ نەزانراوە ژمارەکانی (٦٤، ٧٩، ٨٥، ٨٧، ٩٢) دوای چەند ڕۆژ دەرچوون. واتە ٢٣ی دوای ٢ ڕۆژ دەرچووە.

بە وردکردنەوەیەکی تر؛ مانگی یەکەم (لە ١٠ی ژانویە بەدواوە) ٨ ژمارە، مانگی دووەم ١٢ ژمارە، سێیەم ٩، چوارەم ١٢، پێنجەم ١٠، شەشەم ١١، حەوتەم ٩، هەشتەم (تا ٢٢ی ئاب) ٦ ژمارە؛ ١٤ حەفتەیان ٣ ژمارە ١١یان ٢ ژمارە، ٤ حەفتەیشیان ١ ژمارەی لێ دەرچووە.

پشت بەستوو بە ڕۆژانی حەفتەیش؛ (١٧) ژمارەیان شەمموو، (٨)یان یەکشەمموو، (٣١)یان دووشەمموو، (١٠)یان سێشەمموو، (٢٠)یان چوارشەمموو، (٦)یان پێنجشەمموو، یەکیشیان جومعە دەرچووە.

دیارە ویستراوە حەفتانە سآ ژمارەی لە (شەمموو، دووشەمموو، چوارشەمموو)دا دەربچآ؛لەبەر هەر هۆو کێشەیەک بووبآ، بە تەواوی بەجآنەهێنراوە؛ تەنیا چوار جار لەو ماوەیەدا ئاماژە بەهۆی دواکەوتنی ڕۆژنامەکە دراوە:

١- ((لەبەر تەعگیلاتی جێژنی عموومی ڕۆژی ١٣٢٤/١١/٣وەدەرنەکەوت)): ژ ٧، ل١.

٢- ((لەبەر سپیکاری دیوی چاپخانە ڕۆژی شەمموو و دووشەمموو چاپ نەکرا)): ژ٢٤، ل١.

٣- ((لەبەر وچانی جێژنی نەورۆز ڕۆژی چوارشەمموو ١٣٢٤/١٢/٢٩و ڕۆژی شەمموو ١٣٢٥/١/٣ چاپ نەکرا)): ژ٢٧، ل٤.

٤- ((لەبەر مانیعێکی فەننی ڕۆژی ٢ بڵاونەبووەوە)): ژ٦٢، ل٤.

دیارە هۆیەکی تریش پرکاری چاپخانەی کوردستان بووە، کە جگە لەم ڕۆژنامەیە، گۆڤارەکانی "کوردستان"و "گروگاڵی منداڵانی کورد"و بڵاوکراوەی ترو فۆرمو پسووڵەو ئەوراقی پێویستی وەزارەتو دائیرەکانی حکوومەتو خەڵکیشی پآ لەچاپ دراوە، کە دەستگر بوونو ڕۆژنامەکەیان دواخستووە.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٨٨ | پێنجشەمموو | ٢٨ی خەرمانانی ١٣٢٥ | ١٩ی سێپتامبری ١٩٤٦ | ٢١ شوال ١٣٦٥ |
| ٩٢ | پێنجشەمموو | ١١ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ | ٣ی ئۆکتۆبری ١٩٤٦ | ٦ ژی القعده ١٣٦٥ |

هەر ئەو پرکارییەیش بووە کە ئیدارەی چاپخانەی وا لێکردووە لە (ژ٦٦، ل٣)دا (ئاگاداری)یەک بڵاوبکاتەوە بۆ دامەزراندنی چوار کارگەری تر لە چاپخانە بەپێی چەند مەرجێک.

ژمارە (٢٤) نەبێ، کە لەوانەیە لەبەر ئەوەی دوای حەفتەیەک دەرچووە، لاپەڕەکانی زیاد کراوەو (٨) لاپەڕەیە، ئەوانی تر تێکڕا (٤) لاپەڕەن. هەڵە لە ژمارەی سەر هێندێ لاپەڕەدا کراوە: (ژ٣، ل٤) بە هەڵە بە ژ٢، (ژ١٤، ل٢) بە هەڵە بە ژ١٣، (ژ٢٥، ل٣) بە ژ٢٤، (ژ٦٤، ل٢،٣) بە ژ٦٣، (ژ٧٩، ل٣) بە ژ٩٧ نووسراوە.

زانیاریی جیاواز سەبارەت بە دوا ژمارەی "کوردستان" هەیە: ئەو ژمارەیە بە١١٢ یا ١١٣ یا ١١٤ یان ١٦٠ دانراوە . ئەم کۆمەڵەی بەردەست دوا ژمارەی (٩٢)ە، ١١ی ڕەزبەری ١٣٢٥ی هەتاوی (٣ی ئۆکتۆبری ١٩٤٦) دەرچووە. زانراویشە کە خۆسازدانی ئەرتەشی ئێران بۆ پەلاماردانی ئازەربایجانو کوردستان لە ١٤ی سەرماوەزی ١٣٢٥ (١٩٤٦/١٢/٥)دا تەواو بووە؛ پەلامارەکانی لە ١٨ی سەرماوەز (١٢/٩)دا دەستیان پێکرد، ٢٢ی سەرماوەز (١٢/١٣) تەوریز، ٢٦ی سەرماوەز (١٢/١٧)یش مەهابادی گرتووتەوە .

بە ڕەچاوکردنی لەلایەکەوە وادەکانی پێشووی دەرچوونی ڕۆژنامەکە، لەلایەکی ترەوە ئاڵۆزبوونو شێوانی بارودۆخەکە، بەتایبەت دوای دەستپێکردنی هێرشی ئەرتەشو ئەمجا گرتنی تەوریز، پێئەچێ ڕۆژنامەکە لەدواین مانگو- وردتر بڵێین- دواین ١٠ ڕۆژ یا حەفتەدا وەستابێ؛ دوا ژمارە کەموزۆر خۆی لە ١١٣ دابێ. ئەم خاڵە، تا دۆزینەوەو پەیداکردنی ژمارە ونەکان، هەروا لە مەزندەدا ئەمێنێتەوە.

١. ١. ٥. بڵاوبوونەوە:

"کوردستان"، هەر ناوچەیەک تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی تێدا بووبێ، کە بە هێندێ (ئاگاداری)دا دیارە ئەم ڕۆژنامەیەیان بۆ نێردراوە، لە سەرتاسەری قەڵەمڕەوی حکوومەتی میللیی کوردستانو ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجان (ئازەربایجانی ڕۆژاوا)دا، وەک نەغەدە، شنۆ، ماکۆ، خۆی، سۆما، دوای وردکردنەوەی هەرسێ مێژووەکە، لەکاتێکدا لە ژمارە (٢٣) بەدواوە هی کۆچیی خراوەتە سەر، دەرکەوت مێژووی هەتاوی بەگشتی بە بنچینە دانراوەو ئەو دووەی تر پێبەپێی ئەو دانراون؛ئەم هەڵانەی لای خوارەوەیش لە دوو مێژووەکەی تردا کراون:

-ژمارە (٣٦) کە دوو ڕۆژ دوای شەممە دەرچووە. ئەبێ چوارشەمموو بەسەرەوە بێ نەک دووشەمموو.

-ژمارە ٤٩ کە دوای حەفتەیەکو لە شەمموو ٤ی جۆزەرداندا دەرچووە، زاینیەکەی (٢٥ی مە)و کۆچییەکەی (٢٣ جمادی الپانی)یە؛ لەگەڵ ژمارەی دوای خۆیشیدا ڕێک دێتەوە کە پاش دوو ڕۆژ دەرچووە.

-ژمارەکانی (٥٢- ٦٢) کە بەرودوا لە (٢، ٤، ٦، ٩، ١١، ١٣، ١٦، ١٨، ٢٠، ٢٣، ٢٦)ی ژوین (حوزەیران)دا دەرچوون، بەپێی ساڵە هەتاویەکە بەرامبەر بە (١، ٣، ٥، ٨، ١٠، ١٢، ١٥، ١٧، ١٩، ٢٢، ٣٦) ئەوەستنەوە.

-ژمارەی (٦٥) ناگونجێ لە سێشەممووا دەرچووبێ، چونکە جیاوازییەکی بەرچاو ئەخاتە وادەی دەرچوونی ژمارەکانی دوای خۆی، کە زەحمەتە ڕاست بکرێتەوە، بۆیە ئەبێ ڕۆژەکەی جومعەو بەرامبەری (٥ی ژوئیە)یش بێ.

-ژمارە (٦٧) کە هەر مێژووی هەتاویی بەسەرەوەیە، ئەکاتە ڕێکەوتی ١٤ی ژوئیە (تەمووز).

-ژمارە (٧٩) کە دوای پێنج ڕۆژ لە پێنجشەممووا دەرچووە، ئەبێ سێشەمووی بەسەرەوە بێ نەک شەمموو.

-ژمارەکانی (٧٩): ڕێکەوتی ٢٠ی ئووت، نەک ٢٢؛ (٨٥) ١٢ی سێپتامبر، نەک ٥؛ (٨٧) ١٦ی سێپتامبر، نەک (١٧)؛ (٨٨) ١٨ی سێپتامبر، نەک ١٩؛ (٩٢) ٢ی ئوکتوبر نەک ٣، دەرچوون.

-ژمارەکانی (٧٩، ٨٥، ٨٧، ٨٨، ٩٢)، لەبری (٢٢ی ئووت، ٥و ١٧و ١٩ی سێپتامبر، ٣ی ئۆکتۆبر)دا بەرودوا لە (٢٠ی ئووت، ١٢و ١٦و ١٨ی سێپتامبر، ٢ی ئۆکتۆبر) دەرچوون.

-ژمارە ٧٨ کە دانەیەکی کۆپیکراوی خاوێن نییە، هەر مێژووی هەتاویی دەرچوونی پێوەیە. مێژووی کۆچیو زاینی سەر ڕاستەهێڵی لاپەڕە ٤ی دیار نییە، کە ئەکاتە ١٨ی ئووت "حوزەیران"ی ١٩٤٦و ٢٠ی ڕەمەزانی ١٣٦٥ی کۆچی.

-مێژووەکانی کۆچی بە بەراورد لەگەڵ هی زایندا ئەم هەڵانەیان تێدایە:

(ژ٢٣) (١ ربیع الپانی ١٣٦٥)، (ژ٢٤) ( ٧ ربیع الپانی ١٣٦٥)، (ژ٦٥) (٥ شعبان)، (ژ٦٧) (١٤ شعبان)، (ژ٧٢) (١ رمچان)، (ژ٧٩) (٢٢ رمچان)، (ژ٨٥) (١٥ شوال)، (ژ٨٧) (٢٠ شوال)، (ژ٨٨) (٢٢ شوال)، (ژ٩٢) (٧ ژی القعده)- دەرچووە.

ئەو (٨٢) ژمارەیەی بەردەست، (١ ژمارەی دوای ١ ڕۆژ)، (٤٢) ژمارەی دوای ٢ ڕۆژ، ١٩ ژمارەی دوای ٣ ڕۆژ، ٦ ژمارەی دوای ٤ ڕۆژ، ٦ ژمارەی دوای ٥ ڕۆژ، ٣ ژمارەی دوای ٧ ڕۆژ دەرچوون؛ نەزانراوە ژمارەکانی (٦٤، ٧٩، ٨٥، ٨٧، ٩٢) دوای چەند ڕۆژ دەرچوون. واتە ٢٣ی دوای ٢ ڕۆژ دەرچووە.

بە وردکردنەوەیەکی تر: مانگی یەکەم (لە ١٠ی ژانویە بەدواوە) ٨ ژمارە، مانگی دووەم ١٢ ژمارە، سێیەم ٩، چوارەم ١٢، پێنجەم ١٠، شەشەم ١١، حەوتەم ٩، هەشتەم (تا ٢٢ی ئاب) ٦ ژمارە؛ ١٤ حەفتەیان ٣ ژمارە ١١یان ٢ ژمارە، ٤ حەفتەیشیان ١ ژمارەی لێ دەرچووە.

پشت بەستوو بە ڕۆژانی حەفتەیش؛ (١٧) ژمارەیان شەمموو، (٨)یان یەکشەمموو، (٢١)یان دووشەمموو، (١٠)یان سێشەمموو، (٢٠)یان چوارشەمموو، (٦)یان پێنجشەمموو، یەکیشیان جومعە دەرچووە.

دیارە ویستراوە حەفتانە سێ ژمارەی لە (شەمموو، دووشەمموو، چوارشەمموو)دا دەربچێ؛لەبەر هەر هۆی کێشەیەک بووبێ، بە تەواوی بەجێنەهێنراوە؛ تەنیا چوار جار لەو ماوەیەدا ئاماژە بەهۆی دواکەوتنی ڕۆژنامەکە دراوە:

١- ((لەبەر تەعگیلاتی جێژنی عموومی ڕۆژی ١٣٢٤/١١/٣وەدەرنەکەوت)): ژ ٧، ل١.

٢- ((لەبەر سپیکاریی دیوی چاپخانە ڕۆژی شەمموو و دووشەمموو چاپ نەکرا)): ژ٢٤، ل١.

٣- ((لەبەر وچانی جێژنی نەوروز ڕۆژی چوارشەمموو ١٣٢٤/١٢/٢٩و ڕۆژی شەمموو ١٣٢٥/١/٣ چاپ نەکرا)): ژ٢٧، ل٤.

٤- ((لەبەر مانیعێکی فەننی ڕۆژی ٢ بڵاونەبووەوە)): ژ٦٢، ل٤.

دیارە هۆیەکی تریش پرکاریی چاپخانەی کوردستان بووە، کە جگە لەم ڕۆژنامەیە، گۆڤارەکانی "کوردستان"و "گڕوگاڵی منداڵانی کورد"و بڵاوکراوەی ترو فۆرمو پسووڵەو ئەوراقی پێویستی وەزارەتو دائیرەکانی حکوومەتو خەڵکیشی پێ لەچاپ دراوە، کە دەستگر بوونو ڕۆژنامەکەیان دواخستووە.

هەر ئەو پرکارییەیش بووە کە ئیدارەی چاپخانەی وا لێکردووە لە (ژ٦٦، ل٣)دا (ئاگاداری)یەک بڵاوبکاتەوە بۆ دامەزراندنی چوار کارگەری تر لە چاپخانە بەپێی چەند مەرجێک.

ژمارە (٢٤) نەبێ، کە لەوانەیە لەبەر ئەوەی دوای حەفتەیەک دەرچووە، لاپەڕەکانی زیاد کراوەو (٨) لاپەڕەیە، ئەوانی تر تێکڕا (٤) لاپەڕەن. هەڵە لە ژمارەی سەر هێندێ لاپەڕەدا کراوە: (ژ٣، ل٤) بە هەڵە بە ژ٢، (ژ١٤، ل٢) بە هەڵە بە ژ١٣، (ژ٢٥، ل٣) بە ژ٢٤، (ژ٦٤، ل٢،٣) بە ژ٦٣، (ژ٧٩، ل٣) بە ژ٩٧ نووسراوە.

زانیاریی جیاواز سەبارەت بە دوا ژمارەی "کوردستان" هەیە: ئەو ژمارەیە بە١١٢ یا ١١٣ یا ١١٤ یان ١٦٠ دانراوە . ئەم کۆمەڵەی بەردەست دوا ژمارەی (٩٢)ە، ١١ی ڕەزبەری ١٣٢٥ی هەتاوی (٣ی ئۆکتۆبری ١٩٤٦) دەرچووە. زانراویشە کە خۆسازدانی ئەرتەشی ئێران بۆ پەلاماردانی ئازەربایجانو کوردستان لە ١٤ی سەرماوەزی ١٣٢٥ (١٩٤٦/١٢/٥)دا تەواو بووە؛ پەلامارەکانی لە ١٨ی سەرماوەز (١٢/٩)دا دەستیان پێکرد، ٢٢ی سەرماوەز (١٢/١٣) تەوریز، ٢٦ی سەرماوەز (١٢/١٧)یش مەهابادی گرتووتەوە .

ماویەتی بۆ ژمارەی داهاتوو

# دوا هەناسەی حەمەڕەش

لە 10/ 3 / 1991 مەفرەزەکەی (حەمەڕەش ) *و عوسمانی حاجی مەحمود ،لەشاری کفری یەوە بۆ ئازادکردنی دوز خورماتوو بەرێکەوتن ،پێش ئەوەی ئەوان بگەنە دوز ، مەفرەزەیەک لە رەتڵێ پارتیزانەکانی گەرمیان بەسەرپەرشتی (حەمە ئاغەوەمەجید دووزی )لە ناوشاری دوز خورماتوو بوون، بەهاوکاری جەماوەی خاوەن هەڵوێستی دوز خورماتوو ،ئەو شارە یان ئازاد کردبوو.

هەر ئەو رۆژە سوپای عێراق ومجاهیدین ،چەند هێرشێکی کردە سەر ئەوشارە و شکێنران ،بۆ رۆژی دووەم سوپای عێراق ومجاهیدین ، لە چەند قۆڵێکەوە پەلاماری شاری دووزیان دا

لەوکاتەدا حەمەڕەش ومەفرەزەکەی لە سەرشەقامە سەرەکییەکەی کەرکوک - بەغداد بوون ، لەو شەقامەوە ، شەقامێکی تری لێ دەبێتەوە بۆ تکریت ، پارتیزانەکان لەوێ دا رووبەرووی زنجیرە هێرشێکی سوپای عێراق و موجاهید ەکان بوونەوە و تێکیان شکاندن داواتر ناقیلەیەک بەرەو روویان هات ، حەمە رەش تێکی شکاند ، لەوکاتەدا کەتیبەی تۆپخانە ی عێراق ،ئەو شەقامەی بەرەتڵی تۆپ بێژا ،تۆپێک لە نزیک حەمەڕەش تەقییەوە ، پارچەکانی سەری و سنگی و سەراپا جەستەی پێکا '.جەستەی لە خوین دا سوور کرد.

تۆپ بارانەکە بەردەوام بوو،عوسمانی حاجی مەحمود ، بەخێرایی (نەوشیروان حاجی ئەحمەد و سوڵتان )وچەند پارتیزانێکی دەست نیشان کرد ، بۆ ئەوەی بەخێرایی حەمەڕەش بۆ چارەسەر بگەیننە کفری ،

ئەوان بە جادە قیرەکەدا کەوتنە رێ ، نەیانزانی هێزێکی بێ شوماری سوپای عێراق و مجاهیدین لە سێ رێیانی (سلێمان بەگ -بەغداد - کفری ) بۆسەیان داناوە ، کە لێیان نزیک بوونەوە ، بۆسەکە بە دەستڕێژ ئەوانی داگرتەوە، ئەمجا زانیان ئەو رێگایەیان لێ گیراوە.

بۆ ئەوەی لەو بۆسەکە دەربازبن ، نەوشیروان و سوڵتان وهاوڕێ پارتیزانەکانی بە لانگرۆزەکەیانەوە لایان دایە سەر رێگایەکی خۆڵ بۆ ئەوەی لەوێوە بگەنە بناری زنجیرە شاخی (غەرەوە ).

باڵی تاریکای بەسەر ناوچەکەدا کشا ، لە نیوەی رێگا لە بەرامبەر سێ رێیانی سلێمان بەگ ،لە دەشتایەکەدا ، جارێکیتر کەوتنە ناو کەمینی تری موجاهیدەکانەوە ، بە ناچاری لانگرۆزەکەیان بەجێ هێڵا.

حەمەڕەش -یان بەشان وکۆڵ دەرکرد ،لە بۆسەکەی مجاهیدین ، دووریان خستەوە.

سە عات 10 30-ی شەو ، سوڵتان و پارتیزانێکی تر بەپێ رۆیشتن بۆ کفری ، بۆئەوەی ئۆتۆمبیلێک لەوێ بهێنن، حەمەڕەش ی پێ بگوێزنەوە بۆ کفری.

نەوشیروان و دووپارتیزانی تر بە دیار حەمەڕەش -ەوە مانەوە.

لەسەعات 1-ی شەو حەمەڕەش بە دەم ئازارێکی بێ سنوورەوە بۆ یەکجاری گیانی سپارد ، سوڵتان بە درێژایی ئەو شەوە ، هەر بە رێگاوە بوو ، ئەو شەوە نەیتوانی بگاتە کفری ،ئۆتۆمبیلێک بە فریای حەمەڕەش بگەیەنێت ،بەیانییەکەی نەوشیروان وهاوڕێکانی،تەرمی شەهید حەمەڕەش-یان بەکۆڵ نزیک بە شاخی (غەرە) کرد وەە ،تە رمەکەیان لەوێدا شاردەوە ،بۆ ئەوەی دەست هێزەکانی دوژمن نەکەوێت ،تا دوای نیوەڕۆی ئەو رۆژە لە نزیک تەرمەکە ی حەمەڕەش مانەوە ،هیچ کەس بەهانایانەوە نەهات.

نەوشیروان ودووپارتیزانەکەی تر ، بە ناچاری ، بەپێ بەرەو شاری کفری بەرێکەوتن ، لە نێوان دەربەندی تاوڵە و قۆری چای ، دوو ئۆتۆمبیلیان بەدی کرد،کە لێیان نزیک بوونەوە ، ئەمجا زانیان سوڵتان ونازمی وەستا شەریف وچەند پارتیزانێکی تر بوون ،

ئەوان بە پەرۆشەوە ،بە خێرایی پرسیاری باری تەندروستی حەمەڕەش -یان کرد:

نەوشیروان بە خەمێکی قوڵەوە وتی :

-حەمەڕەش شەهید بوو ، تەرمەکەیمان لە جێگایەک دا شاردوەتەوە.

هەموویان پێکەوە رۆویان ئەوشوێنە ی تەرمەکەی لێ شارابوەوە.

سەعات 9شەو تەرمی حەمەڕەش-یان گواستەوە بۆشاری کفری ،هەرئەوشەوە نەوشیروان ئەحمەد حەسەن و سوڵتان بە خیرایی گەڕانەوە بۆ لای عوسمانی حاجی مەحمود و پارتیزانەکان لە شاری کفری ،سەعات 12 نیوەڕۆ گەیشتنە ناوشاری دووز.

پارتیزانەکان لە شەڕێکی سەخت دابوون ، لە گەڵ سوپای عێراق و مجاهیدین ، نەوشیروان و سوڵتان ، لە رێگەی دووزخورماتوو - کەرکوک ، رێکەوتی عوسمانی حاجی مەحمود-یان کرد ،یەکسەر پرسیاری باری تەندروستی حەمەڕەش-ی کرد:





دوراجى - دوز/ 1989/5
شەهید حمە ئاغا- شەهید هەڵکەوت- جمال شێخ حمیدی
《رەتڵی پارتی زانەکانی گەرمیان》

نەوشیروان چیرۆکی ئەو تراژیدیا تاڵەی بۆ عوسمانی حاجی مەحمود گێڕایەوە ،زۆری پێ ناخۆش بوو، ئێوارەکەی سوپای عێراق ومجاهیدین تێك شکان، پارتیزانەکان هەر لەناو شاری دوزمانەوە بەرگریان دەکرد ،دوای چەند رۆژێک لەشەڕی بەردەوام و بەرگری لەوشارە ، پارتیزانەکان لە دوایەمین ساتی رۆژی کشانەوەدابوون،سوڵتان -ی پارتیزان پێکراو دواهەناسەی سپارد.

عەبدوڵڵا کەریم مەحمود

سەرچاوە:

عەبدوڵڵا کەریم مەحمود ، رەشە بای ژەهرو ئەنفاڵ ، بەرگی دووەم ، ل 418.

*شێخ محەمەد شیخ کەریم عیسا کەسنەزانی ، ناسراو بە (حەمەڕەش ) لە 1957 لە گوندی هۆمەرامان ی قەرەداخ لەدایک بووە ، خوێندنی سەرەتایی لە ناحیەی سەنگاو بووە ، لە 1974 رووی کردووەتە شاخ و بووە بە پێشمەرگە، دوای هەرەس بووە بە پۆلیس ، لە 1977بووە بە کۆمەڵە ، لە 1978رووی کردوەتە سنووری هەرێمی یەک بووە بە پێشمەرگە ، پێشمەرگە یەکی هێمن و زیرەک وبە جەربەزەو لێهاتوو بوو ، لە بەرتوانا ی لە بن نەهاتووی خۆی ، لە 1980بووە بە فەرماندەی مەفرەزەو چەند پلەیەکی فەرماندیی بە دەست هێناوە ، لە 1987 بووە بە فەرماندەی تیپی 53 ی شێروانە ، بەشداری دەیان چالاکی و داستانی کردووەو رۆڵی دیاری بینیووە ، چەند جارێک بریندارکراوە ، بەشداری شەڕی بەرگری ئەنفالی یەک و سێ ی کردوە ، لە ئەنفالی سێ ی گەرمیان کاروانێکی گەورەی ژن و پیاو منداڵ و پێشمەرگەی لە تۆڕی ئەنفال چییەکان دەرباز کردووە.

دوای ئەنفال لە گەڵ هاوڕێ پارتیزانەکانی گەرمیان لە گەرمیان ماونەتەوە ، سەرپەرشتی دەستە پارتیزانەکانی گەرمیانی کردووە، جیهازێکی راکاڵی لە چیای ئاشداخ لابوو ، پەیوەندی بە رێکخراوی شارەکان ونەوشیروان مستەفاوە هەبوو ، رۆڵی حەمە رەش و هاوڕێ پارتیزانەکانی لە پێشمەرگایەتی و پارتیزانی دا ، داستانێکی سەرەو دری و ئەفسانەیەکی شکۆی مەزنە ، لە مێژووی جەنگی پارتیزانی کوردستان و دنیادا ، عەبدوڵڵا کەریم مەحمود ،گۆڤاری سەنگاو .



# بەسەرکردنەوەی هوبەرمەندان پێپێشمەرگەیەکی شێوەکار

ئامادەکردنی
بەختیار سەعید

زۆر کەس هەیە لەژیانیدا بتوانێت شانازییەکانی تەمەنی چەند جۆرو چەندجار بێت، ئەوانەی دەبنە ئەو خاوەندارییە ئەوە کەسانێکن کە ژمارەیان دیاریکراوەو تەنها هاوشێوەکانی شێوەکار (رەمزی قوتبەدین)ن کە ئەو ئەو خاوەندارێتییەیان هەیە، ئەم هونەرمەندە دەسترەنگینە جگە لەوەی لەدوای خوێندنی گرافیک لەگەڵ هاورێکانیدا بوونە نەوەی یەکەمی هونەری گرافیک لە باشوری کوردستان، لەهەمانکاتدا لەناوچە رزگارکراوەکانی هێزی پێشمەرگە دەبێتە مامۆستای هونەرو دواتریش هونەرمەندێکی پێشمەرگەی خاوەن ئەزموون دەسترەنگینی ناو دەزگای راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەشێکی زۆری بڵاوکراوەکانیان بە نیگارەکانی ئەم هونەرمەندە رازێنراوەتەوە، دواتریش یەکێك دەبێت لەو شێوەکارەکانی کە تابلۆکانی دەکرێتە پۆستکارت و تایبەت بە تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە لەسەر ئاستی جیهان بڵاودەبێتەوە، دواتریش لەساڵی 1990 بە مەبەستی کردنەوەی پیشانگەیەك لە پاریس -ی پایەتەختی فەرەنساو تایبەت بەو تاوانە پیشانگەیەك دەکەنەوە ئیتر لەو دەمەوە پاریس دەبێتە سەنتەری کارە هونەرییەکانی و هەر لەوێ درێژە بەژیان دەدات و خێزان پێکەوە دەنێت.

رەمزیی قوتبەدین ساڵی 1955 لەخانەقین لەدایکبووە، ساڵی 1975 ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدا، بەشی گرافیکی تەواو کردووە، لەنێوان ساڵانی 1982-1990 بۆتە پێشمەرگە و لەساڵی 1990وە چۆتە پاریس، رەمزی قوتبەین ئێستا ئەو شێوەکارە کوردەیە کە لەسەر ئاستێکی فراوانی هونەری فەرەنسی ناسراوەو لەزۆرێك لە مۆزەخانەو گەلەرییە دیارەکانی ئەو وڵاتە پیشانگەی تایبەت و هاوبەشی کردۆتەوەو دواجاریش لە ساڵی 2017 گەڕایەوە شاری سلێمانی و پیشانگەیەکی تایبەتی کردەوە.




























1984
نرخی ٥٠٠ فلسە














کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی
مەڵبەندی گشتی / سلێمانی

پێشانگای تایبەتی هونەرمەند رەمزی قطب‌الدین
پێشکەش دەکات
لە هۆڵی قوتابخانەی دوا ناوەندی کوردستانی کچان
کاتی ٥و٣ ی دوای نیوەرۆی رۆژانی ٢٧ - ٩٧٨/١١/٢٩

کورتەیەك دەربارەی ژیانی هونەرمەند

١٩٥٥ لە شاری خانەقین لە دایك بووە
قوتابی پۆلی پێنجەمی پەیمانگای هونەرە جوانەکان/گرافیك
١٩٧٧ پێشانگای تایبەتی خۆی کردۆتەوە لەخانەقین
١٩٧٧ بەهاوبەشی لەگەڵ هونەرمەند ( مظفر احمد ) پێشانگایەکی هونەری
لەبەغداد پێشکەش کردووە
١٩٧٨ هاوبەشی پێشانگای پۆستەری کوردی هاوچەرخی کردووە لەهۆڵی
کۆمەڵە رۆشنبیری کوردی لە بەغداد
١٩٧٨ هاوبەشی پێشانگای هەرێمی لاوانی کەربەلای کردووە .





# نوری سەعید و پەرلەمان

ڕۆژێک نوری سعید سەردانی پەرلەمانی عیراقی کرد بۆ گوێ گرتن لەگفتوگۆ و قسەو رونکردنەوەکانی پەرلەمانتاران گرت ...دوای گفتوگۆ و قسەکان فەرمانی کرد کە پەڕەیەکی سپی بەسەر پەرلەمانتاران دابەش بکرێت بۆ ئەوەی هەریەکەیان پێشنیاری خۆی بنوسێ چۆن بەغدای پایتەخت گەشە پێبدرێ و بەرەو پێش ببرێت....دوان لەئەندامانی پەرلەمانتاران دەستیان بەرز کردەوە بەدیاری کراوی نوێنەری سەماوە بوون، گوتیان جەنابی پاشا ئێمە خوێندەواریمان نییە ... نوری سەعید گوتی چی لەپەرلەمانتاری نەخوێندەوار بکەم کەواتە بچنەوە ماڵی خۆتان چاکتر نییە !بۆیە چونەدەرەوە هەردوو ئەندام پەرلەمان بەرِق و کینەو تورەیی و سەیرکردنی یەکتر بەرامبەر نوری سەعید... هەردوو پەرلەمانتار دوای تاوتوێ کردنی بابەتەکە لەنێوان خۆیان گوتیان گەر بلێین نوری سەعید دەری کردوین بۆ خۆمان خۆش نییە ... کە گەیشتنەوە سەماوە و لەدیواخانەکەیان خەلک سەردانی کردن بۆ بەخێر هاتنەوە ... پرسیان : ئەبو جاسب هەوالی بەغدا چییە؟ وەللا خەبەری بەغدا جگە لەوەی نوری سەعید دەیەوێ مەرقەدی ئیمام کازم بروخێنرێ هیچی تر نییە...

بەڕاستتە بەخوا هەمومان خۆمان بەکوشت دەدەین ناهێڵین شتی وا روبدات... لە ئەبو سەرحانیشیان پرسی بەخوا بەڕاستمانە دەیەوێ ئیمام کازم بروخێنێ و ئێمە رازی نەبوین بۆیە هاتینە دەرەوەو گەڕاینەو تا ئەو بابەتە بەجەماوەری سەماوە ڕابگەیەنین ... خەلکی سەماوە بەخۆپێشاندان و هۆساتی خۆیان و هۆنراوەو قسە دژی حوکمەت و نوری سەعید وهەمو خەلکی سەماوە ڕژانە سەرشەقام ...یەکێکی خەلکی ناسریەش بەسەردان گەیشتبوە سەماوە دوای پرسیار لەبابەتەکە چونەبنج ونبەوانی گەڕایەوە بۆ ناسریەو هەواڵەکەی بەناو خەلک دا بڵاو کردەوە لەوێش جەماوەر ڕژانە سەرشەقامەکان وبەسرەو عمارەشی گرتەوە وریگەکان گیران ودوکان وبازار داخراو کارەکان پەکیان خرا...

کاتێک نوری سەعید بەهەواڵەکانی ئەو پارێزگایانەی زانی و نائارامی ئەو شارانەی تەنیوەتەوە لەهۆکارەکەی گەیشت کەئەو ئەندام پەرلەمانانە هۆکارەکەین کە دو نەخوێندەوارەکەن ...

بۆیە نوری سەعید هاتە سەر تەلەفزیۆنی فەرمی عیراق و دوای قسەکردنێکی کورت گوتی داوای بوردن لە خەلکی دەکەم بەڵام ئەبو سەرحان و ئەبو جاسب بەهەڵە لەبابەتەکە گەیشتون ئێمە دەمانەوێ پەرە بە ئیمام کازم بدەین و فراوانی بکەین و تێک نادرێ و منارەی زیاتری بۆ دەکەین سوپاس بۆ ئەو پەرلەمانتارانەی کەپارێزگاری لە بیروباوەڕی ئاینی خۆیان کرد وئەوەش گیانێکی نەتەوەییە و پێویستە مەدالیای نیشتیمانپەروەریان پێ ببەخشین...هەردوو پەرلەمانتار ئەبو جاسب و ئەبو سەرحان گەڕانەوە ناو پەرلەمان ونوری سەعید بەقسەی خۆش و ئاشتی کردنەوە ...پاشا جارێکی تر ئەوشتە دوبارە دەکەیەوە؟

نا بەخوا دیارە ئەو عەبایە عەبای شەیتانە پۆشیوتانە بەڵام بەسەلامەتی لێی دەرچوم ...

پەرلەمانی خۆشمان و ئەو عەبا شەیتانیان پۆشیوە لەچارەسەر نەکردن و پەردەپۆش کردنی زۆر بابەتی گرنگ لەوانە بابەتی شەفافی داهاتی نەوتی وگرفتی تەندروستی ودەرمان کوالیتی و کوالیتی بابەتی خۆراک و گرنگی نەدان بەبابەتی موچەو دابەشکردنی و چارەسەر نەکردنی گرفتی موچەو پاشەکەوت کردن و لێبڕینی موچە وگەندەلی ودزیکردن و سزانەدانی گەندەلکاران و هەر بۆ چەواشەکردنی خەلک لەسەر تیڤیەکان گوایە چاکسازی دەکەن کەچی تادێت خراپتر بووە کەواتە کێ ئەو عەبا شەیتانیەی بەسەر شانی پەرلەمان و ئەم حکومەتەدا داوە.

وەرگێڕان وئامادە کردنی

عوسمان عومەر

یادنامەYADNAME

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژویی و ئەدەبییەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردییەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز)لە هۆڵەندا بەهاوکاری بەختیار شارەزووری و ڕەئوف ئالانی سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com

Viber& WhatsApp: +31615852703